ئامادەکردنی بۆ سەر ئینتێرنێت:

ناوەندی

کوردeکا

www.shasanam.blogfa.com
www.kurdika.blogfa.com

PDF4Kurd

# تەپڵی ئاور

کۆمەڵە چیرۆکی بیانی

وەرگێڕ: ئەمین گەردیگلانی
www.gerdiglani.blogfa.com

تەپڵی ئاور
کۆمەڵە چیرۆکی بیانی
وەرگێڕ: ئەمین گەردیگلانی
پیتچن: ـ بۆکان
(٦٢٢١٤٣٠-٦٢٢٩٢١- ٦٢٤٢٧٩٤)
چاپی یەکەم: ٢٠٠٥
رووبەرگ:

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە:

«ئەوین»ەکەم کە وەک هەناسەم هەمیشە لەگەڵمدایە

**پێرست:**

رووونکردنەوەیەک ........................................ ٥
پیرەپیاوێکی کەلەلا بە دوو باڵی مەزنەوە............ ٩
کەسێک ئەم گوڵە سوورانەی دەشێواند.................. ١٩
تۆڵە بە تۆڵە .................................................. ٢٨
شێوەیەک ژیان ............................................... ٣٨
تەپڵی ئاگر .................................................... ٤٧
پەرژین........................................................ ٦٠
پڕۆژەی کارەبا کێشان بۆ ئاوایی ......................... ٧٨
پیرەپیاوی بەر باران......................................... ٨٠
ماکاریۆ ........................................................ ٨٣
رزگاربوون لە بەندیخانە .................................... ٩١
نامەیەک لەنێو بۆشکەی چیمەنتۆدا .................... ١٠٠
جووجەڵە بۆ سێ کەسان.................................. ١٠٧
پیاوێک لە نێو دارەسێودا................................. ١١٤
رۆخ ........................................................ ١٢٣
هەموو شتێک و هیچ شتێک .............................. ١٣١
بۆرخێس و من............................................... ١٣٤

# ڕوونکردنەوەیەک

ئیمڕۆ پێداویستیی ناسین و خوێندنەوەی ئـەدەبی بیـانی، یـان بـە زاراوە پەسندترەکەی، ئەدەبی جیهانی لەگەڵ پەرەسەندنی کەرەسەکانی پێوەندی و باوبوونی تێکەڵاوی کولتووری و کەوتنـە سـەر زاری دەسـتەواژەی گونـدی جیهانی و گفتگۆی شارستانییەتەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زێتـر دەبێتـە ئەسڵـێکی حاشاهەڵنەگر و نیازێکی دەستاو بەجێی ئەدەبیاتی گەلان.

داهێنـانی ئـەدەبی خۆماڵـی، جیـا لـە خەسڵـەتی پێوەنـدیی نێـوان دەقـی ئەدەبیات، بە بێشارەزا بوون لە ئەدەبی بیانی ئەگـەر کـارێکی نـامومکینیش نەبێت لانی کەم هەوڵێکی نەزۆک و ناسەرکەوتوو دەبێت و کەڵکی داهێنـانی لەم دەسـتە کـە لـە پاشـەکەوت و دەسـکەوتی ئـەدەبی جیهـانی بـێبـەش و بێبەری بێت کەم مەودا و کورت خایەنە. لەبۆیە ئەدەبی کوردی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا و بە تایبـەتی پـاش ڕاپـەڕینی مـەزنی کوردسـتانی باشـوور، پشووی هاتەوە سەرخۆ و ڕێگای بۆ خـۆش بـوو کـار بکـات و سـڵ نـەکات، دەشێ ئاگای لەم پێداویسـتییە گرینگـە بێـت و بـۆ بـەجێهێنـانی ئـەم ئەرکـە ئەستەمە و پڕ کردنـەوەی ئـەم بۆشـاییە بـەرچاوە لـە سـەر دەسـتی بزاڤـی وەرگێـڕان و خوێندنـەوە و ناسـین و پیداچوونـەوەی شـوێنەواری ئـەدەبی جیهانی ئەو خەونـەی کـە هـەر ئـەدەبێکی خـەمخۆری مـرۆڤ بـە گشـتی و خەڵـکانی کۆمەڵـگای خـۆی بەتایبـەت دەیبینـێ وەدی بێنـێ: خـەونی یەکگرتنەوەی مرۆڤانی گۆی زەوی لە سەر دەستی ئـازادی و بەرامبـەری و

خۆشەویستی و مرۆڤایەتی، ئەو خەونەی کە نالی سەدوپەنجا ساڵ لەمەوبەر بۆ مرۆڤی دەڤەری خۆی و سەرلەبەری جیهان دەیگێڕێتەوە:

بەعزە ئینسانێ هەیە خەم قووتییە

من خەمی خۆم و خەمی عالەم دەخۆم

گەرچی ئەم بزاڤە وەرگێڕانەی کە هەنووکە لە کوردستاندا هەیە لە ئاست و ئەندازەی دڵخوازدا نییە و مۆتەکەی زۆری و بۆری و شەوەی نابەرپرسایەتی و جندۆکەی نەزانی و نەزۆکی خۆیان لێ مات داوین و دەورەیان داوین و بۆسەیان بۆ ناوینەتەوە و ددانمان لێ چیڕ دەکەنەوە کە مەیدانی وەرگێڕانی کوردیمان لێ داگیر بکەن، بەڵام دیسان هەندێ قەڵەمی دڵسۆز و دەسپاک و مێشکپڕ و چاوکراوە لە ناوەندی مەیدانەکەدا ماون و دنەی نەوەی نوێ دەدەن کە ماندوویی نەناس بن و کاری پتر بکەن و هەوڵی ئازایانە بدەن و کۆڵ نەدەن و گۆڕەپانی خۆ تاقیکردنەوە چۆڵ نەکەن.

وەرگێڕان ئیمڕۆ لە حوکمی کاری دیپلۆماسی ئەدەبیاتی کوردی دایە و گەر لە ئەرکی بەدیهێنانی ئەم پێوەندییە کولتوورییەدا سەرنەکەوین نە جیهان لە خەون و خولیای ئەدەبیی خۆمان دەگەیەنین، نە خۆمان لە ئاوات و ئارەزووی ئەدەبیی گەلانی دنیا تێدەگەین. جەوهەری ئەدەب و سروشتی داهێنانی ئەدەبی بە چەشنێکە کە دەشێ دەستاودەست وڵاتانی جیهان بگەڕێ تا هەر دەڤەرێک و دەسکەوتی خۆی لێهەڵێنجێ. با شەرمی وەڵامی ئەم پرسیارە نەمانکوژێ کە ئێمە، گەلی کورد و ڕۆشنبیرانی کورد، تا چەندە لەم جەوهەرەی ئەدەب گەیشتووین و بەم چاوەوە لە ئەدەب دەڕوانین. من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە تا ئەو ڕۆژەی کولتووری کوردی چاوی بە دەقی شانۆیی و شێعرەکانی شکسپێر بە زمانی کوردی هەڵنەیات دەبێ هەمیشە گومانیش لەوە بکات کە نالی و خانی و مەولەوی و گۆران و شێرکۆ شی باش خوێندۆتەوە و باشیان لێ تێگەیشتووە. خوێندنەوەی نالی و شکسپێر

پێکەوە بە زمانی کوردی ئەو ساتە پیرۆزەیە کە من بە ئومێدی ئەو چرکەساتە دڵ بە ژیانی ئەدەبیم خۆش دەکەم و هەوڵی وەدەسهێنانی دەدەم.

◆◆◆

کۆمەڵە چیرۆکی «تەپڵی ئاور» کە بە قەڵەمی وەرگێڕی کارامە و کوردیزان کاک «ئەمین گەردیگلانی» وەرگێڕدراوە، هەوڵێکە لە پێناوی ئەو باسوخواسانەی هێنامانە ئاراوە و هیوادارم کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پێ پڕ بێتەوە.

عەبدولخالق یەعقووبی ـ بۆکان
پووشپەڕی ١٣٨٤ ـ جولای ٢٠٠٥

**گابریل گارسیا مارکێز**

ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی «ئاراکاتاکا»، شارۆچکەیەکی باکووری «کۆلۆمبیا» لە دایک بووە، هەتا تەمەنی هەشت ساڵی هەر لەو گوندە لای نەنکی ژیاوە. ساڵی ١٩٣٥ گەڕاوەتەوە لای دایک وباوکی لە شاری (بارانیکا) و لە قوتابخانەی «سیمۆن بولیڤار» پۆلەکانی سەرەتایی تەواو کردووە و چۆتە قوتابخانەی ناوەندیی (سان خوزە) کە قوتابخانەی یەسووعییەکان بووە.

ساڵی ١٩٤١ یەکەم بەرهەمی لە ڕۆژنامەی «خۆڤینتو»دا بڵاو کردەوە کە تایبەت بوو بە قوتابیانی ناوەندی.

ئەو تا ئێستا دەیان ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو کردۆتەوە کە گرینگترینیان ئەمانەن: «سەد ساڵ تەنیایی»، «ژێنراڵ لە سەرگەردانیدا»، «ئەشقی ساڵەکانی وەبا»، «ئەشق و شەیتانەکاتی تر»، «پایزی پاتریاک» و «هەواڵی ڕفاندنێک»ە.

بۆ ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی خەڵاتی فەڕەنسی باشترین کتێبی بیانی وەردەگرێ. هەروەها سەد ساڵ تەنیایی ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی نوبێل دەباتەوە.

هەتا ئەو دواییانە گابریل گارسیا مارکێز لەگەڵ مارسیدێسی خێزانی و هەردووو کوڕەکەی و بووک و کوڕەزا پێنج ساڵانەکەیدا لە شاری نیومەکسیکۆ دەژیان.

بەڵام بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی و نەخۆشی شێرپەنجە و هەست کردن بە نزیک بوونەوەی مەرگ گەڕایەوە بۆ «گۆتا» شارەکەی خۆی. شایانی باسە کە ئەو ماوەیەک لەمەوبەر ناونیشانی مەزنترین پیاوی کۆلۆمبیا و پیاوی ساڵی ١٩٩٩ی ئەمریکای لاتینی بە ڕەسمی پێدرا.

# پیرە پیاوێکی کەلەلا بە دوو باڵی مەزنەوە

گابریل گارسیا مارکێز

سێ ڕۆژ بوو باران دەباری. هێندەی قرژاڵ لە نێوماڵەکەدا کوشتبوو، کە پلایۆ ناچار بوو لە حەوشەی لێوڕێژ لە ئاو تێپەڕێت و قرژاڵەکان بکاتە نێو دەریاکەوە. چونکە منداڵە ساواکەیان ئەو شەوە هەتا ڕۆژ تاویاوێک دایگرتبوو و پێیان وابوو بە هۆی بۆگەنی ئەو قرژاڵانەوەیە. لە ڕۆژی سێ شەممەوە خەم دنیای داگرتبوو. دەریا وئاسمان ببوونە ڕەنگێکی خۆڵەمێشین. زیخ و لمی ڕۆخەکە لە شەوانی مانگی مارسدا وەک پزیسک دەدرەوشانەوە و شێوەی ماجوومێکی لە قوڕ و شەیتانۆکەی ڕزیوی بە خۆوە گرتبوو. نیوەڕۆ هەوا هێندە لێڵ بوو، کە پلایۆ دوای ڕشتنی قرژاڵەکان کە ویستی بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ، تاپۆیەکی دی لە پشت حەوشەی ماڵەکەیان دەجووڵاوە. پلایۆ ناچار بوو زۆر بچێتەپێشەوە. کە ورد بۆوە دیتی پیرەپیاوێکی کەلەلا دەمەوڕوو لەنێو قوڕ و لیتەدا ڕاکشاوە و چونکە باڵەکانی زۆر گەورەن، هەر چەندە هەوڵ دەدا ناتوانی هەستێ.

پلایۆ کە بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر ترسابوو، بە هەڵاتن چوو بۆ لای ژنەکەی، کە خاولییەکی تەڕی نابوو بە نێوچاوانی منداڵەکەیەوە. پلایۆ

ژنەکەی برد بۆ پشت حەوشەکە و هەردووکیان بەسەرسوورماوی تەماشای پیاوەپیرەیان دەکرد. پیرەپیاوەکە جل و بەرگێکی چەرچییانەی لەبەردابوو. سەرە بێتووکەکەی چەن چڵەمووی سپی پێوە دیار بوو. تەنیا دوو سێ ددانی لە دەمدا مابوو. وەک تەرمێکی شلەپەتەی خووساوی لێهاتبوو کە ئەو تین و تاوەی ڕەنگە بووبێتی لە دەستی دابوو. ئەو باڵە گەورانەی کە لە باڵی سیسارکەکەچەڵە دەچوون، پیس ببوون و نیوەی پەڕ و پۆکەی وەریبوو بە قوڕ و لیتەی عەرزەکەوە نووسابوو. پلایۆ و ئیلیزندا لە نزیکەوە هێندێکیان سەیر کرد. دوای ماوەیەک کە سەرسووڕمانەکەیان تەواو بوو، بۆیان ڕوون بۆوە کە ئاشنایە. ئەمجارە وێرایان قسەی لەگەڵ بکەن. ئەویش بە دەنگی مەلەوانێکی بەهێز و بە زاراوەیەکی نامۆ وەڵامی دانەوە. هەر ئەوە بووە هۆی چاوپۆشی کردن لە باڵە ناجۆرەکانی. زۆر ژیرانە بەو ئاکامە گەیشتن کە تۆفان پاپۆڕێکی غەوارەی نوقم کردووە و شەپۆل ئەوی بەرەو ڕۆخەکە هێناوە. چوون ژنێکی دنیادیدەی جیرانیان بانگ کرد. ئەویش هەر کە چاوی پێی کەوت، پێی سەلماندن کە بە هەڵە چوون.

ژنەکە پێی گوتن: ئەوە فریشتەیە. ڕەنگە بۆ منداڵ هاتبێتە ئێرە، بەڵام داماوە هێندە پیرە، باران بە عەرزیدا داوە.

ڕۆژی دوایی، دەنگی داوە کە ماڵی پلایۆ فریشتەیەکی ڕاستەقینەیان خستۆتە بەندەوە. ژن و مێردەکە بە پێچەوانەی قسەی ژنە سەرسپییەکەی جیرانیان کە پێی وابوو ئەو فریشتانە لە دوای پیلانێکی ئاسمانی بەجێ ماون و پەنایان بۆ زەوی هێناوە، نەیانوێرا بە تێلا هێندەی لێدەن بیکوژن. پلایۆ دوانیوەڕۆ پەیاغی بە دەستەوە گرت و تا ئێوارە لەنێو چێشتخانەکەوە چاوی لە سەرهەڵنەگرت. پاشان بەر لە خەوتن لە نێو قوڕەکەی دەرکێشا و خستییە کولانەی تێلبەندی مریشکەکانەوە و دەرگای لەسەر داخست. کە باران خۆشی کردەوە، هێشتا پلایۆ و ئیلیزندا خەریکی قرژاڵ کوشتن بوون. زۆری

پیٚنەچوو منداڵـەکەیان چـەقوچۆکـەی نیشـتبۆوە و بـە برسـییەتی لـە خـەو هەستا.

ئەو کاتە بوو کە گەورەیی خۆیان نیشـان دا و بـڕیاریان دا کـە فریشـتەکە سواری لۆتکەیەک بکەن و بەشی سێ ڕۆژی ئاوی شیرین و خواردەمەنی بۆ بپێچنەوە و بەرەو چارەنووسی خۆی، بە ئاوی دەریاکەیدا دەن. بـەڵام کاتـێ لەگەڵ یەکەم گزینگی هەتاو هاتنە حەوشە، خەڵکێکی زۆریـان دی لـە دەوری کولانە تێلبەندەکە کۆبووینەتەوە و سـەریان ناوەتـە سـەر فریشـتەکە و هـەر وەک لەگـەڵ حـەیوانێکی سـیرک بـەرەوڕوو بـووبێتن نـەک گیانلەبـەرێکی نائاسایی، لە بەینی تێلەکانەوە خواردەمەنییان بۆ فڕێ دەدا.

باوە گۆنساگا کە بە بیستنی ئەو هەواڵە هەستی بە مەترسی کردبوو، بـەر لـە سـەعات حـەوت هـات. ئـەو تەماشـاچییانەی لەوکاتـەدا هـاتبوون، وەک تەماشاچییەکانی بەیانی گەمژە نەبوون و سەبارەت بە داهـاتووی بەندییەکـە بیروڕای سەیریان دەردەبڕی.

هێندێکیان کە ساویلکەتر بوون پێیان وابوو، دەبێ بکرێتە شارەداری دنیـا. هێندێکیشیان کە پێداگرتر بوون دەیـان گـوت دەبـێ پلـە و پایـەی تـا ڕادەی ژێنراڵـێکی پێـنج ئەسـتێرە ببەنەسـەرێ؛ تـاکوو لـە هـەموو شـەڕەکان‌دا سەرکەوێ. هێندێ کەسی خەیاڵپێسیش هیوادار بوون کە بتوانێ تـای خـۆی پەیدا بکا و لەسەر زەوی تیرەیەکی ژیری باڵدار بێنە دنیا و کاروباری ئاسمان بگرنەدەست.

بەڵام باوە گۆنساگا بەرلەوەی ببێتە قەشە، داربڕێکی بەهێز بوو. ئەو کە لە پاڵ دیوارە تێلینەکەدا ڕاوەستا بوو، لە ساتێکا بە کتێبە فێرکارییەکەی خـۆی‌دا هاتـەوە و داوای لـێکـردن درگاکـەی بـۆ بکەنـەوە تـا بچێتـەژوورەوە و لـە نیزیکەوە ئەو پیاوە داماوە ببینێ. پیاوە پیرە لەنێو تێخوڵـە میـوە و خـۆراکی ناشتایی‌دا ڕاکشابوو کە تەماشاچییان بۆیان حەوادابوو، لـە سـووچێکا لەبـەر

خۆرەتاوەکە باڵی فش کردبۆوە کە وشک بێتەوە. کاتێ باوە گۆنساگا چووە کولانەکەوە بە زمانی لاتینی سڵاوی لێکرد، پیاوەکە بێئەدەبی ئەو خەڵکەی بە لاوە نامۆ بوو، چاوە مێژووییەکانی هەڵێنا و بە زاراوەی خۆی ورتەیەکی لێوەهات. قەشەکە کە دیتی ئەو نە لەگەڵ زمانی خودا ئاشنایە و نە دەزانێ چۆن سڵاو لە خزمەتکارانی ئەو بکا، تووشی دڕدۆنگی بوو، کە نەکا لەگەڵ بوونەوەرێکی تەڵەکەباز بەرەوڕوو بووبێ، پاشان کە لە نزیکەوە بە جوانی تێیڕوانی، بۆی ڕوون بۆوە کە زۆر لە مرۆڤ دەچێ، چونکە بۆدڕنێکی لێدەهات وەک هی قەرەچییەکان وابوو. پشت باڵەکانی هەمووی وردەگەنە و شینکەی پێوە نووسابوو.

شاباڵەکانیشی بە هۆی بای عەرزییەوە ئاڵۆزکابوون و هیچ نیشانەیەکی لە قورساغی فریشتەکان پێوە دیار نەبوو. هەر بۆیە لە کولانەکە هاتەدەرێ و بە مۆعیزەیەکی کورت وریایی پێدان کە ساویلکە نەبن. وەبیریشی هێنانەوە کە یەکێ لە خووخدە دزێوەکانی شەیتان ئەوەیە کە خۆ بە شێوە و شکڵی سەیر و سەمەرە دەگۆڕێ تاکوو بنیادەمی سایلۆح و سادەدڵ هەڵخڵەتێنێ. ئەوەشی بە بەڵگە هێناوە کە هەر بەو جۆرەی باڵ نیشانەی جیاوازی نێوان هەڵۆ و تەیارە نییە، لە ناسینی فریشتەکانیش‌دا باڵ ناتوانێ دەرورێکی گرنگی ببێ. بەڵام بەڵێنی دا کە نامەیەک بۆ ئوسقوفی خۆی بنووسێ تا ئوسقوفیش نامەیەک بۆ سەرئوسقوف بنوسێ، سەرئوسقوفیش نامەیەک بۆ پاپ بنووسێ تاکوو ڕای یەکجاری دادگاکانی باڵا لەو بارەوە وەرگرن.

تێگەیشتوویی قەشە دڵە بێبڕواکانی داگیر کرد. دوو سێ سەعاتی پێنەچوو کە هەواڵی فریشتەی دیل لە هەموو لایەک بڵاوبۆوە وحەوشەی ماڵەکە وەک بازاڕێکی پڕ لە ژاوەژاو و جەنجاڵی لێهات. پلایۆ و ئیلیزندا ناچار بوون سەرباز بانگ کەن تاکوو بە زەبری نووکی سەرنێزان بڵاوە بەو خەڵکە بکەن کە خەریک بوو ماڵەکە بەسەر یەکدا بڕووخێنن. ئیلیزندا هێندەی

زبڵ و زاڵی حەوشەکە گەسک دابوو پشتی هەڵنەدەهاتەوە، هەر بۆیە هاتنەسەر ئەوەی کە دەوراندەوری حەوشەکە دیوار کەن و هەر کەس ویستی فریشتەکە ببینێ پێنج سنتا و پووڵی لێبستێنن.

زۆر کەس لە ڕێگەی دوورەوە هاتبوون. کارناڤاڵێکی گەڕۆک هاتبوو، تەنافبازە فڕندەکەیان چەن جار بەسەر خەڵکەکەدا بە هاژەهاژ هەر هات و چوو. بەڵام کەس سەرنجی پێنەدا. چونکە باڵی ئەو وەک باڵی فریشتەکە نەدەچوو و زیاتر لە باڵی شەمشەکوێرەیەکی نەخس دەچوو. هەرچی نوقستان و داماوی سەرزەوی هەیە بۆ دەرمان ڕوویان لەوێ کردبوو.

پیرێژنێک کە لە منداڵییەوە ترپەی دڵی خۆی بژاردبوو و ئیتر ژمارەی لێتەواو ببوو؛ پیاوێکی خەڵکی پرتەقاڵ کە دەنگ و گرمەی ئەستێرەکانی پێ ناخۆش بوو و خەوی لێنەدەکەوت؛ پیاوێک کە بە دەم خەوەوە شەوانە هەڵدەستا و ئەو کارانەی لە ڕۆژدا کردبووی هەمووی تێک دەداوە و زۆر کەسی تر کە نەخۆشییەکانیان گران نەبوو. لەنێو ئەو هەرا و ژاوەژاوەدا کە عەرز و ئاسمانی وەلەرزە خستبوو، پلایۆ و ئیلیزندا بەو هەموو شەکەتییەوە دڵیان خۆش بوو، چونکە لە ماوەی حەوتەیەکدا هەموو دیوەکانیان پڕ کردبوو لە پووڵ و دیسان ڕیزی زیارەتکەران کە چاوەڕوان بوون نۆرەیان بگاتێ سەر و بنی دیار نەبوو. تەنیا فریشتەکە بوو کە لە کاری خۆیدا هیچ دەورێکی نەبوو، گێژ و وێژ لەبەر گەرمای ناخۆشی چرای نەوتی و ئەو شەمانەی بە دەوری دیوارە تێلینەکەدا ڕیزیان کردبوو، لەنێو کولانە بەسەرداسەپاوەکەیدا جێگای خۆی خۆش کردبوو، کاتی ڕادەبوارد. سەرەتا ویستیان گزمووڵەی نەفتالینی دەرخوارد بدەن، کە بە قسەی ژنە سەرسپییەکەی هاوسێیان خۆراکی فریشتە ئەوەیە. نەیخوارد، هەر بۆیە تۆبەکاران چوون نەهاری تایبەتی پاپیان بۆ هێنا، ئەویشی نەخوارد، هەر

بۆشـیان دەرنەکـەوت نـەخواردنی ئەوانـە لەبـەر پیرییـە یـان هـی ئەوەیـە فریشتەیە.

لە ئاکـامدا لـە شـۆرباوی باینجانەڕەشـە زیـاتر هیچـی نـە خـوارد. تـەنیا خووخدەی بە ڕواڵەت غەیرەسروشتی ئەو سەبووری بوو، بە تایبەت ڕۆژانی هەوەڵ کە مریشکەکان بۆ دۆزینەوەی گەنە و شینکەی پڕشنگدار دنـدووکیان لە بەینی پەڕۆپۆی دەدا. نوقستان پەڕیان لێدەکردەوە و بە ئەندامی زامـاری خۆیان‌دا دێنا. تەنانەت ئەوانەی زۆریش بە ڕوحم و بـەزەیی بـوون بـەردیان تێهەڵدەکرد تاکوو هەستێتە سـەرپێ و بـە ڕاوەسـتاوی بیبیـنن. تـەنیا کاتـێ توانیان هەڵیبستێننە سەر پێ کـە شیشـەی تایبـەتی گوێلـک داغ کردنیـان بـە قەبرغەیەوە نا. چونکە ماوەیەکی زۆر بوو جووڵەی نەکردبوو و پێیان وابـوو مردووە. فریشتەکە لە خەو ڕاچەنی و فرمێسک لە چاوانی‌دا قەتیس ماو بـەو زمانە سێحراوییەی خـۆی جنێـوی دا و دوو سـێ جـار باڵـی لێـکداو تـەپ و تۆزێکی ساز کرد و جیقنە و خۆڵ و خاکی بڵاو کردەوە و گژەبایـەکی هێنـدە سامناکی وەڕێخست کـە تـا ئێسـتا کـەس نەیـدیتبوو و شـتی وا مـەگین لـە کـوورەی مانـگ ببـێ. هەرچەنـدە تاقمـێ پێیـان وابـوو ئـەو کـارەی لەبـەر ڕقهەستان نەکرد، بەڵکوو هی ئەوەیە ئێشی پێگەیشـتووە. دوای ئـەوە ئیتـر ئازاریان نەدەدا. چونکە تـێگەیشـتبوون کـە مـات بـوونی ئـەو مـات بـوونی قارەمانێک نییە کە خەریکی پشوودان بێ، بەڵکوو مات بـوونی سـێڵاوێکە کـە نیشتبێتەوە.

باوە گۆنساگا هەر چاوەڕێی گەیشتنی ڕای ئاخری سەبارەت بە بەندییەکە بوو و هەوڵی دەدا بە بیری منداڵانە، بەر بە گەمژەیی خەڵک بگرێ. بەڵام لـەو نامانەدا کە لە ڕۆمەوە دەگەیشت هیچ پەلەیەک نەدەبیندرا.

ئەوان هەموو کاتی خۆیان بەوە ڕادەبوارد کە فریشتەکە ناوکی هەیە یـان نا؟ زاراوەی ئەو پێوەندی بە زاراوەی ئارامییەوە هەیە یان نا؟ چەن فریشتەی

وەک ئەو لە کونی دەرزییەوە دەچن؟ بڵـێی ئـەوە هـەر نۆروێژییـەکی باڵـدار نەبێ؟ ئەگەر ڕووداوێکی ئاسمانی کۆتایی بە خەمەکانی قەشە نەهێنایـە، ئـەم نامە بێکەڵکانە ڕەنگ بوو تا کۆتایی جیهان درێژەی بکێشایە.

ئەزقەزا لـەو ڕۆژانـەدا لـە نێـو ئـەو هـەموو کارناڤاڵـە سـەرنجڕاکێشـەدا، کەرەسە و ئامرازی شانۆی ژنێکی گەڕۆک هاتەنێو شار کە بە هۆی بێقسەیی کردنی دایک و باوکییەوە ببووە جاڵجاڵووکە. پووڵی سەیر کردنی ئەو ژنە لە هی فریشـتەکە کـەمتر بـوو ئـەوە هـیچ، خەڵـکیش دەیـانتوانی هـەر چەشـنە پرسیارێکی سەبارەت بەو مەسخبوونەی لێبکەن ولە نیزیکەوە چاو لە هەموو ئەندامێکی لەشی بکەن و لەمەڕ ئەو ڕاستەقینە سـامناکەوە شـک و گومانیـان نەمێنێ، جەستەی ژنە جاڵجاڵووکەیەکی ترسناک بوو بە قەد بەرانێک دەبـوو. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک دڵتەزێنتر بـوو، دیمـەنی سـەیر و سـەمەرەی نەبوو، بەڵکوو پـاکی و ڕاسـتییەکی خـەماوی بـوو کـە لـە کـاتی گێڕانـەوەی چۆنێتی چارەڕەشییەکانیدا وەدەردەکەوت. ژنە بە منداڵـی بـە دزییـەوە لـە ماڵێ دەرکـەوتبوو، چووبـوو بـۆ کـۆڕێکی سـەما و هەڵـپەڕکێ و تـا بـەیانی سەمای کردبوو. گوایـە لـە کـاتی گەڕانـەوەدا هـەورە ترشـقەیەکی سـامناک ئاسمانی دووقاش کـردووە و لـە قەڵەشـتەکەوە توپەڵـە گـۆگردێکی ئـاورین دەرپەڕیوە و ئەوی کردۆتە جاڵجاڵووکە.

خۆراکیشی تەنیا گزموولەی نەفتالین بوو کـە مرۆڤـە دەسـتودڵـبازەکان دەیانخستە نێو دەمییەوە. ئەو شێوە شانۆیە پڕ بوو لـە هەسـتی مرۆڤـانە و دەرسی عیبرەتی ترسێنەر. بە بێ هیچ هەوڵێک شانۆی فریشتەی لـە خۆبـایی لە برەو خستبوو کە زۆر کەم وابوو زەحمـەت بـە خـۆی بـدا و چاوێـک لـەو خەڵکە بکات کە تۆوی مەرگن. جگە لەوەش چـەن مۆجزەیـەک کـە دابوویانـە پاڵ فریشتەکە، شێواویی ڕۆحی ئەوی ئاشکرا دەکرد؛ بۆ وێنە کوێرێک هاتبوو چاوی چاک بێتەوە، نەک هەر چاک نەبۆوە، سێ ددانی تازەشـی هـات. یـان

نوقسانێک کە توانایی ڕێگارۆیشتنی وەدەست نەهێنا بـەڵام خـەریک بـوو لـە کــێبــەرکێی بــەخت تــاقیکردنــەوەدا ســەرکەوێ. پیــاوێکی گــولیش، کــە گوڵەبەڕۆژە لە برینەکانییەوە سەری دەرهێنا. ئەم مۆجزە دڵخۆشکەرانە کـە زیاتر وەک گاڵتە و ڕشقن دەچوون، وردە وردە ناوبانگی فریشتەی لـە بـرەو خسـت و ئـەو کاتـە پەیـدابوونی ژنێـک کـە ببـووە جاڵجاڵـووکە لـە ئاکـامدا فریشتەکەی لە بیر خەڵک بردەوە. بەو شێوەیە بێخـەوی بـاوە گۆنسـاگا بـۆ هەمیشە تەواو بوو. حەوشەی ماڵـی پلایـۆش وەک ئـەو سـێ ڕۆژەی بـاران خۆشی نەکردەوە و قرژاڵ ڕژابوونە دیوی خەوەکەیانەوە، چۆڵ و هۆڵ بوو.

خاوەن ماڵ بەڵگەیەکیان بۆ سکاڵا و ئـاه و ناڵـە نـەبوو. بـەو پووڵـەی کـە وەسەریەکیان نابوو، ماڵێکی دوو نهۆمیان دروست کرد پڕ لە گڵۆپی تریفـەیی و باخچە؛ تۆڕی بە تێل تەندراوی دەوری ماڵەکەیان هێندە بەرز بوو زستانان بەرگریی لە قرژاڵ دەکرد.

میلەی ئاسنینی پەنجێرەکانیشی ڕێی بە فریشتەکان نـەدەدا بچنـەژووری. پلایۆ لە قەراغ شار خەریکی پەروەردەکردنی کەروێشک بوو و ئێشکچێتی بۆ هەمیشە وەلانا. ئیلیزندا چەن جـووت کەوشـی چـاک و پاشـنە بـەرز و چـەن کراسی ئاورێشمی کۆلکەزێڕینەیی کڕی کە لەو سـەردەمەدا یەکشـەممانە ژن گەلێک لەبەریان دەکردن کە خەڵک بەغیلیان پێدەبردن. کولانەی مریشکەکان تەنیا شتێک بوو کە هیچ کەس سەرنجی پێنەدەدا.

ئەگـەر جـار ناجـارێکیش کولانەکـەیان خـاوێن دەشـۆردەوە و جیـوەی بۆنخۆشیان تێدا دەسووتاند، لەبەر ڕێز گرتن لە فریشتەکە نەبوو، دەیانویست بۆگەنی ئەو جیقنە و گەند و گووە لە نێو بچێ کە هەموو ماڵەکەی داگرتبـوو. پیرە پیاو وەک ڕۆحێک هەستپێدەکرا و ماڵە تازەکەی وەک ماڵێکی قەدیمی لێکردبوو. سەرەتا کە منداڵەکەیان پێیهەڵگرت نەیاندەهێشـت لـە کولانەکـە نزیک بێتەوە، بەڵام وردە وردە ترسـەکەیان نیشـتەوە و خوویـان پـێگـرت.

منداڵـەکە هێشـتا ددانی دووهــەمی نـەهاتبوو کـە لـە شـوێنێکەوە کـە تێلەکـە پچڕابوو دەچووە کولانەکەوە کایەی لەگەڵ دەکرد. فریشتەکە لە منداڵـەکەش وەگ گەورەکان دەترسا و وەک سەگێگ کە هیچ خەیاڵـێکی لـە مێشـکا نـەبێ سەبوورانە هەموو جۆرە ئازارێکی لە لایەن ئەوەوە تامڵ دەکرد.

هەردووکیان هاوڵە مریشکەیان گرت. ئەو دوکتـورەی کـە هـاتبووە سـەر منداڵەکە، نەیتوانی بـەر بـە وەسواسـی خـۆی بگـرێ و گـوێ لـە دڵـەکوتەی فریشتەکەش نەگرێ، دوکتور هێندەی فیکـە فیـک و قـاڕ و قـووڕ لـە سـنگ و هەناوی‌دا بیست، کە زیندوومانی ئەوی لە لا مـەحاڵ بـوو. بـەڵام ئـەوەی لـە هەموو شتێ زیاتر ئەوی تووشی سەرسووڕمان کردبوو، مەنتقی بوونی باڵی بوو. باڵی هێندە لەگەڵ جەستەی هاوتا و سروشتی بوون کـە دوکتـور لـە دڵ خۆیا گوتی بۆ دەبێ مرۆڤەکانی دیکە باڵیان نەبێ؟

کاتــێ منداڵــەکە چــووە قوتابخانــە ماوەیــەکی زۆر بــوو خــۆر و بــاران کولانەکەی تێک و پەکان دابوو. فریشتەکە وەک مرۆڤێکی سەرگەردانی پێ لە لێوی گۆڕ بە لارەوە لارەوە بەم لاولادا دەڕۆیی. بە لێدان ئەویان لە هۆدەکـە وەدەر دەنـا، بـەڵام دوای ماوەیـەک خـۆی دەکـردەوە بـە چێشـتخانەدا، بـە ڕواڵەت هەنتەشی ئەو لەماڵەکەدا و لە شوێنی جۆراوجۆر دەبیندرا، کە وردە وردە بەو ئاکامە گەیشتن کە بـوونی دوو لایەنـەی پەیـدا کـردووە و هــەموو ماڵەکە لەوانەیە بە زاوزێ پڕ کا.

ئیلیزندا بە ڕق هەستاوی و پەرۆشەوە دەینەڕاند لەنێو ئەم دۆزەخـەدا کـە پڕە لە فریشتە ژیانمـان لـێحـەرام بـووە. فریشـتەکە بـە حاڵـەحاڵ خـۆراکی دەخوارد و چاوە مێژووییەکانی هێندە لێڵ ببـوو کـە خـۆی بـە چوارچێـوەی درگاکەدا دەدا. تەنیا شـتێک کـە بـە جەسـتەیەوە دیـار بـوو دوایـین لاسـقی شاباڵەکانی بوو کە دەنکە دەنکـە وردە تـووکی پێـوە مـابوو. پلایـۆ بـەزەیی پێی‌دا دەهات و دەیهێشت لە عەمبارێدا بخەوێ و مەلافەیـەکی پێدا دەدا ئـەو

کاتە زانییان کە شەوانە تاوویاو دایدەگرێ و بە زمانی گرانی نۆروێژی قەدیم وڕێنە دەکا. ئەمجارە تەواو هەستیان بە مەترسی کرد، چونکە پێیـان وابـوو، دەمرێ و تەنانـەت ژنەسـەر سـپییەکەی جیرانیشـیان نەیـدەزانی فریشـتەی مردوو چی لێبکـەن. بـەڵام فریشـتەکە لـەو سـەرما بـە تەوژمـەی زسـتاندا زیندوو ما و لەگەڵ گەرمای بەهارێ و خوێنجمـان دەرد و عەلـەمی لـێبـڕا. هەموو ڕۆژێ لە سووچێکی ئەو سـەری حەوشـەکە دوور لـە چـاوی خەڵـک جووڵەی لە خۆی دەبڕی و لە سەرەتای مانگی دێسامبردا چەن پەڕی گـەورە و ئەستوور بە وێنەی پەڕی داڵ لە باڵی ڕوا، کە نیشانەی بێهێزی زیاتری ئەو بوو. بەڵام خـۆی لـە ڕاسـتیدا هەسـتی بـە گـۆڕانی ئـەو حاڵاتانـە کردبـوو، هەمیشەش وریا بوو کەس تێینەگا و گوێیان لە گۆرانی ئەو مەلەوانانە نـەبێ کە جار جار لە ژێر ئەستێرەکانەوە دێ.

ڕۆژێک کە ئیلیزندا خەریکی پیواز پاکردن بوو بۆ نێوەڕۆ، بایەک هاتە نێـو چێشخانەکەوە کە لە لای دەریای ئازادەوە دەهـات. چـووە بـەر پەنجێرەکـە لەپڕ چاوی بە فریشتەکە کەوت کە هەوڵـی دەدا هەڵـفڕێ. خۆهەڵداشـتنەکانی هێندە ناشیانە بوو کە نینۆکی لاقی چیمەنەکەی هەڵدەکەند. خەریک بوو بە باڵ لێکدانە بێکەڵکەکەی کە نەیدەتوانی بەرز بێتـەوە و دەکەوتـەوە، عەمبارەکـە بڕووخێنێ. بەڵام هەر چۆنێک بوو هەڵفڕی و بەرز بۆوە. ئیلیزنـدا کـە چـاوی پێی کەوت بەسەر دوایین ماڵەکانەوە باڵی لێدەدا، بەو باڵ لێدانەی کە وەکـوو هی سیسارکەکەچەڵە دەچوو ترسی کەوتنەخوارێی لێنیشتبوو و خۆی بەرەو بەرزی دەکێشا. ئەمجار بۆ ئەویش و بۆ خۆشـی هەناسـەیەکی حەسـانەوەی هەڵێکشا. ئەگەرچی ژنە لە جنینی پیواز تەواو نەببوو چاوی هەر لە فریشتەکە بڕیبوو. هێندەی تەماشا کرد کە لەبەر چاوی ون بوو، چونکە ئیتر نە دەبـووە هۆی ئەرک وئازاری و لە ژیانیدا بـوو بـە خاڵـێکی خەیاڵـی بەسـەر ئاسـۆی دەریاکەوە.

# کەسێک ئەم گوڵە سوورانەی دەشێواند

گابریل گارسیا مارکێز

ئەمڕۆ یەکشەممەیە و باران خۆشی کردۆتەوە، دەڵێم چەپکێ گوڵی سوور هەڵگرم و بیبەم بۆ سەر گۆڕەکەم. گوڵی سپی و سوور، لەو گوڵانە وا ئەو ژنە بۆ ڕازاندنەوەی مێحرابی هۆدەکەی و تاجەگوڵینە پەروەردەی دەکا. ئەمڕۆ سەر لە بەیانی بەم زستانە کرِ و بێدەنگە، خەم داگیرتووم و وەبیرگردی قەبران کەوتوومەوە، ئەو جێیەی خەڵکی شار مردووەکانیان دەبەن و لەوێ بەجێیان دەهێڵن. شوێنێکی ڕووتەن و بێدار و گیایە، گژەبا، قانگەلاشک و بابردەڵە دێنێ و لەوێ دەگیرسێنەوە. ئێستا کە باران خۆشی کردۆتەوە، هەتاوی نیوەڕۆ ڕەنگە ئەو سەراولێژییە خلیسکەی کزر کردبێتەوە و بتوانم خۆم بگەیەنمە ئەو گۆڕەی جەستەی منداڵیمی تێدا ڕاکشاوە و ئێستا پڕووکاوە و لەگەڵ ڕەگی گیا و کرم و مێروو ئاوێتە بووە.

ژنەکە لە بەردەمی فریشتەکاندا چۆکی داداوە. لەوەتا هاموشۆی ئەو هۆدەیە ناکەم، یانی لەو کاتەوە وا جاری هەوەڵ دەستم برد جوانترین و

گەشترین گوڵی سووری سەر مێحرابەکە هەڵگرم و نەمتوانی دڕدۆنگ و نیگەرانە. ڕەنگە ئەمڕۆ بتوانم جێبەجێی کەم، بەڵام چراچکۆڵەکە لەپڕ ترووسکەی هات و ژنە لە حاڵی جەزم هاتەدەرێ، سەری هەڵێنا و ڕووی کردە ئەو قوژبنەی وا کورسیلەکەی منی لێبوو. وا دەزانێ: «کاری ـ با ـ یە». چونکە بەراستی شتێک لە لای مێحرابەکەوە خشەی هات، هۆدەکە لەرییەوە، دەتوت ڕووکاری بیرەوەرییەکانی نێوی، کە ئەم گشتە ساڵە بێجووڵە مابۆوە لەرزیوەتەوە. دوایە زانیم بۆ هەڵگرتنی گوڵ دەبێ چاوەڕوانی دەرفەتێکیتر بم، چونکە هێشتا هەر بە خەبەر بوو، چاوی لە کورسیلەکە بڕیبوو، پێم وایە خشپەی دەستمی لە پەنای سەریەوە بیستووە. ئێستا ناچارم چاوەڕوان بمێنمەوە، بەڵکوو بۆ خەوی نیوەڕۆ بچێتە هۆدەکەی دیکە، ئەو کاتە ڕەنگە بتوانم گوڵەکان هەڵگرم و بەر لەوەی بێتەوە ئەم هۆدەیە و چاوی لە کورسیلەکە ببڕێ، بگەڕێمەوە.

یەکشەممەی پێشوو کارەکەم دژوارتر بوو، دوو سەعات زیاتر چاوەڕوان مامەوە تا حاڵ بیگرێ و جەزم بێ، بەڵام لەوە دەچوو ئۆقرەی نەبێ، سەری بە خوزدا گرتبوو، دەتوت شکی کردووە کە تەنیایی ماڵەکەی شڵەژاوە، دڕدۆنگ ببوو. بەر لەوەی چەپکەگوڵ لەسەر مێحرابەکە دانێ، چەن جار بە نێو هۆدەکەدا گەڕا. دوایە سەری لە هاڵەکەش هەڵێنا و چووە هۆدەکەی تەنیشت. کە گەڕاوە چاکەتەکێکی ڕەشی چکۆڵەی لەبەردا بوو، جووتێکیش گۆرەوەیی پەمەیی لەپێ کردبوو. لەبەر ترووسکەی کزی هاڵەکە دیتم و پێم وابوو، هەر ئەو کچۆڵەیە کە چل ساڵ لەمەوبەر لەو هۆدەیەدا هاتەپەنای تەختەکەم کوتی: «ئێستا کە بەنی ددانیان بە پێلووی چاوتەوە گرێداوە، چاوت توورە و داپچڕاون» نەگۆڕابوو. دەتوت هەر ئەو دوانیوەڕۆیەی مانگی ئووتی ئەو ساڵەیە، ئەو کاتەی ژنان بردیانە ژوورێ و مەیتەکەیان نیشاندا

وتیان: «بگری، ئەو بۆ تۆ وەک برا وابوو». کچە هەر کە ئەوەی بیست، پاڵی بە دیوارەکەوەدا وەک بارانی بەهار فرمێسک بە چاویدا هاتەخوارێ.

ئێستا سێ چوار یەکشەممەیە دەمەوێ خۆم بگەیەنمە گوڵەکان، بەڵام ژنە لەبەر مێحرابەکە متەقی لە خۆی بڕیوە و گوێقولاخ دانیشتووە، بە دڵەڕاوکێیەکی لە ڕادەبەدەرەوە چاوی بەسەر گوڵەکانەوەیە و لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی لەوماڵەدا بووە، وام نەدیوە. یەکشەممەی ڕابردوو کاتێ چووە هۆدەکەی تر چراکە بێنێ، چوومە پێشێ، گوڵەکانم هەڵبژارد و ویستم چەپکیان کەم، هیچ کات تا ئەو ڕادەیە لە ئامانجەکەم نزیک نەببوومەوە، بەڵام کاتێ ویستم بگەڕێمەوە سەر کورسیلەکەم، گوێم لە ترپەی پێی بوو گەیشتە پشت درگاکە، خێرا گوڵەکانم لەجێی خۆی دانایەوە، لەو کاتەدا بە چراوە هاتەژوورێ.

چاکەتە ڕەشە چکۆڵەکە و گۆرەوییە پەمەییەکانی لەبەر کردبوو، ڕەنگی ڕووی گەشابۆوە ورواڵەتی لەو ژنە نەدەچوو کە بیست ساڵی ڕەبەق، لەو باخچەیەدا گوڵی سووری پەروەردە کردووە.

ڕاست ئەو کیژۆڵە بوو کە ئەو ساڵە دوانیوەڕۆی مانگی ئووت بردیانە هۆدەکەی تەنیشت و جلەکانیان لێگۆڕی وئێستا دوای چل ساڵ، پیر و قەڵەو و دەست بە چراوە پێیدەنا نێو هۆدەکەوە.

کەوشەکانم هێشتا تۆپەڵە قوڕی وشکەوە بووی پێوەیە، کە دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پێوەی نووساو چل ساڵە لە پەنا ئەو کوورە کوژاوەیەدا وشک دەبنەوە. ڕۆژێک چووم کەوشەکانم بێنم؛ بەڵام درگاکە گاڵە درابوو و هەموو شت و مەکی ماڵەکەیان ڕاگوێستبوو.

تەنیا ئەو کورسیلەی گۆشەی هۆدەکەیان جێهێشتبوو کە جێگەی شەو و ڕۆژی من بوو. زانیم کەوشەکانیان داناوە وشک ببنەوە، بەڵام کاتێک ماڵیان

گواستۆتەوە، بایەخیان پێنەداوە و لە بیریان چووە، هەر بۆیە چووم بیانهێنم.

ژنە چەن ساڵ دوایی گەڕاوە، هێندە درەنگ، کە بۆنی خۆشی هۆدەکە ئاوێتەی تەپ و تۆز و بۆنی هەناسەی چکۆڵەی زیندەوەرەکان ببوو. لەوماڵەدا تەک و تەنیا بووم. لەو سووچەدا دانیشتبووم و چاوەڕوان بووم. گوێم لە ڕزین و پڕووکانی دەستەکەکان بوو. دەنگی باڵەفڕکەی هەوام دەبیست کە لە هۆدە درگا داخراوەکاندا خەریک بوو کۆنەدەبوو. ژنە لەو کاتەدا هاتەوە، لەنێو چوارچێوەی درگاکەدا وێستابوو، جانتایەکی بە دەستەوە بوو، کڵاوێکی سەوزی لەسەر نابوو، هەر ئەو چاکەتە ڕەشە چکۆڵەشی لەبەر دابوو کە لەو کاتەوە داینەکەندووە.

هێشتا چکۆڵە بوو، قەڵەو نەببوو، بەلەکی وەک ئێستا لەنێو گۆرەوییەکانیدا نەماسی بوو.

کاتێ دەرگای کردەوە تەپ و تۆز و جۆڵاتەنە داپۆشیبووم. لە قوژبنێکی هۆدەکەشدا سیسرکێک کە بیست ساڵ بوو جیکەی دەهات، بێدەنگ بوو، بەڵام لە بن ئەو هەموو داوەجاڵجاڵووکەیەدا و ناشادبوونی سیسرکەکە و تەمەنی کەمی ژنە، لەگەڵ دیتم ناسیمەوە. ئەو کچۆڵەیەم بیرهاتەوە کە دوانیوەڕۆی سەغڵەتی مانگی ئووت لەگەڵم هاتە تەویلە و دەستمان کرد بە دەرهێنانی هێلانە چۆلەکە. هەر بە شێوەی ئەو ڕۆژە، جانتا بە دەست و کڵاوی سەوزی لەسەردا، لە چوارچێوەی دەرکەکەدا وێستابوو، دەتوت دەیەوێ لەپڕدا هاوار بکات و هەر ئەوە بڵێ کاتێ منی پشتەوقەفار لە پەنا پەیژەی نێودڵان شکاودا دی لەسەر ئەو پەین و پاڵە کەوتبووم. کاتێ دەرگای لەسەر ڕەقی پشت کردەوە، لاولاوەی دەرکە جیرەی هات و قورم و تەپوتۆزی بنمیچەکە وردورد وەرینەخوارێ، دەتوت کەسێک بە چەکوش لە گوێسوانەی سەربانەکە دەدا. هێندێ لەنێو دەرکەدا وێستا، دوایی وردە وردە

هاتەنێوەڕاستی هۆدەکە و وەک بیەوێ کەسێک لەخەو هەستێنێ، وتی: «کوڕی چاک! کوڕی چاک! منیش لەسەر کورسیلەکە وشک بووم و جووڵەم لێبڕا.

وەمزانی سەرێک لە هۆدەکە دەدا و دەڕوا، بەڵام نەڕۆیشت هەوای هۆدەکەی تازە کردەوە. سەری جانتاکەی لابرد و بۆنی عەتر و گوڵاوی قەدیمی بڵاوبۆوە. ئەوانیتر شت و مەک و جل و بەرگیان لە جانتاکەیان خستبوو، بردبوویان؛ بەڵام ئەم تەنیا بۆنە خۆشەکانی هۆدەکەی بردبوو. دوای بیست ساڵ هێنابوویەوە، ماڵەکە و مێحرابەکەی وەک هەوەڵ ڕازاندەوە.

بە بوونی ئەو، ئەو شتانەی زەمان لە نێوی بردبوون دەگەڕانەوە جێی خۆیان. لەو کاتەوە لە هۆدەکەی تەنیشتا خواردوویە و و خەوتووە، بەڵام بە ڕۆژدا هەر لەم هۆدەیە دایە و لەگەڵ فریشتەکان وتوویژ دەکا. دوانیوەڕۆیانیش لەسەر ئەو کورسیلە لانکەییەی پەنا دەرگاکە دادەنیشێ و پینە و پەڕۆ دەکا و کاتێ کەسێک دێ بۆ کڕینی چەپکێ گوڵی سوور پوولەکەی وەردەگرێ، لە دەسرەیەکی دەپێچێ و دەینێتە بەرپشتێنەکەی و دەڵێ: «لەو گوڵانەی لای ڕاست هەڵگرن، ئەو گوڵانەی لای چەپ هی فریشتەکانن».

بیست ساڵی ڕەبەقە کاری ئەوەیە، لەسەر ئەو کورسیلە لانکەییە دادەنیشێ و خۆڕادەژێنێ و پینە و پەڕۆ دەکا و چاوی لەو کورسیلەیە بڕیوە. هەر دەڵێی ناشزانێ ئێستا چاوەدێری لە کوڕێک دەکات، کە تەواوی دوانیوەڕۆکانی ساڵانی منالی لەگەڵدا ڕابواردووە. بەڵکوو پێی وایە لەگەڵ نەوەیەکی زەلیلدا دەژی کە لەو کاتەوە دایە گەورەی پێنج ساڵان بووە لەم سووچی هۆدەیەدا دانیشتووە.

ئەگەر ئـەمجارە سـەری داخاتـەوە، ڕەنگـە بتـوانم خـۆم بگەیەنمـە گوڵـە سوورەکان. ئەگەر بتوانم چەپکێ گوڵ هەڵگرم، بـە هـەڵاتن دەچـم لـە گـردی قەبران لەسەر گۆڕەکەمی دادەنێم و خێرا دەگەڕێمەوە، لەسەر کورسـیلەکەم دادەنیشم و چاوەڕوانی ڕۆژێک دەبم کـە نەیەتـەوە نێـو هۆدەکـە و هـەموو هۆدەکانی ئەم ماڵە کڕوکپ ببنەوە.

لەم ڕۆژەدا هەموو ئەم شتانە دەگۆڕێن، چونکە ناچار دەبم دیسان لە ماڵ بێمەدەرێ و بە کەسێک بڵێم کە ئەو ژنە گوڵفرۆشەی لەو ماڵە کاولەدا دەژیا، پێویستی بە چوارپیاوە کە بیبەنە گردی قەبران و ئەو کاتە من بـۆ هەتاهەتایـە لەو ماڵەدا بە تەنیا دەمێنمەوە و ئەویش شاد دەبێ. چونکە لـەو ڕۆژەدا بـۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی یەکشەممانە لـە مێحرابەکـەدا گوڵـە سـوورەکانی دەشێواند، ـبا ـ نەبووە.

## فێرناندۆ سۆرنتینۆ

من «فێرناندۆ سۆرنتینۆ» بە شـێوەی یەکـەم کەسـی تـاک دەنووسـم، بـۆ ئـەوەی بەرپرسـی قسـەکانم بم. ڕۆژی هەشـتی نـوامبری سالّـی ١٩٤٧ لـە (بوئنووس ئایرێس) لە دایک بووم. بە وتەی خاوەنڕایان لە نێـو چیرۆکـەکانی مندا ئاوێتەیەکی تایبەت لە فـانتێزی و تـەنزی شـاراوە وەبـەرچاو دەکـەوێ. خوێندنەوەم لە نووسین پێ خۆشـترە. لـە ڕاسـتیدا زۆر کـەم دەنووسـم. لـە مەودای ئەم سالاّنەدا ژیاننامەیەکی ئـەوتۆم نییـە پێشکەشـتانی بکـەم . وەک هەموو کەس کەم و زۆر خەلاّتم وەرگرتووە. بە گشتی مرۆڤێکی تا ڕادەیـەک شادم.»

هەموو شتێک لە ئالّۆزی و پەرۆشی‌یەکی سـاکارەوە دەسـت پێـدەکاو لـە کۆتاییدا بە وەزعێکی دژوار و ڕاستەقینەیەکی ڕەق و گـۆڕانێکی زوو بـە زوو دەگا. ئەم ئالّۆزییە ساکارە دەتوانێ بە شکانی کلیلێک لە نێو درگـادا، تـرس و دلّە خورپەیەکی بێ هـۆ، یـان نیشـتنەوەی پەڕەشـووتێک، یـان جانـەوەرێکی بالّدار دەست پێبکا. ئەم شێوە چیرۆکە پێوەندیی بە سەرەتاو کۆتاییەوە هەیە و بووتیقای ئەم شێوە گێڕانەوەیـە نیـازی بـە ڕووداو و زوو بـەیان کـردن و فانتێزی و جۆرێک موتیفی گالّتەجاڕی هەیە. ئەگەرچی ئالّۆزیی (سۆرنتینۆیی) لــە ڕاســتەقینەی دەرەکــی وەرگــیراوە، بــەلاّم ڕووداوەکــان لــە جیهــانی «راســـتەقینەیی چـــیرۆکدا» (Fictional Realities) دەقـــەومێ. جیهـــانی ئالتێرنـاتیڤ و پێچانــەوە کــە ڕەوشــت و پێوەنــدیی دەرەوەیــی دیســانەوە دانامەرزێنی هیچ، بەلّکوو ئاوەژووی دەکاتەوە، بە گالّتەی دەگرێ و لە سـەر داڕشتنی بزاڤی ڕەخنـەیی خـەیالّ هەلّوەسـتە دەکـا. لـە چێرۆکـەکانی ئـەودا زمـانێکی وێژەیـی و ڕۆحێکـی کافکـایی وەبـەرچاو دەکـەوێ. ڕەوانناسـی

کەسەکان ڕۆڵێکیان نییە و تەنیا باس کردن و کەوتنە تەنگانەی مرۆڤەکان دەوری سەرەکی دەگێڕن. گرینگ شۆخییەکە کە خەست بۆتەوە و کارەسات و ئاپۆرێکی دیکە قەوماوە. ژیان و سەربردەی شەڕەکانی جیهانی و بەربڵاویی مێژوو و ژیاری مرۆڤایەتی بەم شێوەیە نەبووە؟! (چیرۆکی جۆرێک ژیان) گێڕانەوەی بەراوەژووی ژیاری بەشەرییە. کارمەندێکی چارە ڕەش لە قاتی دەهەمی باڵە خانەیەکدایە. ئەزموونی (رابینسۆن کرووزۆئە) و لە ڕاستیدا ئەزموونی مرۆڤ لە سەرڕاوە دووپات دەکاتەوە و گەڕیانی مێژوو چەواشە دەبێتەوە. کلیلێک لە نێو قوفڵی درگادا دەشکێ. پیاوێک لە نێوەوە گیردەخوا. پێوەندیی لەگەڵ دەرەوە دەپسێتەوە و هیچ کام لە دەورو بەرییەکان یارمەتیی نادەن و زەواڵ و وێرانییەکی بەرەبەرە ژیانی ڕەش دادەگێڕن. هەمیسان دەڕواتەوە دەرێ و سروشت دەدۆزێتەوە، تەواوی زانیاری و کتێبەکانی دەسووتێنێ. ڕواڵەتی ماددیی ژیار وەلادەنێ و بە شێوەیەک لە هەمبەر سروشتدا فەرهەنگ دەشێوێنێ. یەکێ لەو تایبەتمەندییانەی کەسایەتیی نێو چیرۆکەکانی سۆرنتینۆ هەر ئەو پرسیار نەکردن و خووگرتن و سازانەیە لەگەڵ چۆنیەتی سەیرو سەمەرەیان.

«دایانا گارسیاسیمۆن» دەڵێ: کافکا هەمیسان گەڕاوەتەوە. بەشێکی زۆری نووسراوەکانی سۆرنتینۆ حاڵ و هەوای ناوەرۆکی نووسراوەکانی کافکایان هەیە: لە چیرۆکەکانی ئەویشدا دیکتاتۆری چکۆلەمان وەربەرچاو دەکەوێ کە گیرۆدەی ترس و خۆ بەکەم زانینێکی پووچن لە ناخی خۆیاندا. مرۆڤ گەلێک کە لە جەغزی خوڕافات و سیستمێکی بورۆکراتیکدا گرفتارن. ئەگەرچی ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی سۆرنتینۆ لە کاتی دیکتاتۆری ئارژانتیندا ١٩٨٦-١٩٧٦ کافکایەکی تازەیان پێیە. لانی کەم لە چیرۆکی (ترسی بێ بەڵگە) و (سەرکەوتنی ئەندازیار سیمۆن) و (جۆرێک ژیان)دا ئەو جۆرە توانایییەی تێدادیارە. ئەگەرچی ئەو پێیوایە ڕەنگدانەوەی باوکانی ئەدەبی خۆی واتە

(بیـۆئی کاســارس)، (بـۆرخێس)، (کورتاســار) و (دینـویێ) ڕۆژنامــە نووســی ئارژانتینی بە سەرەوەیە. سۆرنتینۆ تا ئێستا شەش کتێبی نووسیوە کەبریتین لە: (تۆڵەی مردووان)، (مەباڵەکانی سەد ساڵە)، گەڕانەوە بۆ وەحشی کـاری)، (چیرۆکە کانی دۆن خۆرخەسالامە)، (سەربردەی مۆنتی ڕۆسـۆ) دوو کتـێبی وتووێژی هەیە کە داگری حەوت وتوێژە لە گەڵ (خۆرخەلوئیس بـۆرخێس) و دۆستی نزیکی خۆی (ئادۆلفۆبیۆئی کاسارس).

سۆرنتینۆ دەڵێ: «من ئەدەبیاتی نارەزایەتی کۆمەڵگام پـێ خـۆش نییـە و قــەت نــاتوانم کــردەوەی ڕۆژانــەی کرێکــارێکی ســارد خانــەی گۆشــت لــە چیرۆکێکدا بگونجێنم. ئەوانە ماندووم دەکـەن و خوێنـەریش وەڕەز دەکـەن. تەنیا شتێک کە بۆ خۆشم ببێتە هۆی خۆشی و سەرگەرمی، بە لامەوە گرینگە.

## تۆڵە بە تۆڵە

فیرناندۆ سۆرنتینۆ

دەوروبەری سەعات دەی بەیانی ڕۆژی شەممە بوو، کوڕە گەورەکەم کە لە هاروهاجیدا سەرباشقەیە، بە هۆی بیرتەسکی خۆیەوە بە لەتکە تێلێک بنجە گوڵێکی لە سەر درگای باڵەخانەی جیرانەکەمان کێشابۆوە. هەرچەن شتێکی زۆر دزێو و خراپیش نەبوو، تەنیا چەن خەتی خوار و خێچ و چکۆڵە بوون؛ ئەوەندەش چکۆڵە ئەگەر بۆشی بگەڕایەی بە حاڵەحاڵ دەتدۆزییەوە. وا چاکە ددان بەو ڕاستییەشدا بنێم، لە هەوەڵەوە وتم وا چاکە گوێی خۆمی لێبخەوێنم و ئەو ڕووداوە پوشبەسەر بکەم! کامەتان تا ئێستا تووشی تەریق بوونەوە و خۆبەکەمزانینێکی ئاوا هاتوون؟) بەڵام دواتر هاتمە سەر ئەوەی کە باشتر وایە داوای لێبوردن لە جیرانەکەمان بکەم و زیانەکەی بۆ ببژێرم، قسەی خۆمان بێ ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە دەمزانی خەرجی بژرادنەکەی زۆر نییە. خێرا چووم لە درگاکەیانم دا، ناسیاویم لەگەڵیان نەبوو، بەڵام دەمزانی کە تازە هاتوونەتە ئەو باڵەخانەیە. سێ کەس بوون و هەر سێکیان تووکی سەریان بۆر بوو. کە دەستیان کرد بە قسە کردن، بۆم دەرکەوت بیانین. کە

تۆزێ زیاترم لەگەڵ دووان، گوتم یان دەبێ ئاڵمانی بن، یان ئوتریشی یان سویسی. بە دڵ ئاواڵەییەوە دەستیان کرد بە پێکەنین و هەر وەڕووی خۆشیان نەهێنا، بەڵام شتێکی دیکە کە زۆر گرینگە ئەوە بوو، خۆیان وا نیشان‌دا کە تەنانەت ئەو ڕووشاوییەی سەر درگاکە بە زەڕەبینیش نابیندرێ. بە ڕوویەکی خۆشەوە داواکەی منیان ڕەت کردەوە و گوتیان: «کورە ئیدی، کوڕیش ئەو بزۆزییەیان هەیە» دەست و مشتاخێکی گەرم‌وگوڕمان کرد و بە پێکەنینەوە خوداحافیزیمان لێکتر کرد. کاتێ گەڕامەوە ماڵێ، خێزانم کە لە کونی درگاکەوە هەموو شتێکی دیبوو، بە هەڵەپڕووکێوە گوتی: «خەرجەکەی زۆر بوو؟» خاوم کردەوە: «هەر هیچیان لێ‌وەرنەگرتووم» خێزانم لەگەڵ ئەوەی کیفە پووڵەکەی هەڵدەگلۆفی گوتی: «بەختی چاکمان بوو!» هێشتا سەرم بە تەواوی وەرنەگێڕابۆوە، دیتم پاکەتێکی سپی چکۆڵە لە کەلێنی درگاکەوە کەوتە ئەم دیو. هەڵمگرتەوە، کارتێکی بانگ‌هێشتنی تێدابوو. دوو ناو بە پیتی چکۆڵە و ورد پیت‌چنی کرابوون: «ویلهام هووفێر» و «برۆنهێلدە کۆرنفێلد هووفێر». بە دەست و خەتێکی کە بە خودکاری شین نووسرابوو، ناوی «ویلهام گۆستاو هووفێر»ی چکۆلەشی پێ زیاد کرابوو: «وێڕای سڵاوێکی گەرم و دۆستانە لە خزمەت خانم و ئاغای سۆرنتینۆ، ئێمە خۆمان بە خەجاڵەت‌بار دەزانین و داوای لێبوردنتان لێ‌دەکەین، چونکە سۆرنتینۆی چکۆڵە بۆتە هۆی نیگەرانیتان. پێویستە ڕایگەیەنین کە هیچ بزۆزی و هاروهاجییەک ڕووی نەداوە و خوان بەو وێنە جوان و چکۆڵەیە درگاکەمانی زیاتر ڕازاندۆتەوە». بە سەرسوڕمانەوە گوتم: «خودایە ئەوانە چ مرۆڤێکی سەیرن، لە دەست ئەو کارە توورە نەبوون هیچ، داوای لێبوردنیش دەکەن».

بۆ ئەوەی بە شێوەیەک چاکەکەیان قەرەبوو بکەمەوە، کتێبێکی منداڵانەی تازە کە هەڵمگرتبوو بۆ خوان مانوئێل کە بە دیاری بیدەمێ، دامە دەست خوان تاکوو بە دیاری بیبا بۆ ویلهام گوستاو هوفێری چکۆڵە. ئەو ڕۆژە لە

سەر بەختان بووم، خوان مانوئێل بێئەوەی پەلپ و بیانوو بێنێتەوە بە قسەی کردم و لەگەڵ ئەوەی کۆڵێکی سوپاسی بنەماڵەی هووفێر و مناڵەکەیان هێنابۆوە، خۆی کردەوە بە ژووریدا.

دەوروبەری سەعات دوازدەی نیوەڕۆ بوو. شەممانە خووم پێگرتووە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و بەزۆری هەوڵ دەدەم شتێک بخوێنمەوە. دانیشتم کتێبم لێک کردەوە، هێشتا دوو دێڕم نەخوێندبۆوە لە درگایان دا؛ ئەوەش بۆتە کاری هەمیشەییم و من دەبێ بچم درگا هەڵگرم. لەبەر خۆوە پرتەیەکم لێوەهات و چووم درگاکەم کردەوە. لاوێکی سمێڵی بە جلوبەرگی سەربازییەوە لە پشت درگاکە بوو، چەپکە گوڵێکی گەورەی بە دەستەوە، کاغەزێکم ئیمزا کرد، دەست خۆشانەم پێدا و چەسپێکی سەربازییانەی بۆ لێدام. گوڵە باخەکانم بژارد نزیکەی بیست لق بوون. پاشان کارتێکی خۆڵەمێشیم خوێندەوە کە لە گوڵەکان درابوو: «ویلهام هووفێر، برونهیلدە کورنفیلد هووفێر، سڵاوی گەرمی خۆیان پێشکەش دەکەن بە ئاغا و خانمی سۆرنتینۆ و خوان مانوئێل سورنتینۆی چکۆلە. سەبارەت بە پێشکەش کردنی کتێبی جوانی چیرۆکی منداڵان ـ خۆراکی ڕۆح ـ کە ویلهام گوستاوی چکۆڵەتان داوەتە بەر تیشکی شانازی و بە دیاری بۆتان ناردووە، زۆرتان سوپاس دەکەین.»

هەر لەو سەروبەندەدا بوو خێزانم لە بازاڕ هاتەوە، کۆڵێکی شت و مەک کڕیبوو لە ژێریدا کەوتبووە هانکەهانک، گوتی: «چ گوڵێکی جوانن! ئای چەندم گوڵ خۆش دەوێ! چۆنە وا گوڵت کڕیوە؟ تۆ لەو کارانەت نەدەکرد، چییە ها!»

هەر خێرا گوتم: «ئەوە دیارییەکە لە لایەن بنەماڵەی هووفێرەوە بۆمان هاتووە». خێزانم کە خەریکی ڕیزکردنی گوڵەکان بوو لە نێو گوڵدانی دەخستن، گوتی: ئێمە بە هەر شێوەیەکە دەبێ قەرەبووی کەینەوە. دەڵێی چی بۆ خواردنەوەی چایی بانگهێشتیان بکەین؟» من بۆ ڕابواردنی ڕۆژی

شەممانە خەیاڵێکی دیکەم لەسەردا بوو، قسەکەم خواردەوە و گوتم: «ئەمڕۆ عەسر؟»

دەوری سەعات شەشی دوانیوەڕۆ، دەوریی چینی بە بریقە و ڕوومێزییەکی سپی سەرمێزەکەیان پڕکردبوو، کەمێک لەوەوبەر بە دەستووری خێزانم کە بە شوێن هێندێ دابونەریتی ڤیەنییەوە بوو، چووم بۆ ڕستۆرانی شەقامی «کالبیلدۆ» چەن بابۆڵەی عەسرۆژە و نان و شیرینی و وردە شتی ترم کڕی. هەمووی شتەکانیش دەرەجە یەک. هەموویان بە تەنزیلێکی سوور و سپی و ناسک بەسترابوون، بۆ ئەوەی زیاتر ڕازاوە دیار بن و ئیشتیا ببزوێنن. کاتێ بە لای دووکانێکی کەرەسەفرۆشیدا تێدەپەڕیم، جۆرە کردەوەیەکی سواڵکەرانە هانی دام تاکوو نرخی ئەو شتانەی کڕیبووم لەگەڵ نرخی گەورەترین قوتووی ڕەنگ هەڵسەنگێنم؛ هەر ئەوە بوو دڵتەنگی کردم و خەم دایگرتم.

بنەماڵەی هووفێر بە دەستی خاڵی نەهاتبوون. کەیکێکی گەورەیان هێنابوو کە بە خامە و نەخش و نیگاری جوان ڕازابۆوە و بەشی لەشکرێکی دەکرد. خێزانم لەو هەموو دەست و دڵبازییەی ئەوان واقی ورمابوو، منیش هەروا. بەڵام من هێندێ هەستم بە دڵتەنگی دەکرد. بنەماڵەی هووفێر کە چەنەوەری و سوێرقسەییان لپاولپ لە عوزرمایی و زمانلووسی بوو، نەیانتوانی لە دڵی مندا جێ بکەنەوە و سەرنجم بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. خوان مانوئێل و ویلی گچکەش کە هەموو کایەکانیان هەڵاتن و شەڕ و تەقەتەق کردن بوو ولاتیان پێکدا دابوو و بە جارێ وەڕەزیان کردبووم.

سەعات هەشت لە دڵی خۆمدا گوتم بە ڕاستی ئەگەر بڕۆیشتبایەن زۆر کارێکی باشیان دەکرد. بەڵام خێزانم لە چێشتخانەکە بە سرتە پێی گوتم: «ئەوانە زۆریان هەق بە سەرمانەوەیە، ئەو کەیکە گەورەیەت نەدیوە! نابێ بهێڵین بۆ شام بڕۆن».

«ئەی چی بخۆن، خۆ هیچمان نییە، دیسان برسیشمان نییە، ئیدی شام خواردنی چی؟!»

«ئەگەر لە ماڵێدا خۆراکمان نییە خۆ لە بازاڕ هەیە. ئەگەر برسیشمان نەبێ، ناچار نین هەر بخۆین، ئەوەی گرینگە دانیشتن لە دەوری یەکە و خۆشڕابواردن».

ئەگەرچی مانەوە لە بەر خواردن نەبوو، بەڵام تا دەوروبەری سەعات دەی شەوێ وەک گوڵ لەوێ وەرکەوتن و منیش ناچار دیسان چووم بەستەخۆراکم کڕی و هێنامەوە. بنەماڵەی هووفێریش نارەزایەتییان دەربڕی لەبەر ئەو زەحمەتەو وتیان ئێمە لەو کەسانە نین کە بە دەستی خاڵی بچینە میوانی، هەر بۆیە سی بتری شەرابی ئیتالیایی و پێنج بتری کونیاکیان لە جەعبەیەکی کانزا خستبوو و هێنابوویان. سەعات دەوری دووی بەیانی بوو. منیش هێندەم هەڵاتهەڵات کردبوو لە بەینی ماڵێ و بازاڕدا و هەتا بینەقاقاشم پڕ ببوو لە خواردەمەنی، بە جارێ شەکەت و گێژ و وێژ ببووم بە بۆنەی ئەو دۆستایەتییەوە، بۆیە خێرا خەوم لێکەوت. وا دیار بوو دیسان نێوچاوم هێنابووی. سەعات شەشی بەیانی بنەماڵەی هووفێر درگایان کوتا. جلوبەرگی پڵاوخۆرییان لەبەر کردبوو، چاویلکەی دوودییان لەچاو کردبوو. ئێمەش بە سواری ماشێن لەگەڵیان کەوتین بۆ ماڵە ڤیلاکەیان لە شاری «ئەنخینەرۆهاشویتس» هەر کەس بڵێ ئەو شارە نزیکە لە «بۆینس ئایرێس» درۆ دەفەرمێ. لە نێو ماشێنەکەدا وەبیر ڕۆژنامە و خێزانم و کاتی پشوودان کەوتمەوە. ئەگەر چاوم هەڵدێنا دەکزانەوە، دەمقووچاندن خەوم لێدەکەوت. بنەماڵەی هووفێریش لە ماوەی ڕێگادا زۆر زیرەکانە پشوویان دەدا و چەقەچەقیان دەکرد و پێدەکەنین. لە نێو باخچەی ڤیلاکەیاندا کە زۆر ڕازاوە و دڵگیر بوو، وەک شا میوانداریان لێکردین. لەبەر خۆرەتاو وەرکەوتین، لە هەستێڵەکەیاندا مەلەمان کرد، خواردەمەنی زۆر خۆشمان هەڵمەقووت کرد.

من تەنانەت لە بن دارێکی پڕ لە مێروولە سەرخەوێکم شکاند. کاتێ هەستام لەپڕ وەبیرم هاتەوە خۆ ئێمە بە دەستی خاڵی هاتووین. خێزانم بە گوێیدا چپاندم:

«خۆت گێل مەکە، لانی کەم شتێک بۆ کوڕەکەیان بکڕە». بە بیانووی گەڕان لە نێو شار ویلیم لە گەڵ خۆم بردە دەرێ. لە بەر جامخانەی دووکانێکی لەیستۆکفرۆشی لێمپرسی:

«چیت دەوێ بۆت بکڕم؟»

«ئەسپێکم دەوێ»

پێم وابوو ئەسپێکی چکۆڵەی لەیستۆک دەڵێ، بەڵام بەهەڵەدا چووبووم. بە ڕاستە لێواری شەپۆلاوی زەریاکەدا دەستی ویلهامە چکۆلم توند گرتبوو و بەرەو ڤێلاکە گەڕاینەوە. بێئەوەی بتوانم تەنانەت تۆزێک لەو چەرمەسەرییە چارەسەر بکەم. بەم جۆرە یەکشەممە ڕابرد. دوو شەممە کاتێک لەسەر کار گەڕامەوە، چاوم بە ئاغای هووفێر کەوت کە خەریکە خوان مانوئێل فێری ماتۆڕ لێخوڕین دەکا. لێمی پرسی:

«چۆنە؟ ئەو دیارییەت پێ باشە داومە بە کوڕەکەت؟»

«بەڵام ئەو جارێ بۆ ماتۆڕ لێخوڕین نابێ، منداڵە»

«کە وابێ دەیدەم بە تۆ»

وای دانێین قسەیەکی واشی نەکردبێ. بەڵام من لەخۆڕا دڵم بۆ لای ئەو دیارییە نەدەچوو. خوان مانوئێل لەپڕێکدا قاقایەکی توندی کێشا. ئاغای هووفێر بە نیشانەی هاودەردی گوتی: «دۆستی بێچارە، منداڵ وایە ئیدی، زووکە زۆر شتی چاکە بۆم هێناوی دۆستی بەڕێز».

سواری ماتۆڕەکە بووم، ئەگەرچی نەمدەزانی لێیخوڕم، بە دەم دەستم کرد بە ویڕەویڕ، خوان مانوئێل دەستی ڕاست و چەپ گرتبوو یانی ها تفەنگی پێیە، دەیکوت: زووکە لێخوڕە، لێنەخوڕی دەیتەقێنم ها»

ئاغای هووفێر گوتی: «وشیار بە ڕووی مەکە چاوی!»

من دەنگی تورمز لێدانی ماتۆڕم دەرهێنا و خوان مانوئێل لە تەقاندن پەشیمان بۆوە. ئێمە شاد و بەکەیفتر لە پێشوو گەڕاینەوە بۆ نهۆمی سەرێی باڵەخانەکە، خێزانم بە گوێیدا دام کە: «دیاری وەرگرتن خۆشە، مەگین نا! بەڵام تۆ دەبێ بزانی چۆنی قەرەبوو بکەیتەوە، بزانم تۆ چی دەکەی؟»

لە قسەکەی گەیشتم. سێشەممە ماشێنێک و کارابینێکی بیانیم کڕی. ئاغای هووفێر گوتی بۆ زەحمەتت کێشا. ویلی چکوول بە هەوەڵین گوللە چرایەکی سەرشەقامی شکاند.

چوار شەممە سێ دانە دیاری هات. بۆ من ئوتووبووسێکی درێژ تایبەتی سەفەر کردنی نێونەتەوەیی، تەیار بە هەواکێش و حەمامی سۆنا و ڕیستۆران و هۆڵی سەما. بۆ مانوئێل بازووکایەکی دەستکاری ئاسیا، بۆ خێزانیشم چەپکەنێکی سپیی گرانبایی.

خێزانم بە هیوابڕاوی گوتی: «ئەگەرئەم چەپکەنە لە بەر کەم هەر ئابڕووشم دەچێ! ئوتووبووس! کارێکی خراپت کرد هیچت نەدا بە ژنەکەی. هەر بۆیە ئێستا دەڵێی خێر و سەدەقەیان پێکردووم ئیدی!» ناڵەی تەقینەوەیەکی زۆر سامناک زمانی شکاندم. خوان مانوئێل بۆ ئەوەی بازووکاکەی تاقی بکاتەوە، گوللەیەکی بەوماڵەی سووچی شەقامەوە نابوو و بە جارێ خاپووری کردبوو، بەوە چاک بوو ماوەیەکی زۆر بوو چۆڵ بوو.

بەڵام خێزانم هەروا خەریکی پرتە و گلەیی بوو. «ئەوەیە ئیدی. بۆ ئاغای ماڵێ ئەو ئوتووبووسە گەورەی بەسە تاکوو هەر هەستێ و بڕوا بۆ بەرازیل. بۆ ئاغا چکۆلەی ماڵیش تفەنگێکی حیسابی بەسە تاکوو مرۆڤ خۆرەکانی (ماتوگرۆسۆ) لە نێو بەرێ. بۆ خانمی ماڵێش چی؟! تەنیا کراس خەوێک. بنەماڵەی هووفێر وا دیارە شەشدانگ ئەورووپایین و نینۆخوشکن».

سـواری ئوتووبـووس بـووم و هەڵـمکرد. لـە جێیـەکی چەپـەکی ڕۆخـی چۆمەکە ڕامگرت. لە نێو کورسیلەی گەورەی ئوتووبووسەکەدا نوقم ببـووم. شووشـــەکەم داکێشـــابوو، تیشـــکێکی کـــەمتـــین دەڕژا ژووریَ و گـــەرمی دەکردمەوە. خۆم خستە نێو باوەشی بیرەخەوێکی قووڵ، لە پڕ خەیاڵـێک بـە مێشکمدا هات، چبکەم. هەستام بە پەلـە چـووم بـۆ وەزارەتی نـاوخۆ تـاکوو چاوم بە (پریـز) بکـەویَ. منـیش وەکـوو تـەواوی ئارژانتینییـەکان لانی کـەم دۆستێکم هەیە لە وەزارەتخانەیەکدا و ناوی ئەو دۆستەشم پرێزە. ئەگەرچی دەمزانی ئەو کارە ئاکامەکەی نادیارە، بەڵام لەو کارەدا پرێزم کردە پارتی و داواکارییەکەم وەرگیرا.

من ماڵەکەم لە گەڕەکی (لاس کایتاس)ە کە ئێستا پێی دەڵـێن (سـان بنیتـۆ دیَ پالرمۆ) بۆکێشانی هێڵاسنێک لە وێستگەی (لیساندرۆ دلاتـۆرە)وە تـاکوو بـەر دەرکـی ماڵـەکەم لەشـکرێک ئەنـدازیار و کرێکـاری شـارەزا و لێـزان و ڕۆحسووک دامەزران. کرێکارەکان بە کەرەسـە و دەزگـای تایبـەتی و تـازە سازکراوی نێونەتەوەییەوە دوای کڕینی چوار خانووبـەرەی بـەرز و ڕازاوە، ڕووخاندیانن، کە لە شەقامی (لیبرتادۆر) لە نێوان شەقامی (ئیرووس) و (ماتی ینســوو) هەڵـــکەوتبوون. ئـــەم ڕووخانـــدن و تـــەختکردنـــەیان بـــە سەرکەوتووییەکی زۆر ئازایانەوە بە ئەنجام گەیاند. پێویست بـە گـوتن ناکـا خاوەنی خانووبەرە ڕووخاوەکان پووڵ و پارەیەکی زۆر باشـیان وەرگـرت. لە ڕاستیدا ئەگەر دۆستێکی وەک پرێزم لە وەزارەتخانەدا نەبوایە ئەو کـارەم هیچ کات بۆ نەدەچووە سەر. ئەم جارە دەمویست بە جـاریَ ئاغـای هـووفێر تووشی سەرسووڕمان بکەم. ڕۆژی پێنج شەممە سەعات هەشت کە لـە مـاڵ هاتە دەریَ، چـاوی بـە شـەمەندەفەرێکی دیزێلـی زەرد و سـوور کـەوت کـە شەش فارگۆنی پێوە لکـابوو. لـە سـەر دەرکـی شـەمەندەفەرەکە تابلـۆیەکی

چکۆڵـە دیـار بـوو، لێـی نووسـرابوو: ئاغـای هـووفێر بـەخێر هـاتی بـۆ نێـو شەمەندەفەرەکەی خۆت!

هووفێر هاواری لێ هەستا: ئەی خودایە گیـان ئـەوە چییـە، شـەمەندەفەر. ئەویش هەر هی خۆمە. خەون و خولیای ژیانم هاتنـە دی. لـە منداڵـییەوە بـە ئاواتەوە بووم شەمەندەفەرێکم ببێ و لێی خورِم. بە بـێسـپاس کـردن و بـە قلەسەما خۆی خستە نێوی. چووە ئەو شـوێنەی ڕێنـوێنی ئاسـان لێخـوڕینی شەمەندەفەر چاوەڕانی بوو، تاکوو شێوەی لێخوڕینی فێر بکات، وتم: «هۆی! ڕاوەستە. مەکەوە پەلەپڕووزێ. بزانە چیم بۆ ویلی چکۆل کـڕیوە». تـانگێکی گەورە بە زنجـیری چەرخـەکانی سەنگفەڕشـی پێیانەڕێیـەکی ورد دەکـرد و دەهاتە پێشێ. ویلی چکۆل قیژاندی: «ئەوەیە تۆپ! چەندەم پێخۆش بوو ئـەو کۆتەڵەی گۆڕەپانی شار ورد و خاش کەم».

بە هووفێرم کوت: «ژنەکەشتم لە بیر نـەچووە». باڵـتەیەکی تیسـکنی زۆر نەرم و چـاکم پێشـکەش کـردووە کـە لـەم بەینانـەدا لـە فەڕانسـە کـڕیبووم. بنەماڵەی هووفێر هێندە شاد بوون، دەیانویست هەر خێرا دیارییەکانیان تـاقی بکەنـەوە. بـەڵام مـن لـە هـەموو دیارییەکانـدا تەڵـەیەکی چکۆڵـەم دانـابۆوە. حـەلاوێکی جـادوویيم لـە باڵـتە تیسـکنەکە هەڵسـاوی بـوو، کـە دوکتـورێکی گیاناسـی کۆنگـۆیی پێـی دابـووم، هـەر کـە مـادام برۆنهیلـدە لەبـەری کـرد، قیژەیەکی لێ هەستا و پاشان بوو بە پەڵە هەورێکی سپی و لە ئاسمانـدا بـزر بوو. ویلی چکۆل هەر کە گوللە تۆپەکـەی بـە کۆتەڵـەکەوە نـا، کەرەسـەیەکی تایبەت کە لە نێو تانگەکەدا دامنابۆوە کەوتە کار و بورجی تانگەکـەی لـە بـەر یەک هەڵتەکاند. ویلی چکۆلیش بە ساغ و سلامەتی بوو بە یەکێ لـەو دە دانـە مانگیلەی هەسارەی مشتەری. ئاغای هووفێریش هەر کە شـەمەندەفەڕەکەی وەکار خست، زۆر بە ئارامی و بە شێوەیەک کە بۆی ڕانەدەگیرا فڕێدرا سـەر پردێکی چکۆلە کە بە سەر ئۆقیانووسی ئارام و بـاکووری ئـەفریقا و تەنگـەی

«سیسـیل»دا تێدەپـەڕی و پاشـان لـە پـڕدا دەکەوتـە گـەرووی ئـاگرپژێنی «ئێتنا»وە کە خوداوڕاستان لەو کاتەدا ئاگرپژێنەکە کفارەی دەکرد.

ڕۆژی هەینی هیچ نامە و دیارییەک لە لایەن بنەماڵەی هووفێرەوە نـەهات. عەسر خێزانم خەریکی شێولێنان بوو، گوتی: «دنیا ئاوای لێهاتووە ئیـدی، تـۆ بڕوانە! چاکە و پیاوەتی لەگەڵ جـیران دەکـەی، ئـاوا بۆیـان خـەرج دەکـەی، شەمەندەفەر و تانگ و باڵتەی تیسکن، بەڵام ئەوان تەنانەت کارتێکی چکۆلـەی سپاسنامەشیان بۆ نەناردین».

## شێوەیەک ژیان

فێرناندۆ سۆرنیتنۆ

بە لاوی بەر لـەوەی ببمـە وەرزێـڕ و ئاژەڵـدار، کارمەنـدی بانـگ بـووم. ئەمەش بەسەرهاتەکەیە، کە هەمووی بە وردی باس دەکەم: ئەو کاتـە بیسـت وپێنج ساڵم تەمەن بوو، پێوەندی نزیکیشم لە گەڵ کەس نـەبوو. لەیـەکێ لـەو باڵـەخانانەی شـەقامی (سـانتافە)دا دەژیـام، کـە کەوتۆتـە نێـوان (کانینـگ و ئارائوز) ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە بۆتە بـاو کـە دەڵـێن «کارەسـات لـە شـوێنی چکۆڵەش ڕوودەدا.» ئەوە بۆ مـن بەراسـتی ڕووداوێکـی چکۆڵـە بـوو؛ کاتـێ ویستم درگاکە هەڵگرم و بڕۆم بۆ سەر کار، کلیلەکەم لە نێو قوفڵـی درگاکـەدا شکا. دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆرمدا و لـە خـۆ نووسـام، بـە پـێچ کوشـتی و هاچەریش بۆم نەکراوە. هاتمە سەر ئەوەی تەلەیفوون بۆ کلیل سازێک بکەم. لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوانی هاتنی کاکی کلیل ساز بووم، زەنگێکم بۆ بانگ لێدا و پێمڕاگەیاندن کە ئەمڕۆ ڕەنگە تۆزێ درەنگ بگەمە سـەرکار. بەختەوەرانـە کلیـلسـاز زۆر زوو گەیشـتێ. ئەوەنـدەم لـەبیرە کـاکی کلیـلسـاز وەک لاو دەچوو، بەڵام سەر و ڕیشی هەموو سپی ببوو.

لە کونی درگاکەوە پێمگوت: «کلیلەکەم لە نێو قوفڵەکەدا شکاوە.»

بە نارەحەتییەوە هەردوو دەستی بەرداوە: «لە نێوەوە؟ ئەگەر لە نێـوەوە شـکابێ کارەکـە زۆر دژوارە و لەوانەیـە نزیکـەی سـێ سـەعات بخایـەنێ... هەقدەستەکەشم دەبێتە... »

کاتێ ڕادەی هەقدەستەکەی گوت هێندە زۆر بوو سەرم سووڕما.

لە وەڵامدا کوتم: بەڵام لە ماڵێ ئەوەندەم پـووڵ نییـە، ئەگـەر بێمـە دەرێ، خێرا دەچم لە بانگ بۆت دێنم و دەتـدەمێ. چـاوێکی زۆر مانـاداری لێکـردم، وەک ئەوەی پێشنیارێکی زۆر خراپم کردبێ. وەک ئەوەی بیهەوێ فێـرم بکـا، بە ئەدەب و حەیاوە گـوتی: «زۆر بـە داخـەوەم کاکـە گیـان! مـن نـەک هـەر کاربەدەستی ڕەسمـی کـەرتی کلیـل سـازانی ئـارژانتینم، بەڵـکوو یـەکێ لـە داڕێژەرانی سەرەکیی ئەساسنامەی ئەو ڕێکخراوەشم. لێـرەش‌دا بەداخـەوە هیچ شانسێکت نییە. ئەگەر دەرفەتی خوێندنەوەی ئەم بەڵگە ئیلهام بەخشـەت ببێ، بۆت دەردەکەوێ کە لـە بەشـێکی‌دا ـ بـە نـاوی فێرکارییـە گرینگـەکان ـ هاتووە کە کلیل سازێکی شارەزا ئیـزنی ئـەوەی پێنـەدراوە بـۆ ڕۆژ بـازاڕی قیامەتێ، خێر و چاکە کۆ بکاتەوە.

پێموابوو گاڵتەم لە گەڵ دەکا: «بە شۆخیتە!»

«کەسی کاکی! ناوەرۆکی بڕیارنامەی کەرتی کلیل سـازانی ئـارژانتین بـۆ شۆخی و پێکەنین نابێ. دەقی بڕیارنامەکەی ئێمە هیچ کەم و کووڕییەکی تێدا نییە و بەشە جۆراوجۆرەکانی لە سەر بنەمای ڕەوشتی ئەخلاقی داڕێـژراوە. ئێمە ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەو کارە متاڵاو ڕاوێژمان کردووە، هەڵبەت هەموو کەس ناتوانێ بە تـەواوی تێـی‌بگـا. چونکـە ئێمـە لەزۆربـەی بابەتەکانیـدا لـە زمانێکی ناوەکی و هێما کەلکمان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا لە سـەر ئـەو باوەڕەم کە لە ماددەی حەوتی ئەو بڕیارنامەیەی ئێمە دەگەن: خودا درگاکان دەکاتەوە، بەڕاستی دەبێ درگاکان شوکرانەو سپاسی خودا بکەن.»

من نەمدەتوانی گوێ لەو قسە هیچ و پووچانە ڕاگرم، پێمگوت: « تکات لێدەکەم، پیاوی چابە درگاکەم لێ بکەوە، هەقدەستەکەت هەمووی بەسەر یەکەوە پێدەدەم.»

«بەداخەوەم کاکە گیان، ئەم ڕەوشتە تایبەتی کاری ئێمەیە و لە کاری کلیلسازیدا ئەوە بە هیچ شێوەیەک گۆڕانکاری بە سەردانایە. ڕۆژباش کاکە گیان.»

ئەوەی گوت و لێیدا و ڕۆیی. بۆ ماوەیەک لەوێ لە جێی خۆم عەبەسام دیسان تەلەیفوونم کردەوە بۆ بانک و پێمگوتن لەوانەیە ئەمڕۆ نەتوانم بێمە سەر کار. ماوەیەک بیرم لە کلیلسازە سەر سپییەکە کردەوە و لە دڵ خۆما گوتم: «ئەوە شێتە، ئێستا زەنگ بۆ کلیل سازێکی دیکە لێدەدەم. ئەمجارە تا درگاکەم لێ نەکەنەوە نالێم پووڵم پێنییە.»

دەفتەرچەی ڕێنوینی تەلەیفوون گەڕام و زەنگم لێدا. ژنێک بە پارێزەوە گوتی: « ناونیشان؟»

«ژومارە ٣٦٥٣ شەقامی سانتافە، باڵەخانەی ئا ـ ١٠»

تۆزێ مت بوو، دەبوو ناونیشانەکەی بۆ دووپات کەمەوە. پاشان گوتی: «ناتوانین براکەم! ئەساسنامەی کەرتی کلیل سازانی ئاراژانتین پێی ڕاگەیاندووین ئیجازەمان نییە کار بۆ ئەو ناونیشانە بکەین.»

وەخت بوو لە داخانا بتەقم: «دادە گیان گوێ بگرە، ئەم کارە قۆڕە...»

ژنەکە نەیهێشت قسەکەم تەواو بێ گووشییەکەی داناوە.

هەمیسان پەنام بۆ دەفتەرچەکە بردەوە و نزیکەی بیست ژمارەم گرت، هیچ کام لە کلیل سازەکان ڕازی نەدەبوون بۆ ئەو ناونیشانە بێن. بە خۆم گوت: «قەیناکا، چارەیەکی دیکە دەدۆزمەوە» زەنگم بۆ پێشخزمەتی ساختومانەکە لێداو حاڵ و ڕووداوەکەم تێگەیاند. جوابی داوە: «ئەوە دوو مەسەلەیە؛ یەکەم من نازانم چۆن قوفڵەکە بکەمەوە. دووهەمیش ئەوەیە من

ئەگەر بشمزانیبایە نەمدەکردەوە. چونکە کاری من تـەنیا خـاوێن کردنـەوەی ئێرەیە! هەروەها نەهێڵم کەسانێکی جێیگومان بەم دەوروبەرەدا بێن. دیسان خۆ تۆ دەستخۆشانەت لە چنگ هەڵناوەرێ.»

هێنـدەم ڕق هەسـتابوو بـەرپێی خـۆم نـەدەدی و خۆشـم نەمـدەزانی چ دەکەم. پیاڵەیەکم چایی تێکرد و سیگارێکم داگیرساند. هەستام و دەستم کرد بە هات و چۆ، دەستم شۆرد و شەربەیەکم ئاو خواردەوە. لە پڕ (مۆنیکاردی چیاوە)م وەبیرهاتەوە. ژمارەکەیم گرت و پێمگوت: «موونیکا گیـان، چـۆنی خۆشەویسـتەکەم؟ خـۆش دەگـوزەرێ؟!» وەڵامەکـەی وە لـەرزینی خسـتم: «ئەوە چۆن بوو وەبیرت هاتەوە زەنگم بۆ لێدەی؟ پێم سەیرە ئێستا لەوانەیە بڕوا بکەم کە خۆشت دەوێم! هەواڵت نەبوو، تەنانەت ساتێکش چاومـان پێـت ناکەوێ!»

تاقـەتی دمەتـەقێم دەگـەڵ ژنـان نییـە. بەتایبـەت ئێسـتاکە ئـاوا تووشـی لێقەوماوی ببووم و لەوانەبوو شێت بم. هەوڵمدا ئەوی بەسەرم هاتووە بۆی وەگێڕم. نازانم تێمنەگەیشت، یان هەر ویستی گوێ بە قسەکانم نەدا.

دوایین شتێ کە بەر لە دانانی گۆشییەکەی پێیگوتم ئەمەبوو: «من نابمـە ئامرازی دەستی هیچ کەسێ.» دوای ئەوە بـۆ جـاری دووهـەم خـەریک بـوو شێت بم و نەمدەزانی چ دەکەم. پاشان زەنگم بـۆ بانـک لێـدا، بـەو هیوایـەی چەن کەس لە هاوکارەکانم بێن و درگاکەم بۆ بکەنەوە. بـەڵام بـۆ بەدبـەختی (ئەنسوو پارادێس) گۆشی هەڵگرت کە کابرایەکی گێل و گەمژەیە و زۆریشـم ڕق لێیەتی. بە شێوەیەکی زۆر ناحەز گوڕانـدی: «کـەوابوو نـاتوانی لـە مـاڵ بێیتە دەرێ؟ تۆش هەمیشـە بـۆ نەهاتنـە سـەرکار بیـانووت بەدەسـتەوەیە.» ڕاست وەک کارەسـاتی جینـایی کەوتبوومـە تـەنگژەوە. گۆشـییەکەم دانـا و دیسان ژمارەم گرتەوە، داوای یارمەتیم لە (میگل ئانخلوو لاپورتا) کـرد کـە

دەتگوت بنەگۆگەمە. ئەم قوڵەبنەیەش پێموابوو زۆری پێخۆشە ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە، بە متمانەوە گوتی: دەی پێمبڵێ قۆفڵەکە شکاوە یان کلیلەکە؟»

«کلیلەکە.»

«لە نێو قوفڵەکەشدا گیری کردووە؟»

گوتم: «نیوەی لە نێویدا ماوەتەوە.»

«خۆ حەولت نەداوە لەتە چکۆلەکەی کە لە نێویدا گیری کردووە، بە پێچکوشتی دەریبێنی؟»

«بەیچۆن، زۆرم حەولدا بۆم دەر نەهات.»

«ئەی هاوار کە وایە ئێستا دەبێ زەنگ لێدەی بۆ کلیل سازێک.»

هەر لەوانەبوو لە داخانا بدڕێم، بە تووڕەییەوە گوتم: «زەنگم لێدا بەڵام ئەوان هەقدەستیان دەویست.»

«دەیجا پێت بدایەن و خۆت ڕزگار کردایە.»

«خۆ تۆ نازانی بە دەردم، من هیچم پووڵ پێ نەبوو.»

ئەمجار وەڕەز بوو لە دەستم: «کوڕێژگەی حەپۆل، وادیارە تووشی گیروگرفتێکی زۆر ناجۆر بووی!»

نەمتوانی بە وەڵامێکی خێرا و ئاشکرا چارەسەرێک بدۆزمەوە، دەبوو داوای برێ پووڵی لێ بکەم. بەڵام قسەکانی هیوابڕاوی کردم، هەر بۆیە بیرم لە هیچ شتێکی دیکە نەکردەوە و گۆشییەکەم داناوە.

بەم شێوەیە ئەو ڕۆژەش کۆتایی هات.

ڕۆژی دوایی زوو لە خەو هەستام، تاکوو زۆرتر تەلەیفوون بکەم. بەڵام ڕووداوێکی ئاسایی ڕوویدا تەلەیفوونەکەم خراپ ببوو. ئەمەش گرفتێکی بە بێ چارەسەری دیکە. ئێستا چۆن دەمتوانی زەنگ بۆ تەعمیرکارێکی تەلەیفوون لێدەم؟ چوومە بەر هەیوانەکەو دەستم کرد بەهاوار کردن لەو خەڵکەی کە بە شەقامی (سانتافە)دا دەڕۆیشتن.

گرمـە و هــەرای شــەقامەکە هێنــدە زۆر بــوو، کــێ دەیتــوانی لــە نهــۆمی دەهەمەوە گوێی لە هاوارم بێ؟ زۆر جار ڕێبوارێک ســەری هەڵــدێناو پاشــان درێژەی بەرێگاکەی دەدا و دەڕۆیشــت. بۆیــە پێــنج لاپــەڕە کــاغــەز و چــوار کاربۆنم خستە سەر مەکینەی تایپەکــەو ئــەم پەیامــەی خــوارەوەم نووســی: «خوشکان و برایانی خۆشەویست! من کلیلەکــەم لــە نێــو قوفڵــەکەدا شــکاوە، دوو ڕۆژە لەم وەتاغەداگرفتارم، تکاتان لێدەکەم بــۆ ڕزگــار کــردنم هەوڵــێک بــدەن، ژومــارە ٣٦٥٣ شــەقامی ســانتافە باڵــەخانەی ئــا - ١٠» پێــنج لاپــەڕە کاغەزەکەم لەو ســەرەوە، بــەرداوە، مــەحاڵ بووکاغــەزەکان ڕاســت بکەونــە خــوارێ، بــەدەم نەرمــە بایەکــەوە ماوەیــەک خولانــەوە. ســیانیان کەوتنــە نێوەڕاستی شەقامەکە و خێرابوون بــە ژێــر تەگــەری ماشــێنەکانەوە و ڕەش هەڵگەڕان. یەکیان کەوتە سەر کەپری پێش دووکانەکان. بەڵام پێنجەمین دانــە کەوتــە ســـەر پێیانــەڕێ و پیــاوێکی نیمچــەماقووڵ بــە پەلــە هەڵــیگرتەوە و خوێندییەوە. پاشان گەڕا بەدوای خاوەنەکەیدا. بەدەستی چەپی ســێبەری بــۆ چاوی کردو سەری هەڵبڕی. قیافەیەکی دۆستانەم بۆ گرت. کابرا قاقەزەکــەی ورد و پرد کرد و زۆر بە تووڕەیی کردییە نێو قاناوەکەوە. بەم جــۆرە چــەن حەوتووی دیکەش تێپەڕی و هەوڵەکانم بێ ئاکام بوون.

ڕۆژێک دیم نامەیەکیان لەبن درگاکەوە خستە ژووری؛ ئیدارەی مخابەرات خەتی تەلەیفوونەکــەمی هەڵــبڕیبوو، چونکــە پوولــەکەی وەدوا کــەوتبوو. بــە دوای ئەودا ئاو و کارەبا و گازەکەشــیان هەڵــبڕیم. لەســەرەتاوە دەســتم بــە خۆراکەوە نەدەگرت، بەڵام زوو بۆم دەرکەوت دەبێ دەست پێــوەبگرم. قــاپ و قاچاخەکانم لە بەرهەیوانەکە دادەنا تاکوو پڕ بن لە ئاوی باران. گوڵــی نێــو گوڵدانەکانم هەڵکەند و بەجێی ئەوان تەماتە و نیسک و سەوزیم داچاند.

ئەو کارەم زۆر بەعیشــقەوە بــەڕێوە دەبــرد. بــەڵام جەســتەم پــڕۆتێئینی حەیوانیشــی پێویســت بــوو، فێربــووم گیانــەوەری چکۆڵــەو جاڵــجالووکەو...

پەروەردە بکەم و لە ماوەی قەرەنتینە کردنیاندا زاوزێ بکەن. هێندێ جاریش کۆتروچۆلەکەم دەگرت. ئەو ڕۆژانەی خۆر دەکەوت دەمتوانی بە زەڕەبین و کـاغـەز ئـاور بکەمـەوە، بـۆ سـووتەمەنیش وردەوردە هـەموو کتێبـەکانم سووتاند، شـت و مـەک وتەختـە و قەرەوێڵەکانیشـم هـەموو سـووتاند، بـۆم دەرکەوت کە لە هەموو ماڵـێکدا شـت و مـەکی زیـادی هەیـە کـە پێداویسـتی ئەوتۆیان نییە.من لەو پەڕی خۆشـی و هێمنایـەتیدا دەژیم. ئـەوش بـە جێـی خۆی کە هێندێ شتم نییە. بۆ وێنە ئێستا نازانم لە دەور و بەر چ باسە و دنیـا لــە دەس کــێ دایــە. ڕۆژنامــە ناخوێنمــەوە. تەلــەویزیۆن و ڕادیۆشــم بــۆ ناکەوێتەکار.

لە بەر هەیوانەکەوە تەماشای دنیای دەرەوە دەکەم. هێندێ ئـاڵ و گـۆڕم وەبەرچاو دەکـەوێ، لـە کـاتی دیـاریکـراودا شـەمەندەفەرەکانی نێـو شـار ڕادەوەستن و نازانم لە گەنگێوە ڕاوەستاون. من بەجارێ کات و زەمانم لـێ شێواوە...

جگە لـە ئاوێنـەو سـەری تاسـم و ڕیشـی سـپی و درێـژم و ژان و بـڕکی ماسوولکەکانی لەشم کە نیشانەی پیرییە هیچی دیکەم بۆ ناچێتەوە سەریەک. بۆ سەر گەرمیش بێ لێدەگەڕێم بـیرو فکـرم لـە سـەرمدا هەڵسـووڕێن. هـیچ ترس و دڵە خورپەیەکم نییـە. بـە کـورتی بیبڕمـەوە: مرۆڤـێکی تـا ڕادەیـەک شادم.

## کارلۆس فۆئێنتێس

کارلۆس فۆئێنتێس بێشک لە گەورەترین نووسەرانی سەدەی بیستەمە. ساڵی ١٩٢٨ لە پاناما لە دایک بوو. دایکی لە سینەمایەک خەریکی دیتنی فیلمی «قەرەچییەکان» بوو کە ژانی مناڵ بوون گرتی و کارلۆس هاتە دنیا. باوکی باڵوێز بوو. ساڵانێکی زۆر لە وڵاتانی جۆراوجۆر ڕایبوارد. باوکی مێکزیکییەکی دەمارگرژ بوو. بە زۆر کارلۆسی ناچار دەکرد مێژووی مێکزیک بخوێنێتەوە. هەر ئەو خوێندنەوەش بووە هۆی ئەوەی ببێتە نووسەر. مێکزیکی فۆئێنتێس, مێکزیکێکی ئاشنایە و لە نێو بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. نەتەوەیەک کە خاوەنی شۆڕشی شکستخواردووی زاپاتا و بزووتنەوەی خوێندکارانی لە خوێنگەوزاوی ساڵی ١٩٦٨ بووە، لە دەسپێکی ئۆلەمپیکی مێکزیکۆسیتیدا.

یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بە ناوی «ڕۆژانی دەمامکدار» ساڵی ١٩٥٤ بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٩٥٥ بڵاڤۆکی پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی مێکزیکی لەگەڵ نووسەرانی مێکزیکی دامەزراند. ساڵی ١٩٥٨ ڕۆمانی «ئەو شوێنەی هەوا پاکە»ی بڵاو کردەوە و ڕۆمانی «ئارخەیان»یشی ساڵی ١٩٥٩ بڵاو کرایەوە. هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ کچە ئەکتەری مێکزیکی «ڕیتا ماسدۆ» زەماوەندی کرد.«ئائۆرا و مەرگی ئارتمیۆکرۆس»ی ساڵی ١٩٦٢ بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٧٢ بووە ئەندامی هەمیشەیی کۆلیژی نەتەوەیی مێکزیک. ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی مێکزیکی «سیلویا لۆمێس» زەماوەندی کرد. ساڵی ١٩٧٥ ڕۆمانی «ترانۆسترا»ی نووسی و خەڵاتی «خاویەر ویا ئیرۆتیا»ی پێ وەرگرت. ساڵی ١٩٧٧ خەڵاتی «ڕۆمۆلۆخایگاس «ی وێنێزۆئێلای هەر بەو

ڕۆمانــەی ترانۆســتــرا وەرگــرت. ساڵــی ١٩٧٩ شــانازی وەرگــرتنی خــەڵاتی مێکزیکی «ئەلفۆنسۆریس»ی بۆ تێکڕای بەرهەمەکانی بە قسمەت بوو.

فۆئێنتێس جگە لە کاری ئەدەبی لــە کاروبــاری سیاســیش‌دا هەڵســووڕانی بووە. بۆ وێنە: نووسەری وەڤدی نوێنەرانی مێکزیک بــووە لــە کۆمیســیۆنی مــافی نێونەتــەوەیی ســازمانی نەتــەوە یــەکگرتووەکان، جێگــری بەشــی فەرهــەنگی زانســتگای نەتــەوەیی مێکزیکــۆ بــووە، بەڕێوەبــەری پێوەنــدی فەرهــەنگی نێونەتــەوەیی لــە وەزارەتــی دەرەوەی مێکزیــک و هــەروەها سەرپەرستی وەفدی نوێنەرانی مێکزیک لە کۆنفڕاسی نێونەتەوەیی هاوکاری ئابووری و...

## تەپڵی ئاور

کارلۆس فۆئینتێس

مانگەشــەوێکی مارســی ١٩١٣ کــە هــەوا بــۆنی گڵــی لێــدەهات، «ئێنریکــۆ ئێســپیدا» فەرمانــداری ئەیالــەتی ڕووی کــردە بەندیخانــەی «بیلــەن». ســی چەکداری لەگەڵ بوو کە خۆیان لە لۆری فڕێدا خوارێ. چەن کەسیان بە سەر قۆڵیان لووتیان سـڕی و چڵـمەکەیان هەڵلووشـییەوە. یـەک دوو کەسیشـیان سیغاری بۆگەن و هەرزانبایییان داگیـرساند و چرەدووکەڵـیان سـاز کـرد. چـەن کەسـی دیکـەش بـە دەلینگیـان پۆستاڵـەکانیان سـڕی. «ئیسـی یـاس» گوراندی بە سەر نیگابانەکەدا: «خەبەردار! جەنابی فەرمانداری ئەیالەتی.

» ئێسپیدا گوتی: «بەڵێ! فەرمانداری ئەیالەتی دێتە ژوورێ.»

» گابریل ئێــرناندێس» لـە نێـو بەندەکـەیدا خـەوی لێکـەوتبوو. پێلەقـەی پۆستاڵێکی ڕەش لە خەوی ڕاتڵەکاند: «هەستە زوو کە زوو!»

ئێـرناندێس بە لەشگرانییەوە هەستا و لە بنـەوە چـاوێکی لـە نیگابانـەکان کرد کە لەبەر دەرکی بەندەکەدا ماتڵی بوون. سەرۆکی نیگابانەکان فەرمانیدا بیبەنە حەوشە.

هەوای دەرەوە لێڵومات بوو. دیواری خۆڵەمێشینی بەندیخانەکە لە زۆر جێگاوە کونکون ببوو.

ئێسپیدا و ئیسی یاس و کاسائیگۆئیا سەر و سیغارێکیان داگیرساند. قاقای پیلانگێڕان بەرز ببۆوە. ژێنڕاڵ ئێرناندێس کە لە نێوان نیگابانەکانەوە بەرەو بن دیوارەکە هەنگاوی دەنا، گوتی: «ناپیاوینە! ئەگەر ئێستا تفەنگێکم پێ دەبوو پێم دەگوتن پووتێک چەن سیەیە.»

ئێسپیدا بەو دەستە قورسانەی شەپلاخەیەکی خێواندە پەناگوێی ئێرناندێس. ئیرناندێسیان بردە بن دیوارەکە و لەگەڵ قاقای فەرماندار پێنج چەکدار دەستڕێژیان کرد. کە دوایین گوللە تەقێندرا فەرماندار دەنگی قاقاکەی خاو کردەوە و گوتی: «هەر لێرە، لەبن ئەو دیوارە ئاوری تێبەردەن.»

کاتێ چەکدارەکان جەستەی دابێژدابێژکراوی ئێرناندێسیان ئاور تێبەردا، دووکەڵە ڕەشەکەی بە سەر و چاوی ئێسپیدادا چوو. هەر لەو کاتەدا «پوولا» لەگەڵ سێ بەندیی دیکە خۆیان لەنێو ماشێنی زبالەدا شاردەوە و دەرباز بوون. پوولا لە ماوەی ڕێگەدا بیری لەوە دەکردەوە کە پیاو لە کاتی مردندا چ هەستێکی هەیە. ڕەنگە لەو کاتەدا بیهەوێ هاوار بکا و بگوڕێنێ بە سەر ئەوانەدا کە خەریکن دەینێژن و پێیان بڵێ، خۆ من نەمردووم بۆ گڵم بە سەردا دەکەن؟ هەر چواریان سەریان بە کەلێنی بنی ماشێنەکەوە نابوو بۆ ئەوەی بتوانن هەناسە هەڵکێشن. پوولا دەیویست ئەو نەختە هەوا تەپوتۆزاوییەش هەڵلووشێ. کاتێ ماشێنەکە ڕاوەستا لەوانە بوو لە بۆگەنی زبالەدا بخنکێن. زبالەڕێژەکان دوو کەس بوون و دەرەقەتیان نەهاتن. خێرا هەردووکیان بە تەگەری ماشێنەکەوە شەتەکدان و بۆی دەرچوون. تا داوێنی کێوەکە تەپۆلکە زبڵ ڕۆکرابوو. پوولا کاتێ دەم و چاوی پیس و جلوبەرگی تەڕ و بۆگەنی هاوڕێکانی خۆی دی دڵی تێکەڵ هات.

یەکیان گوتی: «بەر لـەوەی ڕۆژ بێتـەوە دەبـێ خۆمـان بگەیەنینـە هێـزی زاپاتا.»

پوولا چـاوێکی لـە لاق و قولـــی ڕووت و پێخاوسـی و جلوبـەرگی تـەڕ و شڕی هاوڕێکـانی کـرد. یـەکیان حاڵـی زۆر شـپرزە بـوو. سـندم و زنجیــر قولاپەی لاقی بریندار کردبوو و خوێن و زنچکاوی پێدا دەهاتە خوارێ.

پوولا و هاوڕێکانی بەرەو چیا هەڵـگەڕان. کاتێ بە دەشتەکەدا دەڕۆیشتن زۆنگ بوو و لاقیان لە زەلکە و لیتەدا هـەر جڵـقەی دەهـات. کاتـێ هـەورازی کێوەکەشیان گرتەبەر دڕک و داڵ لاق و قولـی بریندار دەکردن. کزەبا لـە دار و دەوەن وەر دەهات و هاژەوهووەژەی بوو. پوولا بە سـرتە گـوتی: «هـەتا ترۆس ماریاس» دەچین و لەوێ لێکهەڵـدەبڕێین. مـن و پێـدرۆ بـە لایـەکدا دەڕۆین. «فرۆیان» تۆش لەگەڵ«سین دلفۆ» بە لای چەپدا بڕۆن، چونکـە تـۆ شـارەزای ڕێگای «مۆرلیس»ی. دەبێ زۆریش وریا بین وەگیــر ژاندارمــەکان نەکەوین. خودا بکا دەستەیەکمان سەربازی زاپاتا تووش بێ دەنـا بـە جـارێ لێمان دەقەومێ.

فرۆیان گوتی: «سین دلفۆ بەو لاقە شەلەوە ناتوانێ بـڕوا، تـۆ ئـەو لەگـەڵ خۆتا بەرە من و پێدرۆ پێکەوە دەڕۆین.»

سین دلفۆ گوتی، «نا، هەموومان پێکەوە بین باشتـرە، جا چ دەبـێ بـا ببـێ چش.»

پوولا گوتی: «هەر ئەوەی کە گوتم ئەگەر یەکمان دەربـاز بـێ چـاکتــرە لەوەی هەموومان بگرن و گوللەبارانمان بکەن و هیچمان نەمێنین.»

کزەبا لەشی ماندووی دەرزیئاژن دەکردن و بـە کوێرەڕێـدا هـەورازیان دەبڕی. پوولا ئەو دەستە چکۆلەی خۆیانی وەک ئەرتەشێکی قارەمان دەهاتە بەرچاو کە بە پای پـەتی و شــەکەت و برینـدارەوە دەڕۆنـە پێشـێ و ترپـەی هەنگاویان وەکوو خرمەی سمی ئەو ئەسپانە وایە کە بە دەشتێدا غار دەدەن.

دەڕۆیشتن تاکوو کێویکی مەزن فەتح کەن. لە ئاسۆوە گزنگی خۆر وەدەرکەوت. پوولا گوتی: «فرۆیان! لە بیرتە شەوی هەوەڵ چ هەڵلایەک بوو؟ دەنگی زرموکوتی تەپڵی ئاور و قرمەقرمی گوللەم هەر لە بیرە. نۆرەی من هەر نەهات تاکوو بنەڕێنم و بڵێم مەن لە ئێوە ناترسم نایەڵم چاویشم ببەستن. پێم خۆش بوو نیشانیان دەم کە لەگەڵ کێ تێکەوتوون. بەلام بەداخەوە نۆرەم هەر نەهات. دیتووتانە هێندێ جار ئەوانەی بۆ گوللەباران کردنیان دەبەن، دەگرین و دەکوڕووزێنەوە و دەپاڕێنەوە کە لە تاوانیان خۆش بن ونەیانکووژن. بەلام من وا نەدەبووم. ئەگەر بیانویستایە بمبەخشن بە زللە نەبوایە نەمدەدا لە ڕوومەتیان. هەر کەسیان دەبردە بن دیوارەکە مەن خەم دایدەگرتم چونکە نۆبەکەی من وە دوا دەکەوت. پێم خۆش بوو مەن لە جێی ئەو گوللەباران‌کراوانە بوایەم. سەرم بەرز ڕادەگرت و وەک قارەمان سینگم دەردەپەڕاند. بەلام حەیفێ.»

پێدرۆ گوتی: «ئەگەر لەگەڵ من بی و بە جێم نەهێڵی گرینگ نییە و هەر چییەک بێتە پێشێ تاملی دەکەم. بەلام ئەگەر بشمانگرن هەر چوارمان پێکەوە بین باشترە. پێکەوە گیراوین، پێکەوە هەلاتووین، پێکەوەش دەمرین. پێم خۆش نییە بە تەنیا وەگیریان کەوم و بە گوللە دابێژدابێژم کەن.»

سین دلفۆ متەقی لێوە نەدەهات و ژانی لاق و قولی عەجمانی لێ هەلگرتبوو. هێندێ جار برینی لاقی وەخوروو دەهات و دەکزاوە. فرۆیان گوتی: «بریا چۆڕێ ئاومان وە گیر کەوتایە خوێن و زنچکاوی ئەو دامەوەم پێ خاوێن بکردایەتەوە.»

سین دلفۆ گوتی: «گوێی مەدەیە براله ئاوم ناوێ.»

پوولاش گوتی: «کوڕە دەبێ دەست لە نان و خۆراکیش داشۆن.»

پێدرۆ گوتی: » ئەگەر تەنیا بکەوین کاتی مردن کەس نابێ لانیکەم فاتیحایەکمان بۆ بنێرێ.»

پوولا گوتی: «خەم مـەخۆ، داڵ و سیسـارک هـەن. خـاک و خۆڵـیش هـەر هەیـە. کـرم و مـاریش کاتـێ لـە گۆشـتەڕزیوەکەمان تێریـان خـوارد داوای خوالێخۆشبوونمان بۆ دەکەن.»

لە ژێر دارێک ڕاوەستا و کەوتە گۆمی بیـر و خەیاڵـەوە، هەسـتی دەکـرد دەبێ لە جێگایەکی دوورەدەست شوێنێک ببێ کە بتوانێ لەوێ ئۆقرە بگـرێ. جێگایەک لەوپەڕی ئەم خەم و پەژارەی وڵاتە کـاول و سـووکایەتی پێکـراوە. جێگایەک لەوپەڕی ئەم کوشت و کوشتار و تاڵان و بڕۆیە.

ئەو لە نێو پیسایی و زباڵە و گەنداودا نوقم بووە و خەڵـکی مێکزیـک هـەر وەنازانن هەشە. بەڵام ئەم وەفادارە بـە وڵاتەکـەی و لـە سـەر بەڵـێنی خـۆی سوورە. ئەگەر بـڕیارە ئـەمان ڕزگار کەم لە پێشدا دەبێ لە بیـری خۆمدا بم، ئەو ناکەسانە دەیانهەوێ پێکەوە بمـرین. دەزانم دەیانهـەوێ مـن لـە پێشـدا بمرم. بۆ ئەوەی مردنی خۆیان ئاسان بێ. بەڵام دەبـێ بیـر لـە حاڵـی خـۆم بکەمەوە بۆ ئەوەی زیندوو بمێنم و ئەوان ڕزگار بکەم.»

فرۆیان گوتی: «دیتـان چ بەڵایـەکیان بـە سـەر ژێنـڕاڵ ئێـرناندێس هێنـا. تەنانەت تەرمەکەشیان ئاور تێبەردا. بە تاقی تەنیا بوو. ئەگەر دیسان ئێمـەش بگرنەوە ئەو بەڵایەمان بەسەر دێنن. چاک بوو هەر چوارمان دەرباز بووین.»

سین دلفۆ گوتی: «نا نا! من نە لێرە پێم خۆشە تەنیا بکەوم و بمرم، نـە لـە بەندیخانە.»

پوولا بە لقەدارێکی وشکەڵ کێشای بەشـانیدا و گـوتی: «هێنـدەت پرتانـد دیقت پێکردین. تا ئێـرە بەو لاقە شەل و شـەوێقەتەوە باوکمانـت هێنایـە بـەر چاومان. وەک چەققە پێمانەوە نووساوی. دە تۆزێ دەمت لێکنـێ بـا بـزانین قوڕی کوێ بکەین بە سەر خۆماندا.»

ــ «بەچاوان فەرماندە، بەچاوان.»

که گەیشتنە ترۆس ماریاس لێک جیا بوونەوە. فرۆیان چوو بووە بن پیلی سین دلفۆ بۆ ئەوەی نەکەوێ و لە سەر پێ خۆ ڕاگرێ. پوولا و پێدرۆش پێکەوە ڕۆیشتن. پێدرۆ سەرمای بوو، تەم و مژێکی خەست بالای کوێستانی داگرتبوو و هەواکەی ساردتر کردبوو. دەبوایە کارێک بکەن نەکەونە بەر چاوی چەکدارە شەکەت و خەوالووەکانی ژاندارمری و خۆیان بگەیەننە هێزی زاپاتا. بە لای پێگەی ژاندارمەکاندا تێپەڕین. بۆنی پاقلەی کولاو بە سەریاندا هات. تا کاتی خۆرنشین ڕێگایان کوتا. زەوی لە ژێر پێیاندا سارد و مرد بوو. پێدرۆ دلی تێکەل دەهات. هەلتترووشکا و هێلنجی دا. ئازای جەستەی کەوتە لەرزین و پەرۆشی کرد. پوولا دەستیدا بن پیلی و بەرزی کردەوە.

پێدرۆ گوتی: «هەر قسەی فرۆیانە. وەکوو ژێنڕال ئێرناندێس گوللەبارانمان دەکەن و پاشان تەرمەکەمان ئاور تێبەر دەدەن. چارەنووسی هەموومان هەر ئەوەیە.»

ــ «باشە هەستە دەی هێندەی لێ مەلێ.»

ــ «فەرماندە تۆی! لە ئێمەش بەهێزتری. بەلام تۆش نازانی بە کام لادا بڕۆین باشترە. ئەوە گریمان گەیشتینە لای هێزی زاپاتا. پاشان چ بکەین؟

ــ «پێدرۆ! پیاو لە شەڕدا بیر ناکاتەوە، شەڕ دەکا.»

ــ «بۆچی شەڕ دەکا؟ کاتێک نازانی بۆچی شەڕ دەکەی. ئێمە ئەوە لێرە داماوین. تۆ برسیتە و منیش خەریکە تاویاو دەمکووژێ. تا ئێرەش هەولی خۆمان داوە و بەشی خۆمان خەبات کردووە. وەرە با هەلێین و چش بکەین لە زاپاتاش.»

ــ «دەی باشە هەلێین بۆ کوێ؟ ها!»

ــ «جێگایەک هەر دەبێ. دەچینە کوائۆتیا. ڕەنگە بتوانین لەوێ هێندێ پارە و دوو دەست جلوبەرگ پەیدا کەین. پاشان دەچینەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆمان.»

ــ «پێدرۆ! دەمانگرن لادین! ئێستا وەختی واز هێنان نییە. بۆ هەر کوێ بچی دەتگرن.»

ــ «پاشان چی؟»

ــ «پاشان دەچینەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆمان.»

ــ «یانی تا ئەو کاتە هیچ خەبەرێک نابێ و هیچمان بە سەر نایە؟»

ــ «تۆش هێندە پرسیار دەکەی. پیاو لە شۆڕشدا ئەوەندە پرسیار ناکا. ئەو کارەی کەپێت سپێردراوە بەڕێوەی بەرە و تەواو.»

ــ «تۆ دەزانی ئاکامی ئەم کارەمان بە کوێ دەگا! نا تۆ پێم بڵێ لەو شەڕەدا سەرکەوتوو کێیە؟»

ــ «من نازانم سەرکەوتوو کێیە. هەموو سەر دەکەون، پێدرۆ! هەر کەس لە شەڕا بە زیندوویی دەرچێ سەرکەوتووە. ئێمەش ئێستا زیندووین. هەستە دەی هەستە.»

ــ «تاویاو بڕستی لێ بڕیوم. دەڵێی لە ژوورەوەڕا لەشم دەپچڕن.»

ــ «با بڕۆین هیدی، شەو بە سەردا هات.»

ــ «با هەر لێرە بخەوین، من لەوە زیاتر توانای ڕۆیشتنم نییە.»

دەنگی سیسرک لە هەموو لایەکەوە دەهات. پێدرۆ هەڵترووشکا بوو و لە سەرمانا دەستی لێکدەخشاند. هەوا تاریکتر بوو. پێدرۆ دەستی کرد بە وڕێنە: «مەڕۆ، مەڕۆ هەر تۆ شارەزای ڕێگاکەی... ئەگەر تۆ بڕۆی من تەنیا چ بکەم؟ وەرە پاڵ بە یەکەوە دەین با تۆزێ گەرممان بێتەوە...» بە دەمەوە کەوت و لە نێو خاک و خۆڵدا گەوزی. دەستی بە بەر چاوی خۆیەوە گرت بۆ ئەوەی بزانێ زیندووە یان نا. شەوێکی تاریک و سامناک بوو. ترس سواری

شانی ببوو. هاواری کرد: «منیش لەگەڵ خۆت بەرە! هەر چاکتر وایە بگەڕێینەوە بۆ بەندیخانە. من لەم کێو و شاخە دەترسم. ئازادیم ناوێ. هەر کۆت و زەنجیرەکەم چاکترە.»

پێدرۆ دەستی لە ئەژنۆی وەرهێنا و پێی وابوو هێشتا لە بەندیخانەیە. لە دڵ خۆیدا گوتی: «من پێم خۆشە لە بەندیخانەیەکی دروست و حیسابی دابم، نەک بەندیخانەی سەرما و تاریکی. خودایە گیان من کۆت و زنجیرەکەمم دەوێ. من خۆ ئازاد لە دایک نەبووم، ئازادیم بۆ چییە؟!»

هاواری کرد: «بۆ کوێ دەچی؟ مەگین تۆ فەرماندە نی؟! منیش لەگەڵ خۆت بەرە!»

دەنگی لە ناخی کێوەکاندا بوو بە زایەڵە. پوولا سەرەوخوار هەڵدەهات تاکوو خۆی بگەیەنێتە لای ئەو ئاورەی لە نێو دۆڵی «مۆرالێس»دا کرابۆوە.

ژێنڕاڵ «ئینیس یانووس» دەستی بە زگی خۆیدا هێنا و هات لە قەراخ ئاورەکە دانیشت. کڵاوی گەورەی سەربازەکان و چاوی زیتیان لە تیشکی ئاورەکەدا کەوتبوونە سەما.

«دەی! کەوابوو لە بەندیخانە هەڵاتووی؟»

ــ «بەڵێ قوربان بە تەنیا هەڵاتووم. تاکوو لەو کێو و شاخە تێپەڕم و خۆم بگەیەنمە هێزی زاپاتا و هەمیسان دەست بکەمەوە بە خەبات.»

ژێنڕاڵ پێکەنی و گوتی: «بەڕاستی گەوجی! بۆرەپیاوی نەخوێندەوار. تۆ گەلاڵەی «ئەیالا»ت نەبیستووە. زاپاتا بەو بەرنامەیەی گووی لە شۆڕش کردووە. جیکەیان لە «مادرۆ» بڕی. هەروەها ژێنڕاڵ «ویکتۆریانۆ ئۆئرتا»ش.

ــ «زاپاتا چی بە سەر هات؟»

ــ «بەگۆڕی بابی زاپاتاوە. من ئینیس یانووسم، نوێنەری یاسایی دەوڵەت. بەیانی زوو دەتبەمەوە بۆ بەندیخانە. ڕێگایەکی دوورمان لەبەرە. شتێ بخۆ با نەمری لە برسان.»

پوولا بۆ جاری دووهەم کەوتەوە بەندیخانەی پڕ لە خەم و پەژارە.

نێو حەوشەکە ئێستاش پەڵەپەڵەی چەور و ڕەشی پێوە دیار بوو. ئەو شوێنەی کە ژێنراڵیان لێ سووتاند. کاتێ بە سەر خۆڵەمێشەکەدا هەنگاوی هەڵێنایەوە ئەژنۆی کەوتە لەرزین. خودا خودای بوو لە نێو بەندەکەی بکەن و دەستی لە کۆڵ کەنەوە تاکوو سەرخەوێک بشکێنێ. دوو ئەفسەر خۆیان کرد بە ژووورێدا. یەکیان بۆرەڵووکە بوو.خێرا هەڵی دایە و گوتی: «پێویست بە شێر و ڕێوی هێنانەوە ناکا، بتهەوێ و نەتهەوێ لەو بن دیوارە ڕاتدەگرین و گوللەبارانت دەکەین. بەڵام دەبێ شوێنی قایم بوونی هاوڕێکانیشت ئاشکرا کەی. پێم بڵێ بزانم پێدرۆ ڕیۆس و فرۆیان ڕیبی یێرۆ و سین دلفۆ ماسووتێل لە کوێن؟»

ــ «ئێوە خۆ هەر دەیانگرنەوە ئیدی بۆ لە من دەپرسن.»

ــ «زمان‌درێژی مەکە، بۆ چاوترسێن کردن دەبێ هەر چوارتان پێکەوە بەو دیوارەوە بنێین و گوللەبارانتان بکەین. پێمان بڵێ لە کوێن، دەنا هەر سبەینێ لە پێش‌دا تۆ ئیعدام دەکەین.»

درگای بەندەکەی شەققەی لێوەهات و پێوەدرا. تەپەی پێی دوو ئەفسەرەکە وردە وردە دوور کەوتەوە. بایەکی سارد لە نێوان میلەکانەوە بە هاژەهاژ هاتە ژوورێ و وە لەرزینی خست. پوولا خۆی بە سەر عەرزەکەدا ڕەهێڵ کرد بۆ ئەوەی بایەکە لێی نەدا.

ــ سبەینێ بە تاقی تەنیا لەو بن دیوارە، کاتێ بە سەر خۆڵەمێشی ژێنراڵدا ڕۆیشتم ئەژنۆم کەوتە لەرزین. ئێمەش دەبینە خۆڵەمێش. پێدرۆ لە خۆڵەمێشی من و سین دلفۆ لە خۆڵەمێشی پێدرۆ و فرۆیان لە خۆڵەمێشی سین دلفۆ... تەنانەت فریای خوداحافیزیش ناکەوین. دەمویست ببمە قارەمان. بەڵام کاتێ لەو بن دیوارە ڕاتدەگرن دەبێ چ هەستێکت ببێ. کاتێ گوللە لە زگت دەدرێ و کونی دەکا یەک و دوان و سیان... تەنانەت فریا

ناکەوی خوێنەکەشت ببینی. ناتوانی ئـەو ئەفسـەرەش بـە جـوانی ببـینی کـە گوللەی خەلاست لێدەدا. گوللەیەک ڕاست لە تەختی نێوچاوانـت دەدا، تەتـەق. خودایە چەندە سـامناکە. دەترسـم... زۆر دەترسـم... ئێـوە خـۆ گوللـەباران نـاکرێن تـاکوو بـزانن دەردەکـەی چۆنـە. ئاگاتـان لـە دڵـی مـن نییـە. بـەڵام هاوڕێکـانم دەزانـن. دەتـوانین پێکـەوە قسـە بکـەین. باسـی گوللـە بکـەین و هەمووومان پێکەوە بمرین.»

پوولا هەستا سەر پێ و شەقەشەق کێشای بە میلەکان‌دا و بە نیگابانەکـەی گوت: «کارم بە سەرۆک نیگابانی زیندانە.»

ڕۆژی یەکشەممە کەڕڕەی بەیانی هێشتا گـازەنگی کلێسـە نـەزڕابوو کـە پوولا ڕووتوقـووت و خەواڵـوو و لـەش‌داتـەپیو بـە ڕێـڕەوی بەندیخانەکـەدا تێپەڕی. دەیویست هەموو شتێ وە بیـر خۆی بێنێتەوە. هەوڵی‌دا ژن و منـداڵ و دایک و باوکی بێنەوە بیـری، بەڵام تەنیا مەلێکی خووساوی دەهاتە بەرچاو کـە کـەوتبووە نێـو چۆمێکـەوە. نیگابانـەکان لەبـەر دەرکـی بەنـدێکی دیکـە ڕاوەستان. فرۆیـان و پێـدرۆ و سـین دلفۆیـان هێنایـە دەرێ. دەموچاویـانی نەدەدی بەڵام لێی ڕوون بوو کە ئـەوانن. ئێسـتا بـڕیار بـوو هـەموو پێکـەوە بمـرن. هــەر چواریـان، ئـەو هەسـتە قارەمانانـەیان لـە نـاخی‌دا ژیایـەوە. قارەمان‌گەلێکی گەورە بە ڕیز لە بـن دیوارەکـە ڕاوەسـتان و ڕوویـان کـردە جووخەی ئیعدام.

پوولا گوتی: «هەمووومان پێکەوە دەچین بۆ دنیای دیکە.»

سین دلفۆ گوتی: «دارڕزێن بۆ ڕێگایەک کە هەڵتانبژارد بۆ مردن.»

پوولا گوتی: «دەست دەدەینە دەست یەک و پێکەوە دەمرین.»

چـاوێکی لـە هاوڕێکـانی کـرد. پێـی وابـوو مـەرگ لـە پـێش‌دا بـەرۆکی هاوڕێکانی دەگرێ. چاوی قووچاند تاکوو بـەر لـە هـاتنی مـەرگ چـاوی بـە مەرگ نەکەوێ. قرمەی گوللە دەستی پێکرد. باڵندە خووساوەکە بە لەتوکوتی

کەوتە نێو چۆمەکەوە. ئەفسەری بەندیخانەکە دەمانچەی دەرهێنا تاکوو گوللەی خەلاسیان پێوەنێ کە هەر چواریان لە سەر عەرزەکە کەوتبوونە جینگڵدان.

پاشان ڕووی کردە چەکدارەکانی جووخەی ئیعدام و نەڕاندی: «جارێکی تر ئەگەر بە یەکەم گوللە ئەو زۆڵانە سارد نەکەنەوە خۆم دەزانم چیتان لێدەکەم.»

چاوێکی لە دەستی خۆی کرد. وەرچەرخاوە و دوور کەوتەوە.

# ئیتالۆ کالڤینۆ

ئیتالۆ کالڤینۆ یەکێ لە نوێخوازترین نووسەرانی ئەمڕۆیە. ئیتالۆ کالڤینۆ ساڵی ١٩٢٣ لە بنەماڵەیەکی ئیتالیایی لە کووبا لە دایک بووە. دایکی و باوکی هەردووکیان دانشمەند بوون و ساڵی ١٩٢٥ گەڕانەوە بۆ ئیتالیا. هەردووکیان پسپۆڕی خاکناسی و زانستی سروشتی بوون ولەگەڵ گورِ و تینێکی سیاسی کوڕەکەیان پەروەردە کرد و پێیان گەیاند.

لە شەڕی جیهانی دووهەمدا کالڤینۆ خوێندنی زانستگای تۆرینی بە ناتەواوی هێشتەوە و چووە ڕیزی چەکدارانی دژ بە حکوومەتی نازی. یەکەم بەرهەمی بە ناوی (ڕێگەی هێلانەی جاڵجاڵووکەکان) ساڵی ١٩٤٧ بڵاوکرایەوە. کە ڕاڤەی ڕاستەقینەی بڕێک لە ئەزموونەکانی خۆی بووە. هەر ئەوساڵە پایاننامەیەکی سەبارەت بە ژوزێف کێنراد نووسی و لە ڕشتەی ئەدەبیدا خوێندنی باڵای تەواو کرد.

جگە لە چیرۆک نووسین لە بواری سیاسی دا چالاک بوو، بەردەوام وتاری بۆ گۆڤاری کۆمۆنیستی (لۆنیتا) دەنووسی. ساڵی ١٩٥٧ لەو حیزبە جیابۆوە.

بووە ئەندامی بڵاڤۆکی Einaudi press هونەری ئەو و چیرۆکنووسین بوو دوای یەکەم سەرکەوتنی بەسەر ڕاستەقینەدا ڕووی کردە خەیاڵ. یان شێوەیەک تێکەڵاوی بێوێنە لە ڕاستەقینە و خەیاڵ بووە شێوازی کالڤینۆ. ساڵی ١٩٥٢ چیرۆکی درێژی مێروولەی ئەرژانتینی بڵاو کردەوە، کە (گوریدال) [نووسەری ئەمریکایی] بە شاکارێکی پەخشانی سەدەی بیستەمی ناو برد و گوتی: خوێنەر لە ترسانا وەپێکەنین دەخا. شاکارێکی

تری ئەو چیرۆکێکە بە ناوی «دووکەڵمژ» کە ساڵی ١٩٥٨بە ئینگلیزی وەرگێڕدرایەوە و جگە لە داهێنەرییەتی پڕشنگداری کالڤینۆ زانیاری کۆمەڵایەتیی ئەویش نیشان دەدا: کاتێ کە زۆربەی ئیتاڵیاییەکان مۆجزەی ئابووریی ئیتاڵیایان کردبوو بە جێژن، کالڤینۆ زیانەکانی ئەو پیشەسازییەی بە بۆنەی پیس کردنی هەواوە دا بە گوێیاندا. گەورەترین بەرهەمی ئەو لە دەیەی پەنجادا سێ لکەیەکی حیماسی گاڵتەجاڕی بوو بە ناوی «وێکنتی دوولەت» ١٩٥٢ و «بارانی دارین» ١٩٥٧ و «شاسواری پیوار» ١٩٥٩.

بەرگی یەکەمی (چیرۆکەکانی ئیتاڵیایی) ساڵی ١٩٥٦ بڵاو بۆوە (تیسفر) ساڵی ١٩٦٧ و بەرگی دواییشی واتە (شاری نادیار) ساڵی ١٩٧٢ بڵاو کرایەوە.

# پەرژین

ئیتالۆ کالڤینۆ

بۆ زۆربەی لەشنەرمان، شکڵ و وێنەی بەرچاو گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لە کۆی ئەندامی چەشنی خۆیدا. چونکە ئەوان ناتوانن یەکتر ببینن و تەنیا بە شێوەیەکی شاراوە و کەمڕەنگ لە کەسان و دەوروبەری خۆیان دەگەن. ئەم شتەش نابێتە دژی ئەوەی کە خەت و خاڵ و جوانی لەبەرچاومان جوان بنوێنن، وەک پێستی زۆربەی گیانلەبەران کە جیا لە هەموو پێوەندییەک بە ڕوونی دیار و ئاشکرایە.

١

مەبەستت منە ـ QFWFQ پرسیی ـ کە خۆم بەو تاشەبەردەوە نووساندبوو؟ کاتێ شەپۆلەکان بە نەرمی سەروخواریان دەکرد و من لەوێ، بە ئارامی تخێڵ ببووم و هەرچی بۆ مژین دەبێ بیرم لێدەکردنەوە؟ ئەگەر هەر ئەمکاتەیە کە دەتهەوێ تێبگەی، من شتێکی وای لێنازانم. شکڵ؟ من نەمبوو، یانی نەمدەزانی هەمە، یان هەر نەشمدەزانی کە تۆش لەوانەیە بتبێ.

هەر ئاوا کەم و زۆر لە هەموو لایەکەوە گەورە بووم؛ ئەگەر هەر ئەوەیە کە تۆ دەڵێی گەورەبوونی لە چوار تەنیشتەوە، بەڵام ڕاستت دەوێ، هیچکات بە وردی سەرنجم نەداوەتێ، بۆ دەبێ لایەکم لە لایەکم زووتر گەورە بێ؟ نە چاوم بوو، نەسەر، نە بەشێک لە جەستە کە لەگەڵ بەشەکەی دیکەم جیاوازیی ببێ. ئێستا هەوڵ دەدەم بە خۆمی بسەلمێنم کە ئەو دوو کونەی کە بووم یەکیان دەم و ئەویتریان قوون بوو. کەوایە من هەر لەو کاتەوە یەکیەتی تەوەرەییشم بووە، ڕاست وەک ئێوە و هەموو گیانلەبەرانی دیکە. بەڵام هەر بە ڕاستی وەبیرم نایە کە جیاوازییەکەم لە نێوان ئەم دوو کونە دانابێ. چونکە دەمتوانی لە هەر کامیان پێم خۆش بێ، کەڵک وەرگرم و دەرەوە و ژوورەوە بۆ من تۆفیرێکی نەبوو؛ ئەم فەرق و جیاوازییانەی پاشان هاتنەگۆڕێ، هەڵبەت پاشان وردە خەیاڵان هەڵیگرتم، بۆ وێنە خوراندنی بن باغەڵم یان سواری یەک کردنی لاقەکانم، یان تەنانەت جارێک هاتمە سەر ئەوەی سمێڵێکی بابڕ دانێم. ئەم قسانە ئێستا دەکەم بۆ ئەوەی چاتر مەبەستەکەم بپێکم. بڕێکم خانە (سلوول) بوو کە زۆرتر لە یەک دەچوون و یەک کاریان دەکرد، بەڵام چونکە هیچ شکڵێکم نەبوو دەمتوانی هەموو جۆرە شکڵ و وێنە و دیمەنێک لە مێشکمدا هەست پێبکەم و وەک چۆنیەتی و کاریان و هۆی بوونیان، وەلحاسڵ هیچ لەمپەرێک لەسەر ڕێی بیرمدا نەبوو. کە هەر بە ڕاستی بیریش نەبوو، چونکە من مێشکم نەبوو تاکوو بیری پێبکەمەوە. خانەکان بۆ خۆیان هەر شتێ کە پێیان خۆشبوایە بیریان لێدەکردەوە، بە وێنەش نا، چونکە ئێمە هیچ وێنەیەکمان لە هیچ شتێ وەبەرچاو نەدەهات، تەنیا بەو شێوە ونە پیاو خۆی لە شوێنێکدا هەست بە بوونی خۆی بکا، کە لەگەڵ خۆگۆڕین و خۆپێک گرتن لەگەڵ دەوروبەر خۆی تەکووز بکا و هەست بە بوونی خۆی بکا.

بارودۆخی ژیانی من لەو کاتەدا بە پێچەوانەی ئەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە، ژیانێکی خۆش و لەبار و بە دڵم بوو، ژنم نەهێنابوو، (ئاخر ئەو

کاتە زاوزێ وەک ئێستا پێویستی بە نزیکی کردن نەبوو) سالم و دوور لە بەرزەفڕیی زیادی بوو. کاتێ کە لاوی هەموو کامڵ بوونێک لەبەر پێت دایە و هەرچی پێت خۆشە دەیکەی. هەر بۆیە لەو کاتەدا وەک لەشنەرمێکی هەویرئاسا تەڕ و بڕ و شاد لەسەر تەختەبەردێک ڕەهێڵ دەبی. ئەگەر گیروگرفتەکانی دوایی لەبەرچاو بگری، ئەگەر بیری لێبکەیەوە کە چۆن شکڵێک، شکڵەکانی تر لەنێو دەبا، ئەگەر بڕوانییە ژیانی ڕۆژانەی یەک شێوە و چەنپاتە و لە کۆتاییدا خۆت لە داوی ئەو ژیانەدا ببینی، چاکە، ئەوا من دەتوانم زۆر بە سانایی پێت بڵێم کە ئەو کاتە ژیان زۆر خۆش و جوان بوو.

هەڵبەت حاشای لێناکەم کە من سەرقاڵی کاری خۆم بووم و ژیان ئەو کات لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆ عەرز و ئاسمانیان فەرق بوو. حاشا لەوەش ناکەم کە بڕێ بە هۆی تەمەن و بڕێکیش لەبەر کاریگەری ژینگە ـ تا ڕادەیەک خۆپەرست و لووتبەرز بووم؛ یانی دایمە چاوم لە خۆم بوو و هەموو عەیب و بێعەیبیەکانی خۆمم دەدی و خۆم لەبەر خاتری هەرکیان خۆشدەویست. هەڵبەت ئەوەت پێ بڵێم کە هیچ پێوانەیەکم بۆ هەڵسەنگاندن نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا مێشکێکی ئەوندە دواکەوتووم نەبوو کە نەزانم لە منیش زیاتر هەیە: تەختەبەردێک کە پێوەی نووسابووم و چنگم لێگیر کردبوو؛ ئاوێک کە لەگەڵ هەموو شەپۆلێک دەهاتەژێرم، هەڵبەت شتگەلێکی دوورتر لەوانیش یانی دنیا. ئاو سەرچاوەیەکی زانیاری بوو، ڕاست و جیگای متمانە. خۆراکی بۆ دێنام کە بە هەموو ڕووبەری لەشم هەڵمەقووتم دەکرد و شتگەلێکی دیکەش کە یارمەتییان دەدام، لە دنیای دەوروبەرم تێبگەم. سیستمی کار بەم شێوە بوو: کە شەپۆلێک دەهات و من هەوروا کە خۆم بە تەختەبەردەکەوە لکاندبوو، تۆزێ خۆم هەڵدێنا و تەنیا بەس بوو تۆزێ قورسایی خۆم کەم بکەمەوە، و ئاوی هەڵپڕژاو و پڕ لە خۆراک و هاندەر و شتی وا بە ژێرمدا تێدەپەڕی.

قەت نەتدەزانی کە ئەم هاندەرانە چین و چ دەکەن: هێندێ جار ختیلکەیان دەدای و ژانت دەکرد، هێندێ جار وەلەرزینیان دەخستی و برێ جاریش ئالۆش و کزانەوە. هەڵس و کەوێتکی دایمە بوو لە نێوان سەرسوورمان و سەرگەرمیدا. لەگەڵ ئەوەشدا پێت وانەبێ من وەک گەمژە و حەپەحۆلێک ڕادەکشام و هەر شتێ بهاتبایەتە پێشێ، دەمقۆستەوە.

کەوابوو دوای ماوەیەک بۆم ببووە ئەزموون و دەمتوانی خێرا تێبگەم کە چی بۆ لام بەڕێوەیە و چبکەم کە بە چاکترین شێوە کەڵکی لێوەرگرم یان لە ئاکامە ناخۆشەکەی خۆم بپارێزم. هەموو ئەمانە وەک گەمەیەکی لێهاتبوو لەگەڵ خانەکانی لەشم: خۆ وێکهێنانەوە و خۆ فشکردنەوەی بەجێ و خێرا. دەمتوانی هەڵبژێرم، هەلاوێرم، وەرگرم و تەنانەت شتێکم بە دڵ نەبوو دەریدەمەوە.

بەو شێوە بۆم دەرکەوت دیترانیش هەن؛ مادەیەک کە منی گەمارۆدابوو شوێنی ئەوانی پێوە دیار بوو؛ دیترانی دژی من و بێجگە لە من. یان بە شێوەیەکی قێزەون لە شێوەی من. نا، ئەوا خەریکم خۆم وەک کەسایەتییەکی ناحەز و دزێو بە تۆ بناسێنم، کە ئەوە کارێکی جوان و باش نییە. وەلحاسڵ هەر کاممان سەرقاڵی کاری خۆمان بووین. بەلام بوون و هەنتەشی ئەوان دڵگەرمی پێدەبەخشیم. دەوروبەرم ناوچەیەکی ئاوەدانی دروست دەکرد، لە ترسی ئەوەی نەکا دیاردەیەکی مەترسیدار بم، دەڕووخایەوە. دیاردەیەک کە ئەگەر بوون تەنیا چارەنووسی من بوو، تاراوگەی من بوو، ئەوە باشە.

پاشان بۆم دەرکەوت کە برێ لەو دیترانە ماددەن. ئاوەکە لەرینەوەیەکی سەیری دێنا و دەبرد. وەک «فوڕڕڕڕڕ ـ فوڕڕڕڕڕ ـ فوڕڕڕڕڕ». یەکەم جار کە بەوەمزانی هەر لە بیرمە. یان پێموایە یەکەم جار نەبوو. کاتێ تێگەیشتم دەتگوت زۆر لەوە پێش ئەوەم زانیوە، هەر لە بیرمە. دۆزینەوەی ئەو لەرەلەرە وەچاوە زیتەی خستبووم، نەک بۆ ئەوەش کە بیانبینم یان ئەوان

من ببینین ـ چونکە ئێمـە هیچمـان چاومـان نـەبوو دوو شـتی تـەواو جیـاواز بووین و هەمووکەس لە یەکتر دەچن، هەر بۆیە من بە دیتی ئەوان زیاتر شاد دەبووم، هەتا دیتنی خۆم، وردبینی بۆ ئەوەی کە ئایا ڕووداوێک لە نێوان مـن و ئەوانـدا دەقەومێ. دڵەکوتەیەک ئـازای ئەنـدامی داگرتبـووم؛ تاسـەیەک بـۆ نەکردنی کاری تایبەت کە نەوەک خراپ بێ. ئەگـەرچی وەک ڕۆژ لـێم ڕوون بوو کە کارێکی تایبەت و کارێکی نابەجێش نەبوو، مـەگین بـە شـێوەیەک بـۆ وەڵامدانەوەی ئەو لەرینەوەیە بە لەرینەوەیەکی دیکە، یان بە جووڵاندنـەوەی جەستەی خۆم، چونکە هەر ڕاست شتێک لەو شوێنە بوو کـە بـە تـەواوی لـە شتەکانی دیکە نەدەچوو. دەزانم کە ئێستا لەوانەیە بڵێی خەتای هۆڕمۆنـەکان بووە، بەڵام بۆ من هەر بە ڕاستی دڵگر و جوان بوو.

پاشـان بـە شڵـپ و هـۆڕ گـەرای دەدادەرێ و منـیش خێـرا لـە سـەریان وەکورک دەکەوتم و هەڵمدێنان. هەموو ڕژانـە زەریاکـەوە و لەبـەر تیشـکی خۆر و ئەو ئاوە شلەتێنەدا تێکەڵ بوون. هاهـ لە بیرم نەبوو کە پێت بڵێم مـن هەستم بە تینی هەتاو کرد کە ئاوەکەی گەرم دادێنا و تەختەبەردەکەی سوور دەکردەوە.

گوتم یەکێ لەوانـە لـە نێـوان ئـەو شـتانەدا کـە زەریـا وەک شـۆرباوێکی کەفاوی دەیپرژاند بە گیانمـدا و سـەرەتا فـەرقم پـێنـەدەکرد و بـە نێوانیانـا دەگەڕام بێئەوەی سەرنج بدەمێ کە ئەمە چییە و ئـەوە چییـە، لەپـڕدا زانـیم کامیان زیاتر لەگەڵ ئیشتیای من سازگارە. جـۆرێ ئیشـتیا کـە تـا ئـەو کاتـە خۆشم پێمنەزانی بوو. بە زمانێکی دیکە من ئاشق ببووم. مەبەستم ئەوەیە کە دەستم کردبوو بەوەی کە شتەکان لێکبکەمـەوە و نیشـانەکان لێکتـر جیـاوە بکـەم. لـە ڕاسـتیدا ئـەو نیشـانانەی کـە دەسـتم پێکردبـوو چـاوەڕوانی مەعلوومکردنیان بووم. بە دوایاندا دەگەڕام. بەو نیشانانەی کە چاوەڕوانیـان بووم، بەو نیشانانە وەڵامم دەدانەوە کە خۆم سازم کردبوون. یان ڕەنگە هەر

خۆم بووم کە ئەوانەم قوت دەکردەوە و نیشـانەکانی ئـەوم بـە نیشـانەکانی خۆم وڵام دەدایەوە؛ یانی من ئاشقی ئەو بووم و ئەو ئاشـقی مـن بـوو، دەی لەوە زیاتر چیم لە ژیان دەویست؟

ئێسـتا خووخـدەکان گـۆڕاون و ڕەنگـە بـڕوا نەکـەی کـە کەسـێ بتوانـێ مادەیەکی ئاوا کە بێئەوەی کاتێکی لەگەڵدا تێپەڕکردبێ، خۆشی بوێ. لەگـەڵ ئەوەشدا هەر لەو بەشەی تراوکەی بە هەڵەنەچووی ئەو لە ئـاوی زەریاکـەدا، کە شەپۆل پێیان دەدام، هێندێ زانیاریم وەدەست کەوت، زیاتر لەوەی کە تـۆ بیهێنییە بەرچاوی خۆت، نەک زانیارییەکی گشتی و ئاسایی کـە تـۆ ئێسـتا بـە دەستی دێنی، وەک دیـتن و بـۆن کـردن و لـەمس کـردن و بیسـتن، بەڵـکوو زانیارییەکی تەواو کە پاشان دەمتوانی لە دەرفەتی هەڵـکەوتوودا لـە زەینمـا پەروەردەی بکەم. دەمتوانی زۆر بە وردی بیری لێبکەمەوە، نەک بەوەی کـە چۆن سازکراوە، کە شێوەی دزێو و لەبـەرچاو کـەوتووی بیرکردنـەوە بـوو، بەڵکوو بیرم لەوە دەکردەوە، کە چۆن لەم بێشکڵییەی ئێستاوە ببێتە شکڵێکی بـێبڕانـەوە و دیسـان خـۆی هـەروا بمێنـێ. تـۆزێکیش بـیرم لـەو شـکڵانە نەکردبۆوە، کـە ڕەنگـە بـە خۆیـەوە بگـرێ، بـیرم لـە چۆنییەتییـەکی تایبـەت دەکردەوە کە بە گرتنی ئەو شکڵانە بەوانی دەدا.

بە شێوەیەکی تر زۆر چاکم دەناسـی: بـەڵام متمانـەم پێنـەدەکرد و بـەین بـەین تووشـی دڕدۆنگـی و تـووڕەیی و خەفـەت دەبـووم. بـەڵام وەدەرم نەدەخست ـ خۆ دەمناسی ـ بەڵام لە پشت ئەو دەمامکە بێهەستەوە، بیرم لـە شـتی وا دەکـردەوە کـە تەنانـەت ئێسـتا نـاتوانم خـۆم ڕازی بکـەم کـە ئـەو بیرۆکانە بدرکێنم. زۆر جار بیرم دەکردەوە نەکا خەیانەتم پێبکا و پـەیامی وا بۆ خەڵکیش بنێرێ. زۆرجار وەشک دەکەوتم کە پەیامێکم لە نێوڕێدا پێدراوە. یان بۆ پەیامێکی خۆم زاراوەیەکی مەراییکەرانەم دۆزیبۆوە. بەخیل ببـووم ـ ئێستا دەتوانم ددانی پیابنێم ـ نەک ئـەوەی کـە متمانـە هـەر بـە ئـەو نەکـەم.

بەڵکوو بێ باوەڕیی خۆشم: کێ دەیتوانی ئەو متمانەیەم پێبدا کە ئەو بەڕاستی بۆی ڕوون بۆتەوە من کێم؟ یان بۆی دەرکەوتووە کە من هەم. پێوەندییەک کە بەهۆی ئاوی زەریاکەوە بۆ ئێمە وەدیهاتبوو. پێوەندییەک چڕوپڕ زیاتر لەوەی کە ویست و داخوازم بێ؟ کێ دەتوانێ متمانەم پێبدا کە ئەو شتەی ئەو لەوانەبوو لە مندا دیبێتییەوە، لە کەسێکیتر و دوو کەسیتر و دەیان و سەدان کەسیتردا نەیدیوەتەوە؟ کێ دەیتوانی متمانەم پێبدا کە ویستی ئەو لە کاتی پێوەندیماندا هەوەس و بێسەرەوبەرەیی و خۆش ڕابواردنی بە نۆرە و تێکڕایی نییە؟

ناڕاست بوونی ئەم شکڵانە و لەرینەوەیەکی نەرم و ناسک و تایبەت کە هێشتا هێندێ جار بەهۆی شەرم و شکۆوە دەلەرزێ پێی سەلماندم، بەلام ئەگەر ئەو لەبەر شەرم و حەیا و بێئەزموونی سەرنجی تایبەتمەندییەکانی منی نەدایە و دیتران لەم بێتاوانی و پاکییەی سوودیان ببردایە و گزەیان لێبکردایە، ئەو کاتە چی؟ یان ئەگەر ئەو بەهۆی خاوییەوە گومانی بکردایە کە هێشتا منم و لێکینەکردایەینەوە و پۆلێ غەریبەش لەو کایە تایبەتەدا بەشدارییان بکردایە چی؟

ئەو کاتەبوو تراوکەی قسڵم لێدەدەلا و دەمویست شتێک ساز کەم کە بوونی من بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان نیشان بدا. شتێکی کە ببێتە پەرژینێکی بوونی تایبەتی بۆ من لە هەمبەر بێسەرەوبەریی دیتراندا. ئێستا نامەوێ چەندرێژی بکەم و ڕەسەن بوونی ئەم ئامانجەم بسەلمێنم . هەر ئەو وشەی کە سەرەتا گوتم تەواوە: سازکردن، دەمویست ساز کەم؛ چۆنکە هیچ کات هیچم ساز نەکردبوو و بیریشم لێ نەکردبۆوە کە تۆ بتوانی شتێک ساز کەی، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕووداێکی گەورە بوو. بەم شێوە دەستم کرد بە سازکردنی یەکەم شت کە بە زەینم گەیشت، یانی پەرژینێک. لە درزەکانی پێستی لەشمەوە کەڵکم لە هێندێ گریمانە وەرگرت و دەستم کرد

بە خاڵی کردنی ئاوەکی و جەغزێکم بە دەوری خۆمدا تەنی. تا ئەوەی بوومە خاوەن دیوارۆچکەیەکی ڕەنگاوڕەنگ کە دەرەوەی زبر و نـاوەوەی نـەرم و بریقەدار بوو. هەڵبەت بۆ دروست کردنی ئەو دیوارە و شـێوەکەی مـن هـیچ دەسەڵاتێکم نەبوو تەنیا هەڵدەتووتەکام و بێدەنگ و کڕ تەڕاییم دەدەلاند. تـا ئەوەی بوومە خاوەنی ئەو دیوارۆچکە مارپێچییە، کەوا دەیبینی و پێـت وایـە سازکردنەکەی زۆر کارێکی دژوارە، بەڵام کارێکی زۆر گران نییە و ئەگەر لـە پەستا و بەردەوام ئەو مادەیە بدەڵێنی بۆ خۆی ئاوا پێچ پێچ دەردێ.

کاتێ ئەو پەرژینە دروست بوو، جێ حەسانەوەیەکی پێویست و باش بـوو و ببووە مەتەرێزێکی لەبار بۆ مانەوەم. ئەگەرچی بە سازکردنەکەی زۆر شاد بووم، کاتی دروست کردنەکەی بیرم لەوە نەکردبۆوە کە بۆیەی ساز دەکـەم کە پێویستیم پێیەتی، بە پێچەوانە وەک شێوەی سەرسووڕمان وایە کـە پیـاو دەتوانێ دەری‌نەبـڕێ و بـەڵام دەریدەبـڕێ و دەڵـێ «نابـاوە!» یـان «تـەح!» پەرژینەکـەم بـەو شـێوەیە سـاز کـرد. تـەنیا بـۆ چۆنیـەتی حاڵـم و لـەو سـاتەوەختەدا دەسـتم کـرد بـە هەڵگوشـینی خـۆم و هـەموو ئـەو بیرانـەی سەبارەت بە ئەو دەمکردەوە. تووڕەیی و خۆشەویستی و ویستی مانـەوە و حەزی ئەوەی کە من خۆم بم و ئەویش خۆی، ئـەوینی خـۆم کـە لـە ئـەوینی ئەودا دەدییەوە. هەموویانم توورِ هەڵدا و هەموو ئەو شتانەی کـە لـەنێو ئـەو پەرژینە مارپێچەدا، لەنێو ئەو شەیتانۆکەیەدا دەکرێ بیانبینین.

لە مەودای دیاریکراوەوە ئەو مـادە قسڵـییەکەی کـە دەمدەڵاند، دەبـووە ڕەنگێک؛ بەم شێوەیە چەن تەنزیلی جوان دروست بـوو کـە بـە نێـوان پـێچ و پلووچەکاندا تێدەپەڕی. ئەو پەرژینە شتێک بوو جیا لە جەستەی مـن، کـەچی بەشێک لە سەرەکی‌ترین بەشی من و پێناسەی من و نیشاندەری وێنـەی مـن بوو بە سیستمێکی تەکووز لە بارستایی و هێڵ و ڕەنگ و مادەی ڕەق و قایم، وێنەی ئەویش بوو، چونکە هەر لەو کاتەدا ئەویش خەریک بوو پـەرژینێک بـۆ

خۆی ساز بکا و وەک ئەوەی من، منیش بێئەوەی بزانم خەریک بوو لاساییم دەکردەوە.ئەویش بێئەوەی بزانێ خەریک بوو لاسایی منی دەکردە. هەموو لاسایی یەکتریان دەکردەوە. هەر بۆیە بەو شێوەیە هەمووومان لەجێی خۆمان بووین؛ تەنیا جیاوازییەکی کە بوو ئەوە بوو کە من لـەوەی کـە دەمـدی ئـەم پەرژینانە وەک یەک وان زۆر بەپەلە بووم، چونکە ئەگەر بە وردی سـەرنجت بدایەتێ، فەرق و جیاوازییەکی چکۆڵەت دەدی کە پاشـان لەوانـە بـوو گـەورە ببنەوە. کەوابوو دەتوانم بڵێم پەرژینی من خۆی دەستی کرد بـە سـازکردنی خۆی. بێئەوەی من بۆ جۆراوجۆربوونی ئەرکێکم لە ئەستۆ بێ. هەڵبەت نەک بەو مانایە کە ئەو چەن وەختە لێی غافڵ بووم، بـە پێچەوانـە، هـەموو هەوڵـم ئەوە بوو کە تراوکە بدەڵێنم و هۆشم هەمیشە لەسـەرخۆ بـێ و بـیر لـە هـیچ شتێکی دیکە نەکەمەوە. یان دایمە بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە، چونکە هەر بە بیریشمدا نەدەهات کە چۆن بیر لەو پەرژینە بکەمەوە، هەروا کـە نەمـدەزانی چۆن بیر لە شتی دیکـە بکەمـەوە و تـەنیا هەوڵـی سـاز کـردنی پەرژینەکـەم لەگەڵ هەوڵی بیرکردنەوە لەو کارە کردە یەک. ئێستا خەریکم شتێک دروست دەکەم. کە هەر شتێکیش دەتوانـێ ببـێ؛ یـانی بـیرم لـە تـەواوی ئـەو شـتانە کردەوە کە لەوانەیە ساز بکرێن. کەوابوو تەنانەت کارێکی پڕ لـە مانـدووییش نەبوو، چونکە ئەو هەوڵەی بیرکردنەوەی لەگەڵـدا بـوو هـەتا ڕادەیـەکی زۆر چووەپێشـێ؟ کـە هـەر کامـەیان هـەتا ڕادەیـەکی زۆر چەشـنی کارەکـە دەگرێتەبەر، کە هەرکامەیان لەوانە بوو بە کاری دروسـت کـردنی زۆر شـت بێ و ساز کردنی هەر کام لەو شتانە ببێتـەهۆی گـەورەبوونی ئـەو پەرژینـە پێچپێچە...

## ٢

ئەوا ئێستاش پاش تێپەڕینی پێنج سەد ملوێن ساڵ تەماشای دەوروبەری خۆم دەکەم و لەسەر تەختەبەردەکە ژێرسازیی هێلاسن دەبینم و شەمەندەفەرێک کە بەسەریدا تێدەپەڕێ. لەگەڵ پۆلێک کچی هۆڵەندی کە لە پەنجێرەکانییەوە سەریان دەرکێشاوە و لە کووپەی ئاخری شەمەندەفەرەکەدا موسافیرێکی تەنیا خەریکە چاپی دووزمانەی کتێبی هێرۆدۆت دەخوێنێتەوە. شەمەندەفەرە کە لە تونێلێکی ژێر شارێگادا ون دەبێ ئەو شوێنەی کە تابلۆیەکی ئەهرامی لێیە و لێی نووسراوە «میسر ببینن». ماشێنێکی چکۆلەی چلوورەفرۆشی دەیهەوێ پێش ئەو کامینۆ گەورەیە بکەوێ کە بارەکەی ژومارەیەکی گۆڤاری «ئینسایکلۆپیدیا»یە کە جاروبار چاپ دەبێ و بەرگەکەی بریقەدارە. بەڵام لەپڕدا تورمیز دەگرێ چونکە شەڵغەیەک مێشەنگوین بەرچاوی دەتەنن. ئەو مێشەنگوینانە لە جادەکە تێدەپەڕن و بەڕیز دەڕۆن. لە مەزرایەکەوە هاتوون کە دیارە مەلەکەکەیان خەریکە ئەو شوێنە چۆڵ دەکا و شەڵغەیەک مێشەنگوینی وەدوای خۆی داوە و بە پێچەوانەی دووکەڵی قەتارەکە کە لە تونێلەکە هاتۆتەدەرێ، دووکەڵی شەمەندەفەر و پۆلی چروپڕی مێشەنگوین ناهێڵن هیچ ببینی. تەنیا چەن هەنگاو لەولاوە دەبیندرێ کە وەرزێرێک خەریکە بە قولینگ زەوی هەڵدەدڕێ، لەپڕ لەتە قولینگێکی زەمانی زوو دەبینێتەوە کە ڕاست لە قولینگەکەی خۆی دەچێ و خێرا دایدەپۆشێتەوە، لە باخێکا کە دەوراندەوری پڕ لە تەلەسکۆپی ڕەسەدخانەیە و بەرەوڕووی ئاسمان دابەستراون. لە بەردرگا کچی نیگابانەکە دانیشتووە خەریکی خوێندنەوەی فاڵی ئەو گۆڤارە هەفتانەیە کە وێنەی کارەکتەرێکی فیلمی «کلیئۆپاترا» لەسەر بەرگەکەی چاپ بووە، هەموو ئەوانە دەبنیم و تووشی سەرسووڕمانیش نابم. چونکە دروست کردنی ئەم پەرژینە تایبەتەی من بۆتەهۆی دروست بوونی هەنگوین لەنێو

شانەی مێودا، خەڵووزەبەرد و تەلەسکۆپ و پاشایەتی کلیئۆپاترا و فیلمەکانی کلیئۆپاترا و ئەهرامی میسر و گەلاڵەی «مەنتقەتـەلبرووج»ی ئەستێرەناسـانی کلـدانی و شـەڕی ئیمپڕاتۆرییـەکان کـە هێـرۆدۆت باسـیان دەکـا و نووسراوەکانی هێرۆدۆت و بەرهەمی نووسراوە بە هەر زمانێک و هـەروەها بەرهەمی ئیسپینووزا بە زمـانی هۆڵـەندی و وەلحاسـڵ چاردە دێـڕ ژیـان و بەسەرهات و بەرهەمی ئیسپینووزا کە لە ژمارەی ئەو گۆڤارەی لە کامنیۆکـە بارکراوە و ماشـێنی چلـوورەفرۆش دەیهـەوێ وەپێشـی کـەوێ، هـەموویان واهەسـت دەکـەم بـە سـازکردنی ئـەو پەرژینـەی خـۆم، بوومەتـە هـۆی دروستبوونیان.

چاو بە دەورمدا دەگێرم. بە شوێن کێدا دەگـەڕێم؟ هێشـتا هـەر بـە دوای ئەودا دەخولێمەوە. پێنجسـەد میلیـۆن سـاڵ ئاشـق بـووم و هەرکـە کچێکـی هۆڵەندی لە ڕۆخی دەریاکە دەبینم کە لەگەڵ کوڕێکی مەلەوان کە زنجیرێکـی ئاڵتوونی لەملدایە و شەڵغەی مێشەنگوینی نیشان دەدا کـە بیترسـێنێ، دەڵـێم ڕاست خۆیەتی. ئەو بەجۆری شـانهەڵـتەکاندنەکەیدا دەناسمـەوە کـە کـەس ناتوانێ لاسایی بکاتەوە. شانێکی هەڵدەتەکێنێ  و ملی تۆزێ لار دەکاتەوە، وا کە شان و ڕوومەتی بە ئاستەم لێک دەدرێن، دەتوانم بڵـێم تـا ڕادەیـەک لـێم ڕوونە کە ئەوە، یان هەر تەواو لێم ڕوونـە، بـەڵام ئەگـەر ئەوندەی شـێوەی کچی نیگابانی ڕەسەدخانەکە نەدایە؛ کە وێنەی کاراکتـەری کلیئۆپـاترا و یـان ڕەنگە خودی کلیئۆپاترا، چونکە بەشێک لە وجوودی کلیئۆپاترا دەڵێن شێوەی هەموو وێنەیەک دەدا. یان لەگەڵ ئەو مەلەکەی مێشەنگوینە کە ئاوا چالاکانە و ئازا پێشکەوتووە یان وێنەی ژنێک کە بڕیویانـە و بـە شووشـەی پێشـەوەی ماشێنی چلووەفرۆشەکەوە چەسـپاوە، کـە جلوبەرگەکـەی وەک جلوبـەرگی کچـە هۆڵـەندییەکەی ڕۆخـی زەریـا وایـە کـە ئێسـتا ڕادیۆیـەکی چکۆلـەی ترانزیستۆری پێیە و گوێی لە گۆرانیی ژنێک گرتووە، هەر ئەو گۆرانییەی کـە

لێخوڕی کامینۆی گۆڤاری ئینسایکلۆپیدیا کە لە ڕادیۆکەیەوە دەیبیستێ و هەر ئەوەی کە ئێستا ئیتر لێم ڕوونە کە لە پێنجسەد ملوێن ساڵ لەوە پێشەوە بیستوومە. حەتمەن ئەوە گوێم لە دەنگییەتی و بۆ دیتنی هەموو دنیام سەنگ و سووژن داوە و تەنیا پۆلێک نەوڕەس دەبینم کە بەسەر ئاوەکەوە مەلە دەکەن. لەو شوێنەی کە ڕەوەیەک وردەماسی گەڕۆک بریقەیان دێ و لەپڕ گومانم نامێنێ کە ئەوە نەوڕەسێکی مێوەیە و پاشان وەشک دەکەوم نەکا ماسییەکی گەڕۆک بێ. ئەگەرچی هەر بەو ڕادەیەش دەکرێ هەر مەلەکە و قەرەواشێک بێ کە هێرۆدۆت باسی کردووە، یان تەنیا لە کتێبێکدا ئاماژەی پێکراوە کە ماوەتەوە تاکوو ئاگای لە کورسیلەی خوێنەرێک بێ کە چۆتە ڕێڕەوی شەمەندەفەرەکە تا لەگەڵ توریستە هۆڵەندییەکان سەری قسان بکاتەوە. دەتوانم بڵێم دانە دانەی ئەو کچانەم خۆشدەوێ و لەو کاتەش دا دڵنیام کە هەمیشە تەنیا و تەنیا هەر ئاشقی ئەو بووم.

هەرچەندەش خۆم بە ئەوینی ئەو ئازار دەدەم، کەمتر دەتوانم خۆم ڕازی بکەم و بەوان بڵێم «من لێرەم!» لە ترسی ئەوەی نەکا بە هەڵەچووبێتم و زیاتریش لەوە دەترسم نەکا ئەویش من نەناسێتەوە و لەگەڵ کەسێکی تر لێی بگۆڕێ. کەسێک کە لەگەڵ ئەوەی ئاشنای منە بە ئاسانی بێت جێی من پڕبکاتەوە. وەک ئەو کوڕە مەلەوانەی زنجیرە زێڕەکەی لەملدایە، یان بەڕێوەبەری ڕەسەدخانە، یان نەوڕەسەکە. یان ماسییەکی گەڕۆکی نێر، یان ئەو خوێنەرەی هێرۆدۆت یان هێرۆدۆت خۆی، یان ئەو چلوورەفرۆشەی کە لە جادەخاکی نێوان هەرمێ کۆڵەکانەوە بەرەو ڕۆخەکە هاتووە و گەیشتۆتە نێو ئەو کچە هۆڵەندییانەی وا جلوبەرگی مەلەیان لەبەر دایە، یان ئیسپینووزا، یان لێخوڕی ئەو کامیۆنەی کە بارەکەی سەربردە و بەرهەمی هەزار جار کورتکراوە و پاتەکراوەی ئیسپینووزا یان یەکێ لەو مێشەنگوینە نێرانەی کە

لە نێو پلوورەکەیدا دوای دەورگێڕانی کارەکەی خۆی بۆ پاراستنی ڕەگـەزی خۆیان خەریکی گیاندانە.

٣

... نەک بەو مانایەی کە پەرژینەکە، جگە لە هەموو شتێ، پەرژینێک نـەبوو بە شکڵێکی تایبەتەوە، کە جگە لەوەش نەدەلوا، چونکە ئەوە تەنیا شکڵێک بوو کە من دەرمهێنابوو. هەر بەو بۆنەوە کـە پەرژینەکـە شکڵـێکی تایبـەتی بـوو، دنیاش گۆڕا، یانی ئێستا بەرهەمی کۆی شکڵی دنیا، دنیای بێپەرژین و شکڵی پەرژین بوو.

ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی باشی بوو چونکە لەرەی شەپۆلی تیشک لە کاتی کەوتنە سەرشتەکان ئاکامێکی تایبـەتی بـەدیهێنابوو. ڕەنـگ کـە یەکەمیانـە و هەر ئەو مادەیە کە من چینی پەرژینەکەم پێهەڵچنی بوو، لەرینەوەیەکی جیـا لـەوانی دیکـەی هــەبوو، بـەڵام ئـەم خاڵــەش وەبـەرچاو دەهــات کـە هــەر بارستایەک دەکەوتە سەر پێوەندیی بارستایی تایبەت لەگـەڵ بارسـتاییەکانی دیکە، دیاردەگەلێک بوون بەڵام من سەرەندەرم لێ نەدەکردن.

بـەم شـێوە پـەرژین دەیتـوانی وێنەگـەلێکی دیـار لـە پەرژینـەکانی دیکـە بـەدیبێنێ، کـە شـتێکن تـا ئـەو جێیـەی مـن دەزانم زۆر شـێوەی پەرژینەکـە خۆیەتی، غەیری ئەوەی کە پەرژینەکە لێرەیە وێنەکانیتر لە شوێنێکی دیکە و گلێنەش ئاتاجی دەزگایەکی پێچەڵاوپووچی بەسراو بە مێشکەوەیە. بەم جۆرە من بە سازکردنی ئەو پەرژینە وێنەکەشیم خولڤاند هەڵبەت نەک یەکێ بەڵکوو زۆر چونکە بە یەک دانە پەرژین دەتوانی هەرچەن دانە کە دەتهـەوێ وێنـەی پەرژین دروست بکەی ـ بەڵام تـەنیا وێنەگـەلێکی بـاش و بـەهێز، چونکـە بـۆ پێکهێنانی وێنە بە هەموو ئـەو کەرەسـانەوە کـە وتم پێویسـتە: مێشـکێک بـە

گرێوگۆڵی دێتنەوە، دەمارێکی دیتن بۆ ڕاگوێستنی لەرینەوەکان لـە دەرەوە بۆ ناوەوە، ئەم دەماری دیتنە سەرەکەی دیکەی بەجێیەک دەگا کە بـۆ دیـتنی دەرەوە دروست کراوە یانی چاو. شتێکی قـۆڕە پێـت وابـێ ئەگـەر مێشـکی باشت ببێ دەتوانی دەمارت وەک قولاپی ماسی گرتن هەڵاوێیـە تاریکییـەوە. هەتا چاوێک نەبێ نازانی کە شتێکیش بۆ دیتن لە دەرەوە هەیـە یـان نـا، مـن هیچ کام لەم کەرەسانەم نەبوو، کەوایە لە هەموو کەس کەمتر بۆم هەیە باسی ئەو شتانە بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا بیرێک بە مێشکمدا هاتبوو؛ گرینگ پێکهێنانی وێنەگەلی چاوی بوو؛ چاو ئیتـر خـۆی بـە دوای ئەوانـدا دەهـات، هـەر بۆیـە هەوڵمدا بۆ ڕاگرتنی بەشی دەرەوەی جەستەم و (تەنانەت بەشی ناوەوەم کە دەرەوەمی کردە شەرتی) بۆ پێکهێنانی وێنەیەک، یان شتێک کە پاشـان پێـی بڵێین وێنەیەکی جوان (لە بەراوەرد کردن لەگەڵ وێنەگەلێکی دیکە کـە کـەمتر جـوان، یـان دزێـو بـوون، یـان لـە کۆتاییـدا زۆرزۆر ناحـەز و قێـزەون دەهاتەبەرچاو).

کاتێ جەستە بۆ ناردن یـان ڕەنگدانـەوەی لـەرەی تیشـک بـە شـێوەیەکی دیاریکراو و بەرچاو بێ لە دڵ خۆما بیرم کردەوە ـ لەگـەڵ ئـەم لەرەلـەرە چ دەکا؟ ئەوان دەنێتە گیرفانی؟ یان بەسـەری یەکـەم ڕێبـواری‌دا دەکـا. ئـەوی دیکە چ دەکا، کاتێ لەگەڵ ئەو لەرە لەرە بەرەوڕوو دەبێ کە بـە کەڵـکی نایـە هیچ، لەگەڵ ئەم شێوە وەرگرتنانە تەنانەت دەتوانێ ژاناویش بێ؟ سەری بکـا بە کونێکدا؟ نا، ئەوان هەر بۆ ئەو لایە دەنێرێ تا خاڵێک کە زیاتر لەوانی دیکە لەبەر لێدرانی لەرەلەری دیتن دایە ببزوێ و کاروباری کەڵک وەرگرتن لەوان بە شێوەی وێنە وەدی بێ. وەلحاسڵ من پێوەندیی نێوان چـاو و مێشـکم بـە جۆری ڕەهۆڵی هەڵکەندراو لە دەرەوە لەگـەڵ وزەیـەک کـە ئامـادەی بوونـە وێنە بوو زەق کردەوە، نەک لە نـاوەوە کـە بمهـەوێ وێنەیـەکی کـۆنی پـێ وەرگرم.

به هەڵەش نەچووبووم. هەر ئەمرۆش دڵنیا بووم کە تـەواوی بەرنامەکـەم دروست بوو. هەڵەی من ئەوە بـوو کـە پـێم وابـوو ئێمـە، مـن و ئـەو بینـایی وەدەست دێنینەوە. من وێنەیەکی ڕەنگی ڕێک و پێکم لە خۆم کێشاوە تـاکوو بڕواتە نێو وەرگری وزەی دیـتنی ئـەوەوە و ناوەندەکـەی داگـیر کـا و هـەر لەوێ بمێنێتـەوە تـا ئـەو بتوانـێ دایمـە لـە خـەون و بیرەوەریـدا، بـە بـیر و بەچاوەوە کەڵکم لێـوەرگرێ. هـەر لـەو کاتـەدا هەسـتم دەکـرد کـە ئـەویش خەریکە وێنەیەکی خۆی دەنێرێ بۆ چاوی مـن. وێنەیـەکی هێنـدە تـەواو کـە خـۆی بەسـەر هەسـتە شـل و دواکـەوتووەکانی منـدا بسـەپێنێ و مەیـدانێک ڕوانگەی ناوەکی لە مندا وەدیبێنێ و لەوێدا بە ئاشکرایی خەریکی خۆنوانـدن بێ.

بـەم شـێوەیە هەوڵـەکانمان ئێمـەیان کـردە بابەتگـەلێکی هەسـتاوی کـە چۆنیەتییەکەی هێشتا کەس تێی‌نەدەگەیشت و پاشـان بـەوردی لەگـەڵ کـامڵ بوونی بابەتەکە کە ئێمە بووین بە تەواوی کامل بوو. مەبەستم بینایی‌یە، چاو. من تەنیا شتێکم پێش‌بینی نەکردبوو: ئەو چاوانەی کە ئاخری بـۆ دیـتنی ئێمـە کرانەوە، چاوی خۆمان نەبوو، چاوی خەڵکی بوو.

بوونــەوەری بــێ‌شــکڵ و ڕەنــگ، هەمبانــەی جــەرگ و ڕیخۆڵــە، دنیــای دەوروبەری ئێمەیان پڕ دەکرد بێ‌ئەوەی تۆزقاڵێ بیری لێ‌بکەینەوە کە چـۆن خۆیان ساز دەکەن و چۆن لە وێنەیـەکی کامڵـدا بـەیان و ناسـنامەی خۆیـان نیشان دەدەن تاکوو ڕوانگەی هەر کەسێ کە دەیانبینێ غەنی بـێ، دەهــاتن و دەڕۆیشــتن، ماوەیــەک دەچوونــە نێــو ئاوەکــەوە و دەهاتنــەدەرێ و بــۆ خۆخافڵاندن لە نێوان هەوا و ئـاو و تەختەبەردەکـەدا پیاسـەیان دەکـرد؛ لـەو نێوەشدا من و هەموو ئەوانەی کە پێـداگربووین لەسـەر ئـەوەی شکڵـێک بـۆ خۆمان ساز کەین، هەر لەوێ خەریکی گیانکەنشـت بـووین و سـوور بـووین لەسەر ئەو نهێنی‌کارییەمان، لەسەر ئەرکی ئێمە ئەو پانتـا نامەعلومـە بـووە

مەیدانێک ڕوانگە؛ بەڵام قازانجەکەی بۆ کێ دەبێ؟ هەر ئەو مزیرانەی کە هیچکات بیریان لە دیتن نەکردبۆوە (چونکە ئەوەندە دزێو بوون چاوی دیتنی یەکتریان نەبوو). هەر ئەم بوونەوەرانەی کە هیچکات بانگهێشتنی شکڵیان بە هێند نەگرت. کاتێ کە ئێمە کوورِ ببووینەوە و خەریکی دژوارترین بەشی کارەکەمان بووین، یانی خولڵقاندنی شتێک کە دەبیندرێ، ئەوان بە بێدەنگی خەریکی ساناترین بەشی کارەکە بوون. سازگار کردنی ئەندامی ئاوەلمەیی و تەنبەڵیان بە وەرگرتنی وێنەی ئێمە.

ئێستا پێویست ناکا بڵێن کارەکەی ئەوانیش دژوار بووە، دەکرا لەو مادە لینچقە شیلاوییەی نێو کاسەسەریان هەموو شتێک دەرپەڕێ. دامەزراندنی دەزگایەکی بە تیشک حەساس شتێکی گران نییە؛ بەڵام کاتێ دێتە سەر کامڵ بوونی شتەکە فەرق دەکا! ئەو کارە چۆن سەردەگرێ کاتێ تۆ شتێکت بۆ دیتن نەبێ، تەنانەت لەو پڕزریقە و بریقانە، لەوانەی کە خۆیان بەسەر چاودا دەسەپێنن؟ وەلحاسڵ ئەوانە بۆ چاویان دەبێ هەر مەمنوونی ئێمە بن.

کەوایە دیتن، دیتنی ئێمە، کە بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو چاوەڕوانی بووین، سۆمایەک بوو کە بە بۆنەی ئێمەوە بوویان. بە چەشنێک شۆڕشێکی گەورە ڕوویدابوو. لە دەوروبەرمان چاو خەریکی کرانەوە بوون؛ گلێنە و چاوی دەرپۆقیو و بێڕەنگ و قەلپووچ و ماسی قەشە و چاوی زەق و نەرمەلیقەی ماسییە سپی و زەردەماسی و چاوی پێچکەدار و دەرپەڕیوی قرژاڵی درێژ و خڕ، چاوی تێکەڵ و زەقی مێش و مێروولە و بەرازی ئاویی ڕەش و قەتران دێنەپێشێ و بە چاوی کونەسووزنییەوە چاو دادەگرن. شەیتانۆکەیەک ئەو چاوە خڕانەی سەر شاخە درێژۆکەکەی دێنێتەپێشێ. چاوی کزی ماسیگرە لە ڕووبەری ئاوەکە دەڕوانن. لە پشت دەمامکێکی شووشەیی و گرژ و مۆنەوە غەواسێکی ماسیگر قووڵایی ئاوەکە دەپشکنێ. لە تەلەسکۆپێکی چکۆڵەوە، چاوی پاپۆڕەوانێک و چاوی ژنێکی مەلەوان پێم

دەکەویٚ و پاشان چاوێک لە یەکتر دەکەن و من لە بیر دەبەنەوە... لە شووشەی دووربینێکەوە، سەرنجی چاوی دووربینی بوونەوەرناسێک لەسەر لەشی خۆم هەست پێدەکەم کە هەوڵ دەدا من لە چاوی دووربینێکی (رولی فولکس)دا لە قەتحە بگریٚ. هەر لەو کاتەدا پۆلێک ماسیی گەڕۆک کە تازە گووراون بە بەردەممدا تێدەپەڕن. ئەوەندە وردن کە پێت وایە هەر ماسییەکی سپی و چکۆلە بە قەت ئەو خاڵە ڕەشەی ناوەندی گلێنە دەبیٚ و تەنیا پۆلێک چاون کە بە نێو دەریاکەدا تێدەپەڕن.

ئەو چاوانە هەموو هی منن. من هێزی بینینم پێداون، کاری گرینگ من کردوومە. من ئەو شکڵەم ئامادە کردووە. چاویشم ئەوانەی دیکەی هێناوە. بۆیە هەر کردەوەیەک یان هەر کارێکی کە بە چاو ئەنجامیان دابیٚ، هەموو شکڵ و هەموو کردەوەیەکیان ئاکامی ئەم کارەی من بوو.

هەڵبەت ئەوانە بە هۆی ڕێکەوتی حوزووری من لەو شوێنە و پێوەندی دامەرزاندنم لەگەڵ دیتران و نێر و مێو و هتد... خەریک بوونم بۆ دروست کردنی پەرژین و ئەو شتانە نەبوو. دەمهەویٚ بڵێم من بە وردی ئەو شتانەم پێشبینی کردبوو. من لەنێو دانە بە دانەی ئەو چاوانەدا دەژیام. یان منێکی دیکە دەژیا؛ یەکیٚ لە وێنەکانی من لەگەڵ وێنەی ئەو ڕووبەڕووو دەبوو، وەفادارترین وێنەی ئەو کە لەوپەڕی ئەودا، لە پشت شوێنی نیوەئاوەکیی گلێنە، لە تاریکایی گلێنەکاندا، تالاری ئاوێنەبەندی چاوەکان دەکرێنەوە، بەرەو ئەم توخمە ڕەسەنەی ئێمە کە بە بیٚ ڕۆخ و بە بیٚسنووز ئاوا بەرین دەبێتەوە.

## ریچارد براتیگێن

ریچارد براتیگێن ساڵی ١٩٣٥ له شاری تاکوومای ئەیالـەتی واشـنتۆن لـە دایک بـوو. سـەرەتا شـێعر و چیرۆکـەکانی لـە ڕۆژنامـە لاوازەکـانی سـان فرانسیسکۆدا بڵاو دەکردەوە. بەڵام له کۆتایی دەیـەی شەسـتدا ناوەنـدێکی چاپ له نیۆیۆرک کەڵکی له خۆشەویست بـوونی ناوچـەیی ئـەو وەرگـرت و هێنـدێکی لـە ڕۆمـان و شـێعرەکانی چـاپ کـردەوە. ئەمـڕۆش بـراتیگێن بـە سمێڵـێکی (وایلـد بیـل هیکـاک)انـەوە و کچـە هـاوڕێی سـەیر و قەڵافـەتی سەیرتریان ڕووبەرگی کتێبەکانی دەڕازێننـەوە. هـەر بۆیـە ئێسـتا زیـاتر لـە پێشوو له لای لایەنگرەکانی خۆشەویستە و لەنێو لاوانی زانکۆشدا لایـەنگری زۆرە و خۆشـیان دەوێ. بـراتیگێن تـا ئـەم کاتـە (١٩٧٥)دە کۆمەڵـە وتـار و چیرۆکی بڵاو کردۆتەوە کە گرینگترینیان بـریتین لـە: (لـە قەنـدی شـووتیدا، ١٩٦٨)، (ژێنراڵێکی ئێئتلافی له بەیگسوور، ١٩٦٤)، (تاقەتپڕووکێن له هەمبەر ڕووداوی کانی ئیسـپرینگ هیـل، ١٩٦٨)، (رومێـل لـە نـاخی خـاکی میسـردا، ١٩٧٠)، (لەبارچوونی منداڵ: ڕۆمانی مێژوویی، ١٩٦٦)، (ڕاوەماسی قزڵئالا له ئەمریکا، ١٩٦٧).

# پڕۆژەی کارەبا کێشان بۆ ئاوایی

ریچارد براتیگێن

چەن ڕۆژ لەمەوبەر ویستم لە لای کەسێک تاریفت بکەم. تۆ وەکوو هیچکام لەو کچانە ناچی کە تا ئێستا دیتوومن. نەدەکرا بڵێم «راست وەک جین‌فۆندا دەچی، ئەو تەنیا قژی سوورە و مۆدی دەم و لێوی جیاوازە و ئەکتەریش نییە...» نەدەکرا ئەوە بڵێم چونکە تۆ هیچ کوێیەکت لە جین فۆندا ناچێ. پاشان گوتم تۆ شێوەی فیلمێک دەدەی کە بە منداڵی لە بەندەری تاکوومای واشینگتۆن دیتبووم. پێموابێ ساڵی ١٣٤١ یان ٤٢ بوو، دەوری حەوت هەشت یان شەش ساڵان بووم.

فیلمێک بوو سەبارەت بە کارەباکێشان بۆ گوندەکان. یەکێ لەو فیلمە ئەخلاقیانەی دەیەی ١٩٣٠ و سەردەمی سەرەک کۆماریی ڕۆزوێلت بوو. کە بابەتی منداڵان بوو تەماشای بکەن. فیلمەکە سەبارەت بە ژیانی وەرزێڕانێک بوو کە لە گوندێکی بێ کارەبا دەژیان. شەوانە دەبوو لەنتەر هەڵکەن تاکوو

لەبەر شۆقەکەی شتێک بخوێننەوە یان درووومـان بکـەن. هـیچ کەرەسـەیەکی بەرقیشیان وەکوو تۆستێر و مەکینەی بەرگ شـۆری و شـتی وایـان نـەبوو. نەیانـدەتوانی گـوێ لـە ڕادیـۆش بگـرن. ئـەوان سـەددێکیان بـەژنراتۆری گەورەوە سـاز کـرد، دارتێلیـان چەقانـد و تێلـی کارەبایـان بەسـەر مـەزرا و لەوەڕگەکانـدا کێشـا. چەقانـدن و دامەزرانـدنی دەکـەل و دارتێـل کـە تێلـی کارەباکەی بەسەر سەری خۆیانـدا کێشـابوو، بـارێکی حەماسـی زۆر باشـی بوو. ئەو دارتێلانە مودێڕن بوون و هەروەها کۆنەش دەهاتنەبەر چاو.

لە درێژەی فیلمە کەدا کارەبا وەک خوای جـوانی یۆنـانی کـۆن پێـی نایـە ماڵی وەرزێڕان و تاریکایی بۆ هەمیشـە لـە ژیانیـان تارانـد. بـەقامک پیانـانی کلیلێک لە پڕ، وەرزێڕی لە کوورەی مەزهەبدا خـاراو، کارەبـای بـوو تـاکوو بتوانێ لە شەوانی ساردو تـاریکی زسـتاندا مانگـا کـانی بدۆشـێ. بنەماڵـەی جووتیار دەیانتوانی گوێ لە ڕادیۆ بگـرن و تۆسـتێریان ببـێ و زۆر گوڵـۆپی پڕشـنگدار تـاکوو بتـوانن لەبـەر شـۆقەکەیان درووومـان بکـەن و ڕۆژنامـە بخوێننەوە.

فیلمەکە بەڕاستی شتێکی سەیر بوو. وەکوو کاتی گوێ گرتن لە سروودی نەتەوەیی ئەمریکا. یان دیتنی وێنـەی بـەڕێز ڕۆزوێڵـت یـان گـوێ گـرتن لـە دەنگـی کـە لـە ڕادیـۆوە بڵاودەبـۆوە، تووشـی هەیـەجانی کردبـووم: «سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا...»

پێم خۆش بوو بۆ هەموو شوێنێکی دنیا کارەبـا بکێشـن. پـێم خـۆش بـوو هەموو جووتیارانی دنیا بتوانن گوێ لە مژولیایشی بەڕێز ڕۆزوێلت بگـرن لـە ڕادێووە.

ئەرێ بە بڕوای من تۆ لەوە دەچی.

# پیرە پیاوی بەر باران

ریچارد براتیگێن

هەموو ڕۆژێ لـە تۆکیـۆ چـاوم بـە گـەلێ پیـاو دەکـەوێ، کـە پسـوولەی پڕوپاگەندە بەنێو خەڵکدا بـڵاو دەکەنـەوە و لـەو ڕێگەیـەوە بژیـوی خۆیـان وەدەست دێنن. لە گوێ شەقامەکان ڕادەوەستن و ئـەو پسـووولانە دەدەنـە دەست خەڵکی غەوارە و داوایان لێدەکەن بیکڕن، ئەوان دیانەوێ ئەو غەریبانە پووڵ بدەن بە شتێک کە لەوانەیە هەر بە کاریشیان نەیە، یان ڕەنگە بـەکاریان بێ.

زۆرجار ئەو پیاوە غەریبانەی پسوولەی پڕوپاگەندە دەکڕن، هیچ کەڵکێکی لێوەرناگرن و دوای تاوێ فڕێی دەدەن.

هەر وەها پیاوگەلێک دەبینم کـە تابلـۆیان بەدەسـتەوە گرتـووە و داوا لـە پیـاوان دەکـەن کـە بچنـە ئـەو ماسـاژخانە وکابارانـەی کـە لـەو نزیکانـە هەڵکەوتووە پووڵەکەیان خەرج کەن، لەوێ ژنانی لێیـە نـەرم دەیـان شـێلن و

دەربەست لە خزمەتیاندا دەبن و پووڵیان لێوەردەگرن. زۆربەی ئەو پیاوانەی کە ئەو جۆرە تابلۆ مەیل بزوێنانە بەدەستەوە دەگرن، پیرن و جل و بەرگی چڵکن و دڕاویان لە بەردایە. خۆزگە ئەو پیرەپیاوانە دەستیان لەو کارانە هەڵگرتایە و کارێکی دیکەیان بکردایەو جل و بەرگی باش و خاوێنیان لەبەردا بوایە.

بەڵام من ناتوانم دنیا بگۆڕم.

چونکە بەر لەوەی من بگەمێ گۆڕدرابوو.

هێندێ جار دوای ئەوەی لە نووسینی دەقێک دەبمەوە، وا هەست دەکەم کە منیش پسوولەی پڕوپاگەندەی بێ کەڵک و بایەخ بڵاودەکەمەوە. یان پێموایە پیرە پیاوێکی شڕۆڵ و چڵکنم و لە بەر باران تابلۆیەکم بەدەستەوە گرتووە و مشتەری بۆ کابارەیەک پەیدا دەکەم، کە پڕە لە ئێسک بەندی جوان و مەیل بزوێنی ژنانی شۆخ و شەنگ. ئەو ژنانەی کاتێ بەرەو لات دێن و لە درگاکە دێنە ژوورێ، خڕەخڕێکیان لێوەدێ، دەڵێی خڕەخڕی مۆرەی دۆمینەیە.

## خوان ڕۆلفۆ

خوان ڕۆلفۆ ساڵی ١٩١٨ لە ویلایەتی خالیسکۆی سەر بە مەکسیک هاتۆتە دنیاوە، لە سەرەتای چلەکانەوە دەستی بە بڵاو کردنەوەی کورتە چیرۆکەکانی کردووە، یەکێکە لە نووسەرە هەرە دیار و بەناوەکانی ئەمریکای لاتین و بە هەر دوو کاری (پێدەشتی سووتاو ـ ١٩٥٣) کە کۆمەڵێک چیرۆکی کورتە و، ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ ـ ١٩٥٥) چووە ڕیزی نووسەرانی گەورەی دنیاوە، ڕۆلفۆ ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە، چیرۆکی ماکاریۆ کە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە یەکێکە لە چیرۆکە دیارەکانی کۆمەڵە چیرۆکی پێدەشتی سووتاو.

# ماکاریۆ

خوان ڕۆلفۆ

لەسەر گونجەی گەناوەکە دانیشتووم و چاوەڕوانم قربۆق بێنەدەرێ. دوێشەو خەریکی شێو خواردن بووین، دەستیان کرد بە قیڕەقیڕ تا بەیانی بێدەنگ نەبوون.

دایەنم کە قیڕەقیڕی بۆق خەویان لێزڕاندبوو، دەیویست بخەوێتەوە، بەڵام هەرچی دەکرد خەوێ لێنەدەکەوتەوە. هەر بۆیە پێی گوتم ئەمڕۆ لەسەر ئەم گونجەیە دانیشم و تەختەیەک بە دەستەوە گرم، هەر بۆقێ دەرپەڕی تەختەیەکی پێداکێشم و جیق و فیقی دەرهێنم. بۆق بنزگیان نەبێ هەموو گیانیان سەوزە، بەڵام کەوچکە قوڵەکان ڕەشن. چاوی دایەنیشم وا ڕەشە. دایەنم بۆق دەخوا، بەڵام کەوچکە قوڵە ناخوا. کەس کەوچکە قوڵە ناخوا، کەچی من دەیخۆم و زۆریشم پێخۆشە. تامیشی هەروەک تامی بۆق وایە. بەڵام «فلیپا» دەڵێ خواردنی کەوچکە قوڵە باش نییە. فلیپا چاوی هەر لە

چاوی پشیلە دەچێ، چاوی سەوزە. هەر کاتێ بمهەوێ لـە چێشـخانەکە نـانم دەداتێ. پێی خۆش نییە ببمە مێملی بۆقەکان.

بەلام چ بکەم دایەنم پێم دەڵێ بۆق بکوژم. فلیپام لە دایەنم خۆشتر دەوێ. بەلام دایەنم پووڵ دەدا بە فیلپا تاکوو خواردەمەنی و شتمان بۆ بکـڕێ. فلیپـا بە تەنیا لـە چێشـتخانەکە دەمێنێتـەوە و چێشـت بـۆ هەرسـێکمان لـێدەنـێ. لەوەتەی دەیناسم ئەوە کاریەتی. مـن قـاپ و کەوچکـەکان دەشـۆم. هێنـانی سووتەمەنیش بۆ کوانووەکە هەر لە ئەستۆی منە.

دایەنم چێشتەکەمان بۆ تێدەکا. زۆرجار دوای ئەوەی نانی خـۆی دەخـوا، دوو بابۆڵەی چکۆڵە دروست دەکا و دەیدا بە من و فلیپـا. بـەلام جـاری وایـە فلیپـا ئیشـتیای نابـا و هــەردوو بابۆڵــەکە بـۆ مـن دەبـێ. هـەر بۆیـە فلیپـام خۆشدەوێ، چونکـە هەمیشـە برسـیمە و تێرخـواردنم نییـە؛ تەنانـەت کاتـێ بەشەکەی ئەویش دەخۆم.دەڵێن پیاو نـان بخـوا تێـر دەبـێ، کـەچی مـن تێـر ناخۆم. ئەوەی پێشم دەدەن هەمووی دەخۆم.

فلیپاش ئەوە دەزانێ. خەڵکی پێم دەڵێن گەلحۆم، چونکـە قـەت برسـییەتیم ناشکێ. دایەنم بە گوێی خۆی بیستوویەتی، بـەلام مـن نەمبیسـتووە. دایـەنم ودمم پێدەدا بە تـەنیا بڕۆمـەدەرێ. کاتـێ لەگـەڵ خـۆی دەمبـا بـۆ عیشـای ڕەبیـانی لـە کڵێســە، لـەوێ لـە پـەنا خۆیـدا دامـدەنێ و دەسـتم بـە لـۆی پشتێنەکەیەوە دەبەستێ. نازانم بۆ دەستم دەبەستێ؟ بەلام خۆی دەڵێ بۆیـە دەستت دەبەستم، خەڵکی دەڵێن کاری گەوجانە دەکـەی. ڕۆژێـک دیتوویانـە خۆم بە کەسێکا هەڵواسیوە.

لەخۆڕا خۆم بە ژنێکەوە هەڵواسیوە. خـۆم لـە بـیرم نییـە، چیبکـەم ئـەوە دایەنمە پێم دەڵێ چبکەم و چنەکەم، ئەویش خۆ قەت درۆ ناکا. هەموو شتێکی بە قسە دەکەم. کاتێکیش کە بانگم دەکا بۆ نان خواردن بۆ ئەوەیە بەشـەکەی خۆم بداتێ. وەکوو خەڵکی نییە کە بانگم دەکەن نانیـان لەگـەڵ بخـۆم، بـەلام

هەرکە دەچمە پێشێ وەبەر بەردەم دەدەن و ناچارم هەڵێم بێئـەوەی هـیچم خواردبێ. کەچی دایەنم وا نییە، ئەو زۆر بەڕوحمـە. بۆیـە زۆر ڕازیم کـە لـە ماڵی ئەوان دەژیم. فلیپاش هەر لێرە دەژی. فلیپاش مـنی زۆر خـۆش دەوێ. منیش ئەوم زۆر خۆشدەوێ. شیری فلیپا وەک گوڵی مژمژۆکە شـیرینە، مـن شـیری بـزنم خـواردووە. شـیری بـەرازی تازەزاویشـم خـواردووە، بـەڵام هیچیان بەقەی شیری فلیپا خۆش نەبوون. ئێستا ماوەیەکە ودمم دەدا مەمکی بمژم، مەمکی ڕاست لەو شـوێنەیە وا پەراسـووی ئێمەیـە. شـیرێکی خۆشـی لێدێتە دەرێ، بەو شەرتەی بزانی چۆن مەمکی دەرهێنی. شیرەکەی دەخۆم. شیری ئەو زۆر لەو شیرە خۆشـترە کـە دایـەنم ڕۆژی یەکشـەممانە بـەجێی فـراوێن پێمـاندەدا. فلیپـا هـەموو شـەوێ دەهاتـە وەتـاغی خەوەکـەم و لـە پەنامەوە ڕادەکشا لەسەرەوە، یان لە تەنیشـتەوە بەسـەرمدا دەنووشـتاوە و مەمکی بە جۆرێـک دەگـرت کـە بتـوانم بیـانمژم. شـیرێکی گـەرم و شـیرین چۆرەچۆڕ دەڕژا نێـو دەممـەوە. زۆرجـار گوڵـی مژمژۆکـەم مژیـوە تـاکوو برسیەتیم بشکێ. شیری فلیپاش ئەو تامەی هەیە. بەڵام من ئەمم پـێخۆشـتر بوو، چونکە هەر وەختێ مەمکی دەنا دەممـەوە، سـەرتاپاشمی ختیلکـە دەدا. پاشان هەمیشە لە لام دەماوە و تا بەیانی لەگەڵم دەخـەوت، ئـەوە بـۆ منـیش زۆر باش بوو. چونکـە ئیتـر خـەمی سـەرمام نـەبوو و لـەوەش نەدەترسـام شەوێک لـەو تەنیاییـەدا بمـرم و بچمـە جحەنـدەم. جـاری وایـە زۆریـش لـە جحەندەم ناترسم. هەندێ جاریش زۆر دەترسم. بەڵام ئێستا پێم خۆشە خۆم بترسێنم، نەکا ڕۆژێک لەم ڕۆژانەدا بچمە جحەندەم. من سـەرم زۆر ڕەقـە و پێم خۆشە هەر شتێک بێتە سەر ڕێم سەری پێدابکێشم؛ بەڵام فلیپا دێ بـۆ لام و هەموو ئەو ترسانەم لێ دوور دەخاتەوە. ئەو جۆرەی کە هەر خـۆی بـاش دەزانـێ، ختیلکـەم دەدات و ترسـی مـردنم لـەبیر دەباتـەوە. کاتـێ کـە فلیپـا پێیخۆشە لەلای من بێ، دەڵێ هەموو تاوانەکانت بە خودا دەڵێم. ئەو هەر بەم

زووانە دەچێتە بەهەشت و لەگەڵ خودا قسە دەکا. داوای لێدەکا لە هەموو تاوانەکانم خۆش بێ، کە سەرتاپامیان داگرتووە. پێی دەڵێ کە بمبووریێ تاکوو ئیتر خەمم نەبێ. هەر بۆیە هەموو ڕۆژێ دەچێ بۆ ددان پیانانی تاوانەکان. نەک ئەوەی کە خۆی خراپ و تاوانبارە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی شەیتان سەرتاپامی داپۆشیوە و ئەو بۆ دەرکردنیان ناچارە بەجێی من هەموو ڕۆژێکی حەوتوو عەسرانە ئەو کارە بکا.

لە تەواوی ماوەی تەمەنیدا ئەو چاکەیەم لەگەڵ دەکا، خۆی دەڵێ. هەر بۆیە ئەوەندەم خۆش دەوێ. بەڵام سەری ڕەقیش شتی چاکە. چەند سەعات لەسەر یەک بە کۆڵەکەی دالانەکەیدا دەکێشم هیچی لێنایە. هێندە سەختە ناشقەڵەشێ. بە عەرزیدا دەکێشم هیچی لێنایە. هەوەڵ سووک پاشان بە توندی، وەکوو دەهۆڵ دەنگی دێ، ڕاست وەک ئەو دەهۆڵەی لەگەڵ زوڕنا لێیدەدەن و من هەر ئەو جۆرەی کە بە دایەنمەوە بەستراوم، دەنگیان لە پەنجێرەی کڵێسەکەوە دەبیستم. گوێم لە درمەدرمی دەهۆڵە لە دەرەوە دەنگی دێ. دایەنم دەڵێ، بەوەدا کە وەتاغەکەم قالۆنچە و دووپشکی لێیە، دەردەکەوێ کە ئەگەر لە کاری سەربەرعەرزیدا کێشان دەست هەڵنەگرم لە ئاوری جحەندەمدا دەسووتێم، بەلام من دەنگی دەهۆڵم پێخۆشە. دەبوو خۆی بزانێ.

تەنانەت کاتێ کە لەنێو کڵێسەکەدابن دەنگی وەسەروو تووک و نزای قەشەکە دەکەوێ. ڕێگای شتی باش ڕووناکە، ڕێگای شتی خراپ تاریکە، قەشەکە دەڵێ. هێشتا هەوا تاریکە لە خەو هەڵدەستم و لە دیوەکەم دێمەدەرێ. بەرلەوەی دەستی هەتاوم پێبگا. شەقامەکە دەماڵم و دەگەڕێمەوە نێو ژوورەکەم. لە شەقامەکەدا ڕووداوی سەیر دەقەومێ. زۆر کەس هەن هەرکە چاویان پێم دەکەوێ بەردم تێهەڵدەکەن. بەردی تیژ و گەورە گەورە لە هەموو لایەکەوە دادەبارێ بەسەرمدا. ئەو کاتە کراسە

دڕاوەکەم دوورینەوەی دەوێ و خۆشم دەبێ زۆرم سەبر هەبێ تاکوو برینی دەموچاو و ئەژنۆکانم چاک دەبنەوە.

دیسان بەسترانی دەستیشم تامڵ دەکەم، چونکە ئەگەر دەستم نەبەستن قەتماغەی برینەکان هەڵدەکەنێ و دیسان خوێنیان لێ‌دێ. تامی خوێنیش خۆشە. بەڵام ڕاستت دەوێ، تامی شیری فلیپادا نادا. وەلحاسڵ بۆیە لە ماڵەوەدا خۆم زیندانی کردووە، تاکوو بەردم پێدا نەدەن.

هەرکە نانەکەم دەخۆم، خێرا لە وەتاغەکەمدا خۆم زیندانی دەکەم و پشتی درگاکەش گاڵە دەدەم. تاکوو تاوانەکانم نەمدۆزنەوە، کە دنیا تاریک دەبێ تەنانەت چرا قەوەکەشم هەڵناکەم، کە بزانم قالۆنچەکان بەکوێمدا هەڵدەگەڕێن. کڕ و بێدەنگ بە جل و بەرگەوە دەخەوم و هەرکە هەست دەکەم قالۆنچەیەک بە لاقە زەبرەکانی بە پشت ملما دەڕوا شەپلاغەیەکی لێدەدەم و جیقی دەردێنم. بەڵام چرا قەوەکەم هەڵناکەم.

نامەوێ کاتێ ئاگام لێ‌نییە و چراقەوەکەم هەڵکردووە و ژێرلێفەکەم دەگەڕێم بۆ قالۆنچە، تاوانەکانم توند مەچەکم بگرن.

کاتێ قالۆنچە دەکوژی، وەک تۆق تۆقە دەتەقێ. نازانم سیسرکیش دەتەقێ یان نا؟ من هیچ وەختێ سیسرک ناکوژم. فلیپا دەڵێ بۆیە سیسرک هەمیشە دەخوێنن کە ئێمە گوێمان لە هاواری ئەو ڕۆحانە نەبێ کە لە بەرزەخدا جەزرەبە دەدرێن. ئەگەر بێتوو سیسرک نەمێنن، قیژەی ڕۆحە پیرۆزەکان دنیا هەڵدەگرێ و ئێمەش لە ترسانا زەندەقمان دەچێ. من زۆریشم پێخۆشە گوێ‌قولاغ بم و دەنگی جیکەجیکەکەیان ببیستم. ژوورەکەم پڕە. پێخەفەکەشم ئەوەندەی سیسرکی تێدایە، ڕەنگە نێو ئەوەندە قالۆنچەی تێدا نەبێ. دووپشکیشی تێدایە. زۆرجارلە بنمێچەکەوە دەکەونەخوارێ و چرکە لە خۆم دەبڕم و هەناسەش هەڵناکێشم تاکوو بەسەر گیانمدا تێپەڕن و بڕۆن. چونکە بێتوو دەستم بجووڵێتەوە، یان ئەندامێکم لە ترسانا بلەرزێ

چزووەکەی خێرا چـززەم لـێ هەڵدەسـتێنێ. جارێـک دانەیـەکیان بـە پشـتی فلیپایەوە دا. دەستی کرد بە گریان و کڕووزانەوە. دەستەو داوێـنی مریـەمی پیرۆز بوو کە پشتی عەیبدار نەبێ. تفم لە پشتی دا. ئەو شەوە هەتا ڕۆژ هـەر تفم بۆ لێداو دۆعام بۆ کرد. پاشان کە زانـیم تفەکـەم ژانی ناشـکێنێ، تـا ئـەو جێیەی توانیم یارمەتیمدا تاکوو بە چاوی من بگری. من زیاتر پـێم خۆشـە لـە نێو ژوورەکەمدا بم و نەچمە شەقام کـە سـەرنجی ئـەو کەسـانە ڕاکێشـم وا ئاشقی بەرد بە خەڵـکدا دانـن. لێرەکـەس کـاری بەسـەرمەوە نییـە، تەنانـەت دایەنیشم کاتێ چاوی لێیە گوڵی مژمژۆکە و مـاوەرد و هـەنارەکانی دەخـۆم شەڕم لەگەڵ ناکا. خۆی دەزانێ من هەمیشە برسیمەوە و هیچ خۆراکێک تێرم ناکا. ئەگەرچی هەمیشە دەگەڕێم و لـە هـەموو شـتێ بەشـی خـۆم دەپچـڕم. دەزانـێ لـە زبـڵ و سـەرکۆتەرەی نۆکەسـپیلکە کـە دەیـدەم بـە بـەرازە دابەسـتروەکان و لاسـق و سـەلکە گەنمەشـامی کـە دەیـدەم بـە بـەرازە ڕیوەڵەکان خۆشم لەگەڵیان دەخۆم.

زۆر چاک دەزانێ لەو کاتەوە لە خەو هەڵدەستم تا کـاتی خـەوتن چەنـدە برسـیەتی دەکێشـم، بـەڵام تـا ئـەو کاتـەی لـەو ماڵـەدا شـتێکم بـۆ خـواردن وەدەستکەوێ، دەمێنمەوە. چونکە پێم وایە بێتوو ڕۆژێک دەست لە خواردن هەڵگرم، دەمرم و ئەو کاتەیە یەکسەر دەچـم بـۆ جحەنـدەم و هـیچ کەسـیش لەوێ دەرم ناهێنێتەوە. تەنانەت فلیپاش کە ئەو هەمووە لەگـەڵ مـن دلۆڤـانە. یان ئەو نووشتەی دایەنم پێی داوم و لە ملم کردووە، هیچیان وەفریام نایەن. هەروا لەسەر گونجەکە دانیشتووم و چاوەڕوانم بۆق بێنەدەرێ. لـە تـەواوی ئەو ماوەیەدا کە قسەم دەکرد تەنانەت تاقە بۆقێکیش نەهاتۆتـەدەرێ. ئەگـەر لەوە زیاتر بخایێنێ، لەوانەیە خـەوم لـێ بکـەوێ و ئیتـر نـەتوانم بیـانکوژم . ناخۆشییەکەی لەوەدایە دایەنم گوێی لە دەنگیان دەبێ و خـەوی لـێناکـەوێ. ئەو کاتە ڕقی هەڵدەستێ و بە یەکێ لەو قەتار قەدیسانەی کە لـە وەتاغەکـەی

دایە دەڵێ، کە شەیتانم بۆ بنێرێ و تووشی جەزرەبـە و ئـازاری دایمـیم بکـا، هەر ئێستا، تەنانەت بەر لەوەی لە بەرزەخەوە تێپەڕم، ئەو کاتە ئیتـر نـاتوانم دایکم و باوکم ببینم؛ چونکە ئەوان لەوێ نین. کەوایە وا چاکترە درێژە بە قسە کردن بدەم. پێم خۆش بوو چۆڕکاڵێک شیری فلیپاش بخۆمەوە. ئەو شـیرەی زۆر شیرینترە لەو شیلەیەی کە لە گوڵی مژمژۆکە وەدەست دێ.

## دینۆ بۆتزاتی

دینۆ بۆتزاتی ساڵی ١٩٠٦ لە بیلوونۆ شارێکی ئیتالیا لە دایک بووە. خوێندنی باڵای لە کۆلیجی مافدا تەواو کرد و ساڵی ١٩٢٨ بوو بە هەواڵنێری ڕۆژنامەی Corriere allasera و پاشان بووە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە. ئەو چالاکیی ئەدەبیی ساڵی ١٩٣٣ دەست پێکرد. چیرۆکی «بارنابووی کوێستان» و «ڕازی لێڕەواری کۆن»ی بەچاپ گەیاند.

پلەی نووسەرایەتی بۆتزاتی لە بواری ئەدەبیاتدا بە دوو کتێبی «بیابانی تاتارەکان» و «حەوت ڕاسپاردە» مسۆگەر بوو.

کورتە چیرۆک و ڕۆمانەکانی بۆتزاتی پڕن لە پرسیار لە خەڵوەتی ئەندێشەی مرۆڤایەتی و ڕاستەقینەی تاڵ و پڕ لە دەڵەخورپەی ژیان.

بۆتزاتی لە بەرهەمەکانیدا بێبەزەییانە خەتی باتڵ بەسەر دڵخۆشییەکاندا دەکێشێ و خوێنەر بەرەو ڕوانگەیەکی پڕ لە ناهومێدی و پڕ لە دڵەخورپە دەبا. ڕووداوی نێو زەینی ئەم نووسەرە هەر ئەو خاڵ و گرفتانەیە کە بەردەوام لە زەینی هەمووماندا هەیە و دووپات دەبێتەوە. ژیان و مەرگ. بەڵام هەموو کەس لە دەستی هەڵدێن. چونکە لە پشتییەوە جگە لە هەراسانی و بێهیوایی شتێکیتر نابینن.

بۆتزاتی وەک نووسەرێکی ئەم سەدە پڕ لە شەڕ و هەرا و ئاژاوەیە قامک لەسەر هەموو خاڵە گرینگەکان دادەنێ و دمەڵە پڕ لە چڵک و پووچەڵەکانی کۆمەڵگا دەداتە بەر نەشتەری تیژی بەرهەمەکانی.

بەرهەمەکانی بۆتزاتی ئەمانەن: بارنابووی کوێستان (١٩٣٢)، ڕازی لێڕەواری کۆن (١٩٣٣)، بیابانی تاتارەکان (١٩٤٠)، حەوت ڕاسپاردە (١٩٤٢)، هێرشی دیاری ورچەکان بۆ سەر سیسیل (١٩٤٦)، مەترسی لە ئەسکالا (١٩٤٨)

بۆتزاتی لە ٢٨ی ژانوییەی ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کردووە.

# رزگاربوون لە بەندیخانە

دینۆ بۆتزاتی

لـە بەندیخانـەی گـەورەی تاوانبارانـدا کـە لـە قـەراغ شـار هەڵـکەوتووە، یاسـایەکی بـە ڕواڵـەت مرۆڤـانە بـەڵام لـە بنەڕەتـدا بـێبەزەییانـە و زاڵـمانە بەڕێوەدەچێ.

ئێمـە کـە مـەحکووم بـە حەپسـی دایمـین هەریـەکی جارێـک ئیجازەمـان پێدەدرێ بچینە نێو خەڵک و ماوەی نیو سەعات قسەیان بۆ بکەین.

زیندانی لە بەندەکەی دێننەدەرێ و دەیبەنە بەرهەیوانێک کە لـە دەرەوەی بەندیخانەکە هەڵکەوتووە و گۆڕەپانێکی پان و بەرینی لە پێش دایـە و خەڵک پۆلپۆل دێن بۆ گوێ گرتن لە قسەکانی. ئەگەر لـە کۆتـایی مژولیایشـەکەیدا خەڵکەکە چەپڵەی بۆ لێدەن ئازاد دەکرێ.

ئەمە ڕەنگە وەک لێبوردن و چاوپۆشییەکی تایبەت بێتە بـەرچاو، بـەڵام وا نییە چونکە تاقە یەکجار دەتوانێ لـە هەمبـەر خەڵـکدا ڕاوەسـتێ و دەردە دڵ بکا. هەروەها ئەگەر خەڵک چەپڵەی بۆ لێنـەدەن ـ کـە هەمیشـەش هەروایـە ـ نیشانەی ئەوەیە لە لایەن تاقمێکی زۆرەوە تاوانبار کراوە، لـەوە بـەدواوە لـە

جاران زیاتر ڕۆح و ویژدانی لـه عـەزاودا دەبـێ و ژیـانی لـێتاریـک و تاڵـتر دەبێ. دیسان شتێکی تر کە هیوا و هومێدی زیندانی لە خەفەت و ئازاردا نوقم دەکا ئەوەیە کە بەنـدی نازانـێ چ ڕۆژ و چ کاتـێ نـۆرەی دێ بچێتـە هەمبـەر خەڵک. ئەوە بە دەست سەرۆکی بەندیخانەکەیە. لەوانەیە بەندی کە پێدەنێتـە زیندان دوای نیوسەعات ئیجـازەی پێبـدرێ و هیـواش هەیـە ساڵـەهای سـاڵ چاوەڕوانی ئەو کاتەیە. پیاوێک کە بە لاوی تاوانبار بە زیندانی ئەبەد کرابوو، لە تەمەنی پیری و زورهانیدا نۆبەی هاتبوو؛ کە تەنانەت هێزی قسەکردنیشـی نەبوو. هیچ زیندانییەک ناتوانێ بە بـێدڵـەڕاوکێ بـیر لـەو ئەزموونـە قورسـە بکاتەوە. هێندێک لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: لەوانەیە سبەینێ نۆرەی من بێ. یـان ئەمشەو، یان سەعاتێکی دیکە....

ئەوەش سەرەتای دڵەڕاوکێ و بێئۆقرەییە. بیر و نەخشەکانی نێو مێشکی دەهاڵۆزێ. بـیری خـەمناکی دەکەوێتـە داوی ئاڵـۆزی و کـەمتاقەتییـەوە. لـە کورتە کاتی پیاسەی ڕۆژانەدا قسـە لەگـەڵ یـەکتر ناکـەن و لـەوبارەوە هـیچ جۆرە بیروڕایەک ناگۆڕنەوە. هەرکەسەی لە مێشکی خۆیدا وای لێکدەداتەوە کە بە ڕازێکی گەورە و بەڵگەیەکی قایم گەیشتووە کە دەتوانێ دڵی ڕەقی ئـەو خەڵکە نەرم کا. هەر بۆیە ئەو بیرەی خۆی لای هیچ کەس نادرکێنـێ، نـەوەک لە پێش ئەودا نۆرەیان بێ و کەڵکی لێوەرگرن. ئەوەش شتێکی نابەجێ نییـە. چونکە خەڵک ئەگەر لە ڕووی عـەقڵ و بەڵـگەوە جارێـک کاریـان تێکـرا، ئیتـر جارێکی دیکە هەر بەو بەڵگە و قسانە لە زمان کەسێکی ترەوە دڕدۆنگ دەبـن و باوەڕی پێناکەن.

تەجرەبەی ئەوانەی کە چوونەتە سەر سەکۆی چارەنووس و سەرکەوتوو نەبوون دەکرا بۆ بەندییەکانی دیکـە بەکەڵـک بـێ، لانی کـەم دەیانتوانـێ لـەو شێوە قسەکردن و کردەوەی ئەوان کەڵک وەرنەگرن.

بەڵام ئەوانەی ڕەت دەبنەوە قسە ناکەن. ئێمە لەخۆڕا لە بەریان دەپاڕێینەوە قسەکانیان و کردەوەی خەڵکەکەمان بۆ وەگێڕن. ئەوان بە بزەیەکی تاڵەوە تێمان دەڕوانن و هیچ ناڵێن. لەوە دەچێ وا بیربکەنەوە: «من تا ئاخری تەمەنم لەم زیندانەدا دەمێنمەوە، ئێوەش بمێننەوە، نامەوێ هیچ یارمەتییەکتان بدەم».

بەو حاڵەش لە نێوان وڕینە شاراوە و ڕازە پیوارەکانیاندا شتێکمان هەڵدەکڕاند، بۆ وێنە وا دیار بوو زۆربەی بەندییەکان لە کاتی مژوولیایشەکانیاندا لەسەر دوو شت پێداگری دەکەن، بێگوناحی خۆیان و پەرۆشی کەس و کاریان. بەڵام ئەو قسەیان چۆن دەربڕیوە؟

ئایا قسەکانیان توندوتیژ و تەشەراوی بوون، یان پاڕاونەتەوە و گریاون؟

کەس نازانێ، بەڵام خەفەتهێنەرترین دیمەن، هێنانەبەرچاوی کۆڕ و ئاپۆرەی هاوشاریانی خۆمانە. لەوەی کە ئێمە نێچیرێکین و تەنیا بۆ لە سێدارەدان باشین، شک و گومان نییە، بەڵام ئەوان کە لە دەرەوەی بەندیخانەن و پیاوان و ژنانی ئازادن، بێژی گاڵتەمان پێنەکەن؟ هەرکە دەبیستن زیندانییەک قسە دەکا تەواوی خۆ لە گۆڕەپانەکە دەترینجێنن.

بەڵام نەک بۆ داوەرییەکی بەڕاستی و تێبگەن کە ژیانی مرۆڤێک لە گۆڕێ دایە. بەڵکوو تەنیا بۆ تێپەڕاندنی کات و خۆش ڕابواردن کۆدەبنەوە. وەک ئەوەی بچنە شایی و داوەت. پێتان وانەبێ ئەو تاقمە لە کەسانی هەرەخوارووی کۆمەڵ پێکهاتوون. نا، لەنێو ئەواندا تاقمێکی زۆر وەربەرچاو دەکەوێ کە لە کردەوەدا بێوێنەن، کەسانێک کە کەسپی ئازادیان هەیە، یان مووچەخۆری دەوڵەتن، یان ئەو کرێکارانەی بە هەموو ئەندامی بنەماڵەوە کۆدەبنەوە، نە ڕەحم و بەزەییان لە دڵ دایە نە تۆزە تێگەیشتنێک. ئێمەش بە جل و بەرگی ڕێڕێ و سەری نیوەتاشراوەوە قەڵافەتمان ناحەز و دزێو بووە. ناشیرین تر لە هەرچی کە بیری لێبکەیتەوە. وەکوو گیاندارێکی

بێچـــارە و بـــێدەســـەڵات دەچێتـــە بەرهەیوانەکـــە و  ـ بـــە پێچەوانـــەی چاوەڕوانییەکەی ـ بێدەنگییەکی پڕ لە ڕێز و تـرس لـە هەمبـەر خۆیـدا بـەدی ناکا. بەڵکوو لەگەڵ تەقینەوەی پێکەنین و گاڵـتە و جنێـو و فیتـوو ڕووبـەڕوو دەبێ. کەسێک بە ئەژنۆی بێهێز و دڵی خەمناکـەوە پـێبنێتـە هەیوانەکـە، بـە دیـتنی ئـەو دیمەنـە دەبـێ چ بکـا؟ بەســەر بارخانەیـەک خـەم و ناهومێدیـدا دەکەوێ. لەو بارەوە وەکوو حەدیس و ئەوسانە دەگێڕنەوە کە زەمانی زوو تاوانبارانێک هەبوون کە توانیویانە لەو ئەزموونەدا سەرکەوتن وەدەس بێـنن و بەسـەر ئەو مەینەت و دەردەدا زاڵ بن. بەڵام شتێک کـە ڕوون و ئاشـکرایە، ئەوەیە کە من ماوەی نۆ ساڵە لەو بەندیخانەدام هێشـتا نەمـدیوە کـەس ئـەو ســـەرکەوتنە وەدەس بێنـــێ. لـــەو کاتـــەوە هـــەموویان لـــە لایـــەن خەڵـــکەوە هوێتهۆیتیان لێکراوە و بەناهومێدی گەڕاونەتەوە.

زیندانـــەوان پێـــی گـــوتم کـــە نۆبـــەی مـــن هـــاتووە. ســـەعات دووی پـــاش نیوەڕۆیە. دوو سەعاتی دیکە دەبێ لە هەمبەر خەڵکدا ڕاوەستم. ناترسـم. لـە ئێستاوە وشە بە وشە دەزانم چی بڵێم بـاش و بەجێیـە. پـێم وایـە وەڵامێکـی دروستم بۆ ئەو مەحاکەمە ناخۆش و سـامناکە دیوەتـەوە. کـاتێکی زۆرم بـۆ بیرکردنەوە هەبووە: ماوەی نۆ ساڵ...

دیتنی ئەو خەڵکە تووشی حەپەسانم ناکـا. ئەوانـە هـەر ئـەو خەڵـکەن کـە گوێیان لە هاواڵە چارەڕەشەکانی منیش گرتووە.

درگای بەندەکەم دەکرێتەوە. بە زیندانەکـەدا تێدەپـەڕم، لـە دوو نهۆمێـک وەسەر دەکەوم. دەچمە هۆدەیەکی ڕازاوە و لەوێوە پـێدەنێمـە هەیوانەکـە. درگاکانم لێگاڵە دەدەن. تەک و تەنیا لە بەرانبەر ئاپۆرەی خەڵکدا دەوێستم.

لەوێ ڕووناکایی هێندە زۆر بوو کە نەمدەتوانی چـاو هەڵـێنم. لـە ئاکامـدا چاوم بە دوایین قازییەکانی خۆم کەوت. لانی کەم سێهەزار کـەس دڵـڕەقانە چاویان تێبڕیوم. پاشان فیتوویەکی درێژ و ناخۆش کە سـەرەتای هاویشـتنی

پـلاری جنێـو و لاتـاو بـوو. بێدەنگییەکـەی شـکاند. پێکەنینـە تاڵـەکانیان وای دەرخست کە ڕەنـگ و ڕووی بزرکـاو و لاوازی مـن چێـژ و خۆشـییەکی لـە ڕادەبەدەری بۆ پێکهێناون: «هۆی نەجیم زادەکان بێـدەنگ بـن. بـێتاوانێـک دەیهەوێ بدوێ. دەی چیرۆکمان بۆ بگێڕەوە با هێندێک وەپێکـەنین بکـەوین. ڕەنگە دایکە پیرەکـەت چاوەڕوانـت بـێ، مەگـەرنا؟ منداڵـەکانت چـی؟ زۆرت پێخۆشە بیانبینی؟».

دەستم بە نـەردەی هەیوانەکـەوە گرتبـوو. بـێئـەوەی تـۆزێ شـلوێ بم، ڕاوەستابووم. لەپێشەوە کچێکم دی زۆر جـوان وژیکەڵـە بـوو. بـە هـەردوو دەستی یەخەی نیوە ئاواڵەی خۆی گرت و زیاتری کردەوە.

تاکوو من باشتر ببینم. کچـە هـاواری کـرد: «دەی لاوی جوانکیلـە: منـت پێجوانە؟ حاڵ و باڵت شێواوە یان نا؟...»

بەڵام من بیرێک لە مێشکمدا بوو، تەنیا بیرێک کـە دەیتـوانی ڕزگـارم کـا. خۆڕاگریم کرد. تـووڕە نـەبووم، داوام نـەکرد بێـدەنگ بـن. تەنانـەت قامکـە تیتۆلەشم نەجووڵانـدەوە. وردە وردە بـۆم ڕوون بـۆوە کـە کـردەوەی مـن تووشی واقوڕمانی کردوون. وادیارە ئەو هاوالانەی کە بەر لە من هاتبوونـە بـەر هـەیوان بـە شـێوەیەکی تـر خۆیـان نیشـان داوە. ڕەنگـە سـەرکۆنە و سووکایەتیپێکردن تووڕەی کردبێتن. یان دەنگیان هەڵـێناوە و پاڕاونەتـەوە کە گوێ لە قسەکانیان بگرن. بۆیەش ئەو شانس و هەلە دوو بەختەکییەیان لە کیس چووە.

من بێدەنگ و جووڵە وەک کۆتەڵ وێستابووم. وردە وردە هـەرا هـەرا و جنێو و قسەی تاڵ کەم بۆوە. دەنگی فیتوو لێدان کەم بۆوە و پاشان بێدەنگی باڵی بەسەرداکێشان.

من هەر بێدەنگ بووم، هەوڵم دەدا هەرچۆنێک بـۆم بکـرێ ئـەو بێدەنگییـە نەشکێنم.

ئاخری دەنگێکی بەئەدەب و دۆستانە هاتەگوێم:

ـ«قسە بکە: قسە بکە دەی؟ هەموو گوێمان لێیە». منیش ئاوا دەستم پێکرد:

ـ بۆ دەبێ قسە بکەم؟ قسەی چی؟ من بۆیە هاتوومەتە ئێرە لەبەر ئـەوەی نۆرەی من هاتووە و هیچیتر. نامەوێ خەمناکتان کەم و بەزەییتان پێم دابێ. من بێگوناح نیم. تۆزێکیش تامەزرۆی دیتنی ماڵ و منداڵ نـیم. هـەر نامـەوێ لێرە بچمەدەرێ. من لێرە زۆر خۆشی ڕادەبوێرم.

ویرەویرێکی شاراوە کەوتەنێو خەڵکەوە و پاشان دەنگێک بە تەنیا هاواری کرد:

ـ درۆ مەکە، هەمووی درۆیە.

ـ باوەڕم پێ بکەن لە ئێوە بەختەوەرترم. هەر کاتێک بمهەوێ لە ڕەهۆڵێک کە لە بەندەکەمەوە بۆدەرێ ڕێگای هەیە، دەتوانم کەڵک وەرگرم. هیچ کـەس نازانێ ئەو ڕەهۆڵە لە کوێوەیە و ناتوانم بۆ ئێوەی ئاشکراکەم.

ئەو ڕەهۆڵە دەچێتە باخی ماڵێکی زۆر خۆشەوە. هەڵبەت پێتان ناڵـێم ئـەو ماڵەش کامەیە. لەو جۆرە ماڵانە لەم دەوروبەرانە زۆرە. لەوێ من دەناسن و زۆریان خۆشدەوێم. لەو ماڵەدا شتێکیتریش هەیە.

تۆزێ بێـدەنگ بـووم چـاوێکم بـە خەڵـکەکەدا گێـڕا. هـەموویان گومـڕا و ناهومێد ببوون. وەک ئەوەی قوربانییەکەیان لە دەستیان هەڵاتبێ.

دەستم کردەوە بە قسە:

ـ لەو ماڵەدا ژنێکی جحێڵی لێیە خۆشیدەوێم.

کەسێک بە دەنگێکی بەرز و تووڕە گوڕاندی:

ـ بەسە ئێتر... بەسە ئێتر.

دیار بوو تێگەیشتن لەوەی کە من بەختەوەرم زۆری ئازار دەدان.

هاوارم کرد:

ـ خەڵکینە! تکاتان لێدەکەم دەستم لە کۆڵ کەنەوە. ڕوحمم پێبکەن، فیتوو لێدەن، تکاتان لێدەکەم فیتوو لێدەن. با لێرە نەڕۆمەدەرێ.

شەپۆلێک کەوتە نێو خەڵکەوە و ڕەهێڵەی ڕق و قین بەرەو ڕووم هات. بە ئاشکرا ئەوە دەبیندرا. ئەوان پێیان وابوو حەقیقەتم گوتووە و بەڕاستی لە بەندیخانە ڕازیم. هەر بۆیە خەم دایگرتبوون. بەڵام هێشتا دڕدۆنگ بوون.

لەبەر هەیوانەکە نووشتامەوە و بە دەنگێکی پڕ لە تکا و پاڕانەوە هاوارم کرد:

ـ تکاتان لێدەکەم، ئێوە دڵێکی پڕ لە ڕەحم و بەزەییتان هەیە. بۆ ئێوە چ تۆفیرێکی هەیە. خۆشەویستەکانم فیتوو لێدەن، هویت هویت لەم بەندییە بەختەوەرە بکەن.

دەنگێکی بەرز و قیناوی نەڕاندی و لە گوێی هەموویاندا بوو بە زایەڵە:

ـ نا نا. ئەو کارە ناکەین! ئەوە زۆر سانایە!

دوایی کەسێک چەپڵەی لێدا، پاشان یەکیتر، دە کەس، سەد کەس، لەپڕ دەنگی چەپڵەڕێزان ئەو گۆڕەپانە بەرینەی داگرت.

من ئەو دڵڕەقە نیهادپیسانەم فریو دابوو. لە پشت سەرمەوە درگاکەیان کردەوە و دەنگێک گوتی:

ـ بڕۆ تۆ ئازادی.

## هایاما یوشکی

«هایاما یوشکی» ساڵی ١٨٩٤ لە شاری «کیوشوو» لە دایک بووە. یەکێ لە بەرچاوترین نوێنەرانی ئەدەبیاتی کرێکاری نوێی ژاپۆن دێتەئەژمار. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو لە کاتێکا نووسراون کە دەوڵەتی ژاپۆن تەوژم و گوشاری قورس و بێبەزەییانەی بەسەر کرێکاران و وەرزێراندا دەسەپاند و دەیویست هەرچی زووتر بەرەو ڕەوەندی بناغەسازی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی سەنعەتی کردنی ئابووری ژاپۆن هەنگاو هەڵگرێ. ئەوکوڕی کابرایەکی مووچەخۆری دەوڵەت بوو و هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لە کارەوە پێچراو لە نزیکەوە لەگەڵ ژیانی کرێکاری ئاشنا بوو. لە ڕاستیدا سووژەی زۆربەی چیرۆکەکانی بە ڕۆح و گیان هەستپێکردووە. هایاما دوای دەرکرانی لە زانکۆی «واسادا» ساڵانێکی زۆر لەگەڵ گەمیەی توجاڕی و لۆتکەی ڕاگوێستنی زووخاڵسەنگ (خەڵووز) وەکوو مەلەوان و کرێکار خەریکی ئارەقڕشتن بووە، کە کوڵوکۆی ئەو ئەزموونەی ئەو لەو بوارەدا لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی بە ناوی «ئەو پیاوانەی لە دەریادا دەژین» کە ساڵی ١٩٢٨ بڵاو کرایەوە، ڕەنگی داوەتەوە.

ئەو لە ساڵی ١٩١٩وە چووە ڕیزی بزووتنەوەی کرێکارانی ژاپۆنەوە و هەر لەو ساڵەدا کەوتە بەندیخانە. لەوەوبەدوا ژیانی ئەو هەموو لە ڕیزی بزووتنەوەی کرێکاری و بەندیخانەدا تێپەڕی و زۆربەی بەرهەمەکانی لە بەندیخانەدا نووسیوە.

یەکێ لە سەرەکیترین شێوەی بەرهەمی هایاما یووشکی پارێز کردن لە بزواندنی ئێحساساتی ڕاستەقینە و ڕووتی ژیانی دژواری کرێکارییە و ئەو

نایەوێ بـەزەیی خوێنـەر وەخەبـەر بێنـێ. ئـەو هـەوڵ دەدا بـە پەخشـانێکی توندوتۆڵ و کورت خوێنەر لەگەڵ مەسەلە و ڕووداوی ڕاستەقینە بجووڵـێنێ، بیخاتـە گێـژاوی بیرکردنـەوەوە، نـەک ئـەو وەبـەزیی بێنـێ. تەنانـەت لـەو چیرۆکانەدا کە هەوێنی سـەرەکی وشـیارانە و هەڵـگری پـەیام و خواسـتێکی ئاشکرایە. وەک ئەو چیرۆکەی (نامەیەک لـە بۆشـکە چیمـەنتۆدا) خوێنـەر تـا کۆتایی چیرۆکەکە بە دوای خۆیدا دەکێشێ و لـە کۆتاییـدا بـێئـەوەی لەگـەڵ ئاکامێکی کلێشەیی یان دروشمئاسایی ڕووبەڕوو بێ، ناچارە بکەوێتـە بـیری کاتی ڕووداوی چیرۆکەکەوە و بە قووڵی بیربکاتەوە. چیرۆکی (نامەیـەک لـە بۆشکەی...) یەکەم جار ساڵی ١٩٢٦ بـڵاو کرایـەوە. هایامـا یووشـکی ساڵـی ١٩٤٥ لەوپەڕی هەژاری و دەستەنگیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

# نامەیەک لە نێو بۆشکەی چیمەنتۆدا

هایاما یۆشکی

ماتسوودۆ یۆشیزۆ خەریکی خاڵی کردنی بۆشکەی چیمەنتۆ بوو. هەوڵی دەدا تا ئەو جێیە دەتوانێ خۆلە چیمەنتۆکە دوور ڕاگرێ، بەڵام سەر و سمێڵ و لێوی بە توێژاڵێکی ئەستووری خۆڵەمێشین داپۆشرابوو. هیوابڕاوانە دەیویست لووتی بگرێ و چیمەنتۆی ڕەقبوو بە مووی کونە لووتییەوە کە وەکوو کونکرێت ڕەق ببوو دالووشێ. بەڵام مەکینەی سمیتساز هەر دەقیقەی دە فەرغوونی سمیت دەرِشتە دەرێ و ناچار بوو زۆر بە توندی چیمەنتۆی بە گەردوودا کا و نەهێڵی دەزگاکە ڕاوەستێ.

ڕۆژی یازدە سەعاتی کار دەکرد و لەو ماوەیەدا تەنانەت جارێکی نەدەتوانی بە تەواوی لووتی پاک کاتەوە. لە دەرفەتی کەمی فراوێن خواردنیش‌دا کە زۆری برسی دەبوو، ناچار بوو زۆر بە پەلە نانەکەی هەڵمەقووت کا. بە هیوا بوو لە ماوەی کورتی پشوودانی دوانیوەڕۆدا لووتی

پاکاتــەوە، بــەڵام فریـا نەکـەوت و لــەو کاتــەدا لوولــەی دەرەوەی دەزگــای سمیتساز گیرابوو، ناچار خەریکی کردنـەوەی ئـەو بـوو. ئێـوارە لـووتی وا ڕەق ببوو، دەتگوت لە گەچیان گرتووە.

ئەو ڕۆژەش خەریک بوو کۆتـایی دەهـات. ماتسـوودۆ لـە بـەر شـەکەتی شانی هەڵنەدەهاتەوە و بە تەواوی تواناوە لە بۆشکەکان دەنـەوی. کاتێـک دەیویست یەکێ لە بۆشکەکان هەڵێنێ چاوی بە قوتوویەکی چکۆڵە کـەوت لـە نێو بۆشکەکەدا. بە سەرسووڕمانەوە لە بەر خۆیەوە منجاندی: «ئەوە چییە؟» بەڵام ودمی بە خۆی نەدەدا ئەو تۆزەش دەسـت لـە کارەکـەی بکێشـێتەوە و بزانێ ئەو قوتووە چییە؟ بە پڕتاو چیمەنتۆی دەڕشتە پێوانەکەوە و خێراخێـرا بە گەرووی دەزگاکەیدا دەکرد و سەر لە نوێ بە بێڵ دەسـتی دەکـردەوە بـە ڕاماڵینی چیمەنتۆ.

لەبەر خۆیەوە ورتاندی:

ـ ڕاوەستە بـزانم، ئـەو قوتـووە لـە کوێـوە کەوتۆتـە نێـو ئـەو بۆشـکەی چیمەنتۆیــەوە؟ دانــەوی و قوتووەکــەی هەڵــگرتەوە و خســتییە گیرفــانی پێشەوەی کراسەکەی:

بەزیاد نەبێ، چەن سووکە، لەوە ناچێ پارەیەکی وای تێدابێ، بڵێی جگە لـە پارە چی تێدا بێ؟

تەنانەت ئەو تـۆزە وێسـتانەی بـۆ هەڵـگرتنەوەی قوتووەکـە بـووە هـۆی ئەوەی لە دەزگاکە وەدوا کەوێ بـە تووڕەییـەوە ناچـار بـوو زۆر بـە پرتـاو چیمــەنتۆ ڕاماڵــێتە نێـو قـوڕگی و نەهێڵـی لەگـەڕان بکـەوێ. هــەر وەکـوو مەکینەیــەکی ئۆتوماتیــک بۆشــکەیەکی دیکــەی هەڵڕشــت و کردییــە نێــو دەزگاکەوە.

دوای ماوەیــەک دەزگــای کوژانــدەوە و کــاری ئــەو ڕۆژەی ماتســوودۆ کۆتایی پێهات. شیلانکی بە «میکسێر»وە بەسراوی هەڵگرت و تۆزێ دەسـت

و دەموچاوی پشیلەشۆر کرد و پاشان چارەکەی نانەکەی بە کۆڵیدا دا و شەکەت و ماندوو بەرەو ماڵە هەژارانەکەی وەڕێکەوت. تەواوی بیری لە لای ئەوە بوو تۆزێ نان بخوا و برسیەتی بشکێ، لەوەش چاتر ئارەقی توندی برنج بنێ بە سەریەوە. لە حەوشەی دەزگای کارەباوە تێپەڕی. کاری سازبوونی دەزگا بەرەو تەواو بوون بوو. بەزوویی دەبنە خاوەنی کارەبا. لەو دوور دوورانەوە لە بوولێڵەی ئێوارەدا، کوێستانی (کێپرا) وەکوو کۆشکێکی مەزنی بە بەفر داپۆشراو سەری بەرز ڕاگرتبوو. لە پڕ سۆزی سەرما لە جەستەی ئارەقاویی هالاو لەشی کەوتە چەقوچۆ. بە پاڵ چۆمی «کیسۆ»دا تێپەڕی، ئاوی چۆمەکە زۆر و بە لرفەلرف و کەفچڕێن ملی پێوەنا بوو. ماتسوودۆ لە دڵ خۆیا بیری دەکردەوە:

ـ دەک هەرچی شتە بە نەحلەت بێ! بە ڕاستی هیدی ئەمەیان زیادییە، بەڵێ، جا ئەوە ژینە، بەڕاستی زیادییە، بەڵام چبکەم، ئەو پیرێژنەش دیسان ئاوسە!

بیری لە شەش منداڵەکەی دەکردەوە کە ئێستا لە نێو ژوورە تەنگ و تارەکەیاندا تێکدەهاڵێن، هەروەها ئەو منداڵەی کە وەکوو ئەو زستانەی دەهات، بەڕێوە بوو و ژنەکەشی کە ئاوا پەشێواو و خەمبار هەموو ساڵێ زگێک دەکا، لە بەر خۆیەوە منجاندی:

ـ ڕاوەستە بزانم، ڕۆژانە «یێن»ێک و پەنجا «سێن» کرێ وەردەگرم، بۆ بژیومان ناچارین ڕۆژی دوو پێوانە برنج بکڕین بە پەنجا یێن نەوەد سێن، دەمێنێتەوە ئەویش بۆ کڕینی جلوبەرگ و کرێ ماڵ و.... بە حاڵەحاڵ بەش دەکا. نەحلەت لەو ژیانە، ئەی من پووڵی پەرداخێک ئارەق لە کوێ بێنم؟

لەپڕ قوتووە چکۆلەکەی هاتەوە بیر، دەریهێنا و بە پشتی پاتۆڵەکەی سڕی و چیمەنتۆکەی لێکردەوە. توندوتۆڵ بەسترابوو، هیچی لێ نەنووسرابوو.

ـ بۆ دەبێ قوتوویەکی ئاوایان ئاوا جوان پێچابێتەوە؟ بڵێی چیی تێدا بێ؟ ڕەنگە کەسێک ویستبێتی ئەم کارەی بە ڕاز و نهێنی بکا. بەڵام ئەو کەسە دەبێ کێ بێ؟

قوتووەکەی بە بەردێکدا دا، بەڵام نەکراوە. بە تووڕەیی داینا و وەبەر پێلاقەی دا. قوتوو تێکشکا و لەتە کاغەزێکی پێچراو لە نێو بزگوڕێ پەڕۆ کەوتە سەر عەرزی. هەڵی گرتەوە و خوێندییەوە:

«من کچێکی کرێکارم. لە کارگەی چیمەنتۆی «نۆمووورا» کار دەکەم و کاریشم دوورینی کیسەی چیمەنتۆیە. دەزگیرانەکەشم لەم کارگەیە کاری دەکرد. ئەو بەردی دەکردە ناو دەزگای بەردشکێنەوە.

بەیانی ڕۆژی حەوتەمی ئوکتۆبر دەیویست بەردێکی گەورە بخاتە نێو دەزگاکەوە. لاقی لە سەر قوڕەکە هەڵخلیسکا و کەوتە نێو دەزگاکەوە و ئەو بەردە زلەش بە سەریدا کەوت. کرێکارەکانی تر زۆریان هەوڵ دا دەریهێننەوە بەڵام نەیانتوانی. لە ژێر ئەو بەردە گەورەدا ون ببوو. پاشان لە بەرچاوی ئەو کرێکارانە جەستەی دەزگیرانەکەم و ئەو بەردە لەتوکوت بوون و لە زارکی پشتەوەی دەزگاکەوە هەڵڕژایە دەرێ. دەتکوت بەردێکی سووری گەورە لە نێو دەزگاکەدا ورد بووە. پاشان تاسمەی ڕاگوێزان بردی و ڕشتییە نێو دەزگای هاڕینەوە. لەو کاتەدا دەنگی دەزگاکە وەکوو هاواری مرۆڤێک دەچوو، ئەو هاوارەش ئەوەندەی خایاند تاکوو لەتەبەردەکان بوونەگەردە.

یەسقانەکانی، گۆشت و پێستی، مێشکی هەموو بوو بە گەردە، بەڵێ، دەزگیرانەکەم بووبە کۆمایەک چیمەنتۆ و کۆچی کرد. ئەوەی لە پاشی بەجێما، تەنیا تیزماڵکێ لە بەرگی کارەکەی بوو. ئەمڕۆ خەریکی دوورینی کیسەیەک بووم کە دەزگیرانەکەمی تێدەکەن و من ئەم نامەیە ڕۆژێک دوای

بوونە چیمەنتۆی دەزگیرانەکەم دەنووسم. هەرکە نامەکە تەواو بێ، لە کیسەی ئەو بۆشکەی دەهاوم.

ئایا ئێوەش کرێکارن؟ ئەگەر کرێکارن ڕوحمم پێبکەن و وەڵامم بۆ بنێرنەوە، چیمەنتۆی ئەم بۆشکەیە بۆ سازکردنی کوێ لەکار کراوە، زۆرم پێخۆشە بزانم. ئایا هەموو بۆشکەکە لە جێگایەک لە کار کراوە یان لە چەن شوێن؟ ئایا ئێوە کرێکاری گرتنەوەی چیمەنتۆن یان بەننا؟ بەڕاستی بۆم تامڵ ناکرێ کە بۆ دروست کردنی تەختی هۆڵی شانۆ یان کۆشکی گەورە لە کاری کەن، بەڵام من چیم لە دەست دێ؟ تکاتان لێدەکەم ئەم بۆشکەیە بۆ شوێنی وا لە کار مەکەن... بەڵام قەیناکە لە هەر شوێنێک پێتان خۆشە لە کاری کەن، چونکە لە هەر جێگایەک بنێژرێ کاری خۆی بە باشی بەڕێوە دەبا، چونکە ئەو کرێکارێکی بەهێز و ماندوویی‌نەناس بوو، لە هەر کوێش بێ کاری خۆی بە جوانی بەڕێوە دەبا خوو و ڕەوشتێکی زۆر لەسەرەخۆ و ئارامی هەبوو، مرۆڤێکی زۆر بێباک و بەهێزیش بوو. هێشتا لاو بوو تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو و قەت دەرفەتی ئەوەم وەدەست نەکەوت بزانم چەندی خۆش دەوێم و ئێستا خەریکم کفن یا لە ڕاستیدا کیسەی بۆ دەدوورم. لە جیاتی «کرماتوریۆم» لە کوورەی چیمەنتۆسازیدا دوایی بە ژیانی هات. بەڵام من گۆڕەکەی لە کوێ پەیدا کەم و ماڵاوایی لێبکەم؟

تەنانەت نازانم لە کوێ دەینێژن لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژاوا، دوور یان نزیک، هیچ ڕێیەکیش نییە تاکوو ئەوەم بۆ ڕوون بێتەوە. هەر بۆیە تکاتان لێدەکەم وەڵامم بۆ بنێرنەوە. ئەگەر کرێکار بن وەڵامم دەدەنەوە، دەزانم.

منیش ئەو تیزماڵکە پەڕۆیەتان بە دیاری دەدەمێ کە لەتێ لە بەرگی کارەکەیەتی و ئەو نامەیەم تێوەپێچاوە. تەپ و تۆزی ئەو بەردە و ئارەقە و خوێنی لەشی ئەو پەڕۆیە هەمووی هەڵمژیوە. ئەو کوتە پەڕۆیە تەنیا شتێکە کە لە پاشی بەجێماوە. تکاتان لێدەکەم وەڵامی ئەو داخوازییەم بدەنەوە! بڵێی

ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکەن؟ دەزانم زۆر کارێکی دژوارە، بەڵام تکاتان لێدەکەم لە شوێنی ڕاستی ئەو و شوێنی لەکار کردنی ئەو بۆشکە چیمەنتۆیەم ئاگادار کەن، هەروەها ناوەکەی خۆتان، داواتان لێدەکەم ئاگاتان لە خۆتـان بـێ و بـە خواتان دەسپێرم».

قیژەقیژی منداڵەکان دیسان لە دەوری ماتسوودۆ بەرز بۆوە. ماتسـوودۆ ئەو ساردییەی لە پەرداخی چاییەکەی کردبوو نای بەسەرییەوە و چاوێکی لە ناونیشانی کۆتایی نامەکە کرد:

ـ من دەمهەوێ ساردییەکەم هەڵقوڕێنم گەمژە! ـ دەینەڕاند ـ لەمەبـەولاوە هەرچی بێتە بەردەستم لەتوکوتی دەکەم!

ژنەکەی کوتی:

ـ دەیدەی! کەوا بوو هێندەت پارە هەیە کە «ساکی» بخۆیەوە ها؟

ئەی ئەو منداڵانە، نایانبینی؟

ماتسوودۆ چاوی لە ژنەکەی بڕی و حەوتەمین منداڵی وەبیرهاتەوە.

## فێرناندۆ سیلوا

فێرناندۆ سیلوا نووسەرێکی خەڵکی نیکاراگوئەیە کە کاری سەرەکیی پزشکییە. ئەو جگە لە چیرۆک، شێعریش دەنووسێ. کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناوی «Cuentos» ساڵی ١٩٨٥ لە نیکاراگوئە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ناوەرۆکی زۆربەی چیرۆکەکانی کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە ژیانی گوندنشینە سوورپێستەکانی نیکاراگوئەیە.

چیرۆکی «جووجەڵە بۆ سێ کەسان» لە لایەن نیک کایستۆرەوە لە زمانی ئیسپانیاییەوە کراوە بە ئینگلیزی و لە ساڵی ١٩٨٩ لە لەندەن چاپ کراوە. ئەم چیرۆکەش لەو کتێبە وەرگیراوە.

# جووجەڵە بۆ سێ کەسان

فێرناندۆ سیلوا

گورووبان لە سەر کورسیلەکەی، خۆی ئەمبارەوبار کرد و بە گرژ و مۆنی چاوێکی لە پیاوە سوورپێستەکە کرد و گوتی:

ــ دەیدەی، کە وابوو تۆ جووجەڵەکانی باوە هیلاریۆت دزیوە، ها؟

پیاوی سوورپێست سەرنجی بە عەرزەکەوە گیرسایەوە. گورووبان بە تووڕەیی هەستا پێ و کورسیلەکەی فڕێدا بۆ دواوە و ڕووی کردە هاوکارەکەی کە بەستە کاغەزێکی بە دەستەوە بوو، گوتی:

ــ ئەو سوورپێستە تێناگا دزی کردن لە قەشە چەن تاوانێکی گەورەیە.

هاوکارەکەی زەردەیەکی گرت.

گورووبان گوتی:

ــ ئەم قسەیەم کوێی پێکەنینی بوو؟!

قامکی بە ڕوومەتی کابرای سوورپێستەوە نا و گوتی:

ـــ دەتخەمــە بەندیخانــە و تــەواوی جووچکــەکانی بــاوە هیلاریــۆت پــێ دەبژێرم!

کابرای سوورپێست سەری هەڵێنا و چاوی لە گورووبان بڕی. نێوچاوانی تێک نا و بە گازندەوە گوتی:

ــ من ئەو جووجەڵانەم نەخواردووە.

گورووبان بە توورەیی پرسی:

ــ ئەی کە وابوو کێ خواردوویەتی؟

کابرای سوورپێست وەڵامی داوە:

ــ ڕەنگە ڕێوی خواردبێتنی.

ئەمجارە نۆرەی گورووبان بوو پێبکەنێ:

ــ هــا، هــا، هــا... کــە وابــوو ڕێــوی خــواردوونی، هــا؟ تــەنیا ڕێــویی ئــەم دەوروبەرە هەر تۆی. ڕێوییەکی موو ڕەش و نابار، مەگین وا نییە؟

کابرای سوورپێست بە عەبەسراوی گوتی:

ــ بەڵام... من بە ڕاستمە، نەمخواردوون.

ــ بە گەوجم دەزانی؟ چەن شایەد هەیە و دیتوویانە بــە جووجەڵــەکانەوە هەڵاتووی.

ــ ئەوانە خۆ جووجەڵەی قەشە نەبوون.

ــ کە وابوو هی کێ بوون؟

ــ دەزانی چی... خۆ ئەوانە هەر جووجەڵەش نەبوون، تەنیا هێندێ پەڕوپۆ بوون.

ــ چی؟ پەڕوپۆ؟

ــ دەزانی چۆن بوو، من خەریک بــوو لەوبــەری شــەقامەکەوە ڕادەبــردم، چاوم بەو پەڕوپۆیانە کەوت. وتم وا چاکە کۆیان بکەمەوە و سەرینێ شــتێکی

پێ دروست کەم. بەڵام هەر لەو سەروبەندانەدا بوو قەشەم لــێ قـوت بـۆوە. پێم وایە هاتبوو سەری جووچکەکانی بدا، هەر کە چاوی پێم کەوت نەڕاندی:

«هۆی ڕاموونــە ســوور چــاکم دیـتی، ئــەوا خــەریکی جووجەڵـەکانم لــێ دەدزی؟»

من گوتم: «باوە، کامە جووجەڵە؟ ئەوەتا لەبەر چاوتە، تەماشا کـە، چنگـێ پەڕوپۆیە و هیچی تر.»

قەشە گوتی: «بەڵام ئەوە پەڕوپۆی جووجەڵەکانی منە...»

سوێندت بۆ دەخۆم جەنابی گوروو‌بان ئەوە تەواوی بەسەرهاتەکەیە.

گوروو‌بان چوو بۆ لای درگاکەوە. باران بە لێزمــە دەبـاری. لـە دڵ خۆیـا گوتی: «لەوە ناچێ ئەم کابرا سوورپێستە گەمژە بێ.»

***

بـاوە هیلاریـۆ خــەریکی خــاوێن کردنــەوەی چــرا نەوتییەکــەی بـوو کــە گوروو‌بان وەژوور کەوت:

ــ باوە ئێوارەت باش.

ــ ژیانت باش کوڕم.

ــ من ڕاموونی سوورپێست، دزی جووجەڵەکانتم گرتووە.

ــ دەبێ چاکی تەمبێ کەی گوروو‌بان. ئەرکی خۆتە! ئەوانــە هــەموویان وا دەست پێدەکــەن. ســەرەتا هێلکــە دەدزن، پاشــان دەبنــە وشتــردز. تـاوانی هەردووکیشیان هەر یەکە...

گوروو‌بان پەڕییە نێو قسەکانی:

ــ باوە تۆ لێت ڕوونە کە ڕاموون جووچکەکانتی دزیوە؟

ــ یانی چی لێم ڕوونە؟ من وەک ئەو ڕۆژەم لـێ ڕوونە. بەم دوو چاوەی خۆم دیتم. تۆ مەبەستت لەو قسانە چییە؟

ــ ڕاموون دەڵێ ئەوەی خەریک بووە بیبا جووچک نەبووە...

ــ جووچک نەبووە؟ کە وابوو چی بووە؟

ــ بەڵام زۆریش باوەڕ بە قسەکانی ناکەم... پێم بڵێ ڕاست و ڕەوان تۆ چت دی؟

ــ جووجەڵەکانمم دی! ئەوەی دیتم هەر ئەوە بوو. خۆ ئیشەڵڵا درۆ ناکەم.

ــ زۆر چاکە. هەرچی تۆ بیفەرمووی، بەڵام من ڕاموونم هێناوە بۆ ئێرە و پێم خۆشە بەرەو ڕووتان کەمەوە.

ڕاموون کە کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتبوو، هاتە ژووری، گورووبان وشکە بزەیەکی لە سەر لێو بوو، پاڵی‌دا بە کورسی پەنا دیوارەکەوە و قەشەش لە پاڵ چرا نەوتییەکەدا ڕاوەستابوو.

ــ دەی ڕاموون! ئێستا دەڵێی تۆ جووجەڵەکانی منت نەدزیوە، ها؟

ڕاموون لە ژێر لێوەوە منجاندی:

ــ من هیچ شتێک ڕەت ناکەمەوە و حاشاشی لێناکەم.

قەشە بە دەنگێکی گڕ و تووڕەوە گوتی:

ــ فەرموو جەنابی گورووبان، ئەوە ددانیشی پێدانا!

کابرای سوورپێست درێژەی بە قسەکانی دا:

ــ ئەوەی من بە گورووبانم گوتووە... ئەوە بووە، تو جووجەڵەت بە دەست منەوە نەدیوە.

ــ چی چی؟ من جووجەڵەم بە دەست تۆوە نەدیوە؟ مەگین من نەبووم گوڕاندم هۆی ڕاموونە سوور ئەو جووجەڵانە بەرەڵڵا کە؟!

ــ بەڵێ من بووم هەر کە هەرات کرد هەڵاتم، بەڵام خۆ هەڵاتن نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە جووچکەکانتم دزیبێ. هیچ یاسایەکیش نییە کە هەڵاتن بە تاوان بزانێ، کوا، هەمانە؟

ـــ نا، وا نییە. من خۆم دیتم تۆ جووجەڵەکانمت دزی. من تۆزقاڵێکیش بە هەڵە نەچووم!

ـــ نا باوە ئەوانە تەنیا چنگێ پەڕوپۆ بوون.

ـــ پەڕوپۆ؟ تۆ بە عالەم ئاشکرا دزی دەکەی ئێستاش دەتەوێ خۆتی لێ گێل کەی؟ خودایە! ئەم پیاوە سزا بدە چونکە دزیی لەم قەشە هەژارە کردووە!

گورووبان کڵاوەکەی بە تیلاگی سەرییەوە نا و چەپۆکێکی بە شانی ڕاموون دادا و بە تووڕەیی گوڕاندی:

ـــ بڕۆ با بڕۆین دەی! زوو کە زوو.

قەشەکە چاوی لە هەردووکیان بڕیبوو، گوتی:

ـــ دەبێ جووجەڵەکانم بۆ ببژێرێ.

گورووبان و کابرای سوورپێست چوونە دەرێ. لە ڕێیە گورووبان بە ڕاموونی گوت:

ـــ هەق بە قەشەیە. تۆ جووجەڵەکانیت دزیوە، ئێستاش دەبێ بیانبژێری!

ـــ گورووبان جووچکی چی! دەتگوت جاڵجاڵووکەن، هەر هیچ نەبوون، تەنیا چنگێ پەڕوپۆ بوون. ناچار بووم زۆریان خەرجی لێ بکەم تاکوو تۆزێ خڕەکە بن... بەڵام جەنابی گورووبان ئێستا وەرە تەماشایان کە. قەڵەو و خڕەکە و جوان، دڵت نایە تەماشایان کەی!

گورووبان بە واقوڕماوی ڕاوەستا:

ـــ خێرا بڕۆ بیانهێنەوە بۆ قەشە!

ـــ باشە بە چاوان. بەڵام خۆتان نەتانگوت سبەینێ ڕۆژی پشوودانە و شەوێ بۆ شام دێی بۆماڵی ئێمە؟

گورووبان هێندێ بێدەنگ بوو. پاشان تۆزێ بیری کردەوە و وتی:

ـــ ها... ڕاست دەکەی، سبەینێ ڕۆژی پشوودانە!!

کابرای سوورپێست کە بـە تونـدی هـەنگاوی دەنـا و کـەوتبووە حـەلوا و حیندرحۆ، لە دوورەوە نەڕاندی:

ــ بەڵێ... سبەینێ ڕۆژی پشوودانە.

گورووبان لە سەر پاژنەی سووڕا و لە کاتێکدا بـاران هـەروا بـە غـوڕەم دەباری، بەرە و شوێنی کارەکەی گەڕاوە.

## زیگفرێد لینتێس

زیگفرێـد لینتـێس ١٧ی مارســی ساڵــی ١٩٢٦ لــه شــارۆچکەی «لیـک» هەڵکەوتوو له ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووه. دوای خوێندنی ســەرەتایی و ناوەندی چووه هێزی دەریایی بۆ خزمەتی سەربازی و به ماوەی دوو ســاڵ له لایەن ئینگلیزییەکانەوه بەدیل گیرا. دوای ئازاد بوون له زانکـۆی هـامبورگ له بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی له خوێندن بۆوه.

ئەو یەکێ له نووسەرانی «گرووپی ٤٧» بوو که ساڵی ١٩٤٧ بـۆ ئامـانجی گەشانەوه و بەرز ڕاگرتنی ئەدەبی نوێی پاش شەڕی ئاڵمانیا هاته کایەوه.

کورته چیرۆکەکانی ئەو هاوشـانی بەرهەمـەکانی نووسـەری هـاووڵاتی خـۆی «هێنـریش بـۆل»ە. بەرهەمـەکانی وەک کورتـه چـیرۆک بـریتین لـه: «زولایکێن خۆشەویست بوو»، «پـاپۆڕی ئـاور»، «کایـەی تێکـدەر»، «راوچـی قۆڕ» و... ڕۆمان: «واشەکان به ئاسمانەوه بوون»، «نان و کایه» و...

زیگفرێد لینتێس ئێستا دانیشتووی شـاری هامبۆرگـه. نـوێترین بەرهـەمی ئەو کتێبێکه به ناوی «گریمانەیەک سەبارەت به داهاتووی ئەدەب» کـه ساڵـی ٢٠٠١ بڵاو کرایەوه.

# پیاوێک لە نێو دارەسێودا

زیگفرێد لینتێس

گەلۆ! لەم شارەی ئێمە (زولایکێن) دارێکی سەیر هەیە، عاجباتی‌ترین داری جیهان. هەموو لـق و پۆپـەکانی، پـەلک و چـرۆی خورافـات و پـڕ و پـووچی دەرکردووە و دەشنێتەوە، ئەوان... ــ ئەگـەر لـێم ڕاوەستن هـەموویتان بـە ڕێوجێ بۆ دەگێڕمەوە ـ «ئادام ئارباتسکی» ئـەو جـۆرەی کـە هەواڵـیان داوە خاوەنی چلوسێ دارسێوە، بەڵام ئەو دارەی کە نووسـاوە بـە ماڵـەکەیانەوە لــەوانی دیکــەی خۆشــتر دەوێ و ئاگــاداریی لـــێدەکا. پێوەندییــەکی سەیروسەمەرە ـ هەموو شتێک لە دوورەوە وەبەرچاو دەکـەوت ـ لـە نێـوان ئەم دارە و ئادام ئارباتسکی‌دا بوو. خۆ وا نەبوو کە زۆرتر ئاو و کووت بکاتە ژێری یان کووتی چاکتر لەوانی دیکـەی پێبـدا. لـەو شـەوانەدا کـە سـایەقە و بەستەڵەک بوو, کوورەیەکی خەڵووزی چکۆڵەی لـە پـەنا دارەکـە دادەنـا و ـ زۆر جاران دیتبوویان ـ قسـەی لەگـەڵ دەکـرد. هێنـدەش بێموبـالات قسـەی

لەگەڵ دارەکە دەکرد, تاکوو ڕۆژێک «سۆفیا»ی ژنی کە ژنێکی جوان و جحێڵ بوو, پێی زانی و دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ و سەرکۆنە کردنی:

«ئادام! لەزستانی ساڵی ڕابردوودا حیسابم ڕاگرت و بژاردم, تۆ لە هەوای تاووساودا چوار ڕستە و لە هەور و هەلا و باراندا حەوت ڕستەت قسە لەگەڵ من کردووە, کەچی بەم گوێچکانەی خۆم بیستوومە, لەگەڵ ئەم دارە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەستوورتر دەبێ و هەرئێستاش بەر پەنجێرەکەی گرتووە, زیاتر لە دە ڕستە قسە دەکەی, هەربۆیە تکات لێدەکەم بۆم ڕوون کەوە, خۆ کارێکی هێندە دژوار نییە.»

ئادام ئاربانسکی زەردەیەکی گرت و هێندێ بیری کردەوە, پاشان زۆر لەسەرەخۆ گوتی:

«ئەم دە ڕستەیە کە لەگەڵ ئەو دارە قسەم کردووە, لە ڕاستیدا قسەم لەگەڵ خۆم کردووە. چونکە ئەو دارە هەر خۆمم. بۆیە بە دڵ و گیان ئاگادارییی لێدەکەم تاکوو کاتی مردنم بتوانم بچمە نێو هەرڕۆڵەکەیەوە و ئاگام لە تۆ بێ سۆفیا گیان! چونکە تۆ هێشتا جحێڵی و جحێڵیش ئەگەر بۆی بلوێ هێندێ گەوجێتی و پێداکێشی دەکا. ئەمڕۆ پێمخۆشە هێندێکت لە ئەو مەترسییە ئاگادار بکەم. ئەم دارە کە منم! دەتوانێ سەر بە هەموو پەنجێرەکاندا بکات و نێو ژوورەکان ببینێ. ئەگەر دوای مردنم هەر کارێک ڕوو بدا, بە شێوەیەک خۆم نیشان دەدەم.»

ئەم قسانە لە ڕۆژی سێشەممەدا کران, ئادام ڕۆژی چوارشەممە بە جێوبان کەوت. ڕۆژی پێنجشەممە دوکتۆریان هێنا سەری و چونکە بڕوای بە دوکتۆر و دەوا و دەرزی نەبوو, نووسقەکەی دڕاند و فڕێی دا. نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە کۆچی دوایی کرد. ئەگەرچی بە تەواوی پیریش ببوو-سۆفیا ئەو ژنە دەستەوستانە کارێکی کرد تاکوو شوێنێکی جوان بۆ ناشتنی ئادام تەرخان بکەن. دەرمانی مۆریانی لە جلوبەرگەکانی پژاند و

لەسەرەتاوە خۆی سەبوور نیشان دا. بەڵام ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ خـەمی لـەدڵ دەردەکرد و هێشتا جحێڵ بوو و نەدەکرا تا کۆتایی تەمەنی هەر خەم بخوات و عازیەتبار بێ. هەروا ژیـانی تێپـەر دەبـوو, جێـی سەرسـووڕمانیش نییـە ئەگەر ئەم خۆخـەریک کـردن و ڕۆژ تێپـەڕ کردنـە بـەرەو دارەکـەی ئـادامی بەرێ. بەڵام بەجێی ئـەوەی سەتڵـێک کـووتی باشـی بکاتـە ژێـر, یـــان لـــە شـــەوی ســـەرمـــاو سەغڵەتدا کوورەی پشکۆی بۆ بەرێ, زۆر بە سـووکی چاوێکی لێدەکرد و کە بەلایدا تێدەپەڕی لقێکی لـێ دەشکاندەوە, بە لەقـە لـە دارەکـەی دەدا یـان هــەر کـارێکی پێـی خـۆش بوایـە دەیکـرد, تـاکوو بـۆی دەرکەوێ ئـەو دارە بەڕاسـتی چەنـدی لـە ئـادام ئاربـاتسـکیی پـیر لـە خـۆی گرتووە. بەوەدا کە بە هۆی حەولەکانییەوە هیچ شتێکی نائاسـایی نەقـەوما و هیچ ناڵەیەک, نووکەیەک, خشەیەک یان جنێوێکی, وەبەر گوێ نەکەوت. ئـەو دارسێوە وەک دڕوویەک بێ و لەچاوی هەڵچەقیبێ وا بوو, هەربۆیە ڕۆژێـک ڕەعیەتێکی بانگ کرد و پێی گوت:

«ئەم دارە بێ قەلافەتەم بۆ ببڕەوە, چونکە جوان نییە و تازە لەوەش زیاتر گەورە نابێ و هیچکەسیش ناتوانێ سـێوەکانی بخـوات, بەرپەنجێرەکانیشـی گرتووە و ژوور و ماڵەکەی لـێ تاریک داگێراوم.»

ڕەعیەتێکی «سبریسنی» بوو، چوو تەورێک و مشارێک و گوریسێکی هێنا. ویستی ئادام ئارباتسکی نێو دارەکـە بەیـەکجاری ببڕێتـەوە, تـاکوو لەمــەولا هەموو شتێ بە باشی و ئاسایی بەڕێوە بچێ.

ئێستا لێتان دەپرسم, گەلۆ! لە نێو ئێمەدا کێ هەیە بێ ئەوەی متـەقی لێـوە بێ, دانیشێ و تەماشا بکات, سبریسنییەک گوریسی لەمل دەخـات و بەمشـار لاقی دەبڕێتەوە؟ من پێموایە لە کاتێکی وادا هـیچکـەس بێـدەنگ ڕاناوەسـتێ. هەربۆیە نابێ چـاوەڕوانی ئـەوەش بـین کـە ئـادام ئارباتسـکی نێـو دارەکـە بێدەنگ دانیشێ و متەق نەکا. بۆیە هەرکە ڕەعیەتەکە مشاری لەسەر دارەکـە

دانا و دانەوی تاکوو دەست بکات بەبڕینەوەی, لقێکی وشکەڵ کەوت بە تەپڵی سەریدا, واشی پێدا کەوت کە نەیتوانی هەستێتەوە. سبریسنییان بە دارەتەرم بردەوە بۆ ماڵێ و ئیتر لە ئەو کاتەوە نەیوێرا بە لای دارسێوەکەدا بچێتەوە.

سۆفیا بە پەشۆکاوی چووە بن دارەکە و چەن ساتێک گوێی هەڵخست و لە هەموو بارێکی دارەکەی ڕوانی, پاشان بە دەنگێکی نەرم و لەسەرەخۆ گوتی: «ئادام! ڕەعیەتی سبریسنی هەمیشە لە هەڵگرتنی بەرهەم و ڕنینی بێستاندا یاریدەی دەداین, گژ و گیا و گزرە و کای بۆ دەکێشاین, نەدەبوو ئاوا بکوتی بەسەریدا ! چونکە زەبری ئەو لقەدارە زۆر لە زەبری چەپۆک بەژانترە!»

دارەکە متەقی نەکرد. سۆفیای شۆخ و شەنگ ڕۆیشتەوە بۆ ماڵێ و کەوتە بیر کردنەوە.

بیری کردەوە, پێی بڵێ بێت یان نا ـ مەبەستی ئەو لاوە بە گوڕ و هێزە واتە «ئیگۆن ساگێل»ی چوارشانە و جوانچاک بوو... دەکرێ بیهێنییە بەر چاوی خۆت کە ئەو لاوە چەندە ڕووهەڵماڵاو و پێداکێشە. لە ئاکامدا سۆفیا لە سەر قسەکەی خۆی سوور بوو, دڵەڕاوکێی وەلانا و هاتە سەر ئەوەی بە ئیگۆن ساگیل بڵێ تاکوو شەوێ بێ بۆ ماڵێ.

بەم شێوەیە ئەگەر بۆ گوتن ببێ, ئیگۆن ساگێل بە مەیل و هەوەسی گەماری خۆیەوە پێی نا ماڵەکەوە و بێشەرمانە ئەو کارەی کرد کە پیاوێکی لاوی ڕەبەن دەیکا. بەڵام لەو کاتەدا کە زۆری شایی بەخۆی بوو و بە کلک گوێزی دەشکاند و باوەشی لە سۆفیا وەرهێنابوو, هەڵی دەسووڕاند و بەم دیوو ئەو دیودا دەیتلاندەوە و ئارەقی ڕەش و شینیان دەردابوو, دەزانی چ ڕووی دا؟ هەر ئەوەی کە چاوەڕوانیی لێ دەکرا «ئادام ئارباتسکی»ی نێو دارەکە بە لقەکانی لە پەنجێرەکەی ڕادەکێشا. خۆی ڕادەوەشاند و لاولاوەی

پەنجێرەکانی خستبووە جیڕەجیڕ. بە لقە باریکەکانیشی چنگی لە سەربانە ماڵە سواغ کراوەکە گیر دەکرد. ئەو کارەی هێندە بە تووڕەیی و پەیتاپەیتا بوو، کە سۆفیا لەسەر جێگاکەی هەستا و بە پیاوە ڕەبەنەکەی گوت: «ئیگون ساگێل بێ زەحمەت بچۆ دەست بدە ئەو تەورداسە و لق و پۆپی ئەو دارە هەڵپەرتێوە، بەتایبەت ئەو لقانەی کە ئارامیان لێ هەڵگرتووین.»

پیاوە سەڵتە وتی: «ڕاوەستە هەر بە دوو دەقیقە جێبەجێی دەکەم.» کێردێکی گەورەی لە چێشتخانەکە دەست دایە و چووە بن دارەکە تاکوو لقە ملۆزمەکانی ببڕێتەوە. لەم کاتەدا ئادام ئاراباتسکی وەها خۆی ڕاوەشاند کە لاوەکە هەموو گیانی خووسا. ویستی بە دووسێ شەقاو خۆی بکێشێتە شوێنێکی ئەمن، بەڵام ئادام ڕێی پێگرت ـ ڕوونتر بیڵێم ـ ڕەگێکی خۆی لەبەر پێی‌دا قوت کردەوە و لاوەکە لێی هەڵەنگووت و سووڕێکی خوارد و کەوت بەعەرزدا، کێردەکەش ڕاست لە سمتی مەبارەکی هەڵچەقی! بێوەژنی جوان خێرا گەیشتێ چەقۆکەی لە برینەکە دەرکێشا و جوان سڕی. ڕەنگە گوتنی خراپ نەبێ، پیاوە سەڵتەش هەر هەستا و بە شەلەشەل هەڵات.

وردەوردە قسەوباس سەبارەت بە دارەکە و کردەوەکانی دەستی پێکرد و کەم کەس لە زولایکێن بوو کە بەلای‌دا بڕوا و بە ئەدەبەوە سڵاو نەکا و هێندێ قسەی لەگەڵ نەکات. لە سەروو هەموو شتێکەوە ئیتر هیچ کەسیش وەک بێوەژنێکی تەواو چاوی لە سۆفیا نەدەکرد. هەر ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی بەجارێ ئارا و قارای لێ هەڵگیرێ و هەست بە داماوی بکات. ئەو وەعزەی چەن ساڵ تامڵ کرد. بەڵام شتێکی لە مێشکدا بوو، وەک هەنگەژاڵە گیزەی دەهات. زۆری نەخایاند پلانێکی باشی بە فکر گەیشت. پلانێک کە ئیتر دارەکەی بە جارێ تەفروتوونا دەکرد. ناردی بە شوێن ڕەعیەتێکی بێگانەدا لە «شیسوومیر». ئەو پیاوە دزێو و بەسامە ناوی «ئیشتریش نینسکی» بوو، بەم حەیس و بەسیەی نەدەزانی. سۆفیا ڕایسپارد کە مەشخەڵێک لە بن دارەکە

دانێ و ئاگری تێبەر دا. ئیشتریش نینسکی لەتێ پەڕۆی لـە دارێـک پێچـا و لـە نەوتی هەڵکێشا، ئاوری تێبەردا و فڕێیدا بن دارەکە. ئێستا باوەڕدەکەن یـان نا! مەشخەڵەکە کەوانەی کرد و بە توندی درا بـە دەموچـاوی کـابرادا واشـی لێکرد بە هاوار هاوار دەستی کرد بە هەڵاتن.

سۆفیای شۆخە بێوەژن دیسان چووە نێو باخچەکە و زۆری جنێو بە ئادام ئارباتسکیی نێو دارەکە دا. بەڵام ئەو هەروا بێدەنگ بوو.

سـۆفیا هـاتبووە سـەر ئـەوەی بـۆ هـەتا هـەتا خـۆی بداتـە دەس ئـەو چارەنووسە و ئیتر کـاری بـە سـەر دارسـێوەکەوە نـەبێ. بـەڵام ڕۆژێکیـان باخەوانێکی شاد و قۆشمە بە ناوی «بوتسرێیت» کە لە ئەو گرفتارییەی سۆفیا ئاگادار ببوو، هات بۆ لای و گوتی: «ئەوەی سەبارەت بـە ئـادام ئارباتسـکیی نێو دارسێو بۆتە دەمگۆ بە جێی خۆی، بەڵام تۆ کەسێکت پێ شک دێ هەست بە مەترسی بکات و دەست نەکاتەوە؟ بە بڕوای من دەبێ بە شێوەیەکی دیکـە لەگەڵی بجووڵێینەوە. ئەگەر هەقدەستێکی باشم بدەیـەی لـەدەس ئـەو گرفتـە ڕزگارت دەکەم.

سـۆفیا گـوتی: «بـە سـەر چـاو، لـە هەوەڵـین دەرفـەتدا هەقدەسـتەکەت دەدەمێ.»

باشە دەتوانم بڵێم چی؟ ئەم باخەوانە گچکە و قۆشمە و فێڵـەزانە دەسـتی سۆفیای گرت و گوتی: «ئەم دارە جوانتر دەکـەم، خاترجـەم بـە پەشـیمانیش نابییەوە، چونکە هیچ شتێک بە زۆری بە ڕێوە نابەم.»

چوو بۆ لای دارسێوەکە و بە شێوەی جۆراوجۆر دەستی کرد بە متوربـە کردن، - چـووزانم ـ سـەرەتا بـۆ ئـەوەی ڕەسـانەیەتی دارەکـە نیشـان بـدا دەستی کرد بە بژار و هەڵکەندنی گیا و گژی ڕیشەداری بن دارەکـە، پاشـان متوربە کردنی. هەروەها تۆوی چیمەنی بە بن دارەکەوە کرد. لایەکی فنـدقی متوربەکرد، لایەکی هەرمێ، لایەکی بەڕوو، لایـەکی بـەهێ و... تـەواوی ئـەو

متوربە کردنەشی بە مەرایی و خۆ شیرین کردنێکی بەردەوامەوە ئەنجام دەدا و دارەکەش ئیجازەی هەموو کارێکی پێدەدا. ـ هەموو کەس دەزانێ دارەسێو بەو فێڵ و دەهۆیە چەواشە ببوو. دارەکە پەل و پۆی هاویشت و گەورەتر بۆوە, بەڵام چۆن گەورە بوونێک؟ لایەک فندقی پێوە بوو لایەکی سێو, لایەکی بەڕوو, لایەکی بەهێ و ... بە کورتی ئادام ئارباتسکیی نێو دارەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانی بەسەردا دەهات و دەتگوت هەر ئەو دارەش نییە. هەر بۆیە لەگەڵ گەورەتر بوونی‌دا بەچەشنێک هاتەوە سەر باری ئاسایی وەکوو دارەکانی دیکە,. تەنیا شتێکی کە پێوەی دیار بوو ساقەتە ئەستوورەکەی بوو. گەلۆ! ئێوە بڵێن, ئایا تەنیا لاق دەتوانێ ببێتە هۆی بەرێوە بردنی ئەرک؟! بەم شێوەیە ئادام ئارباتسکی تەواوی وزە و هێزی خۆی بۆ کارگەلێکی چکۆڵە و بێ بایەخ بەفیڕۆدا گوێی بە شتە گرینگ و بنەڕەتییەکان نەدا و بوو بە چەن پاژەوە. چونکە ئەو دژایەتیی لە لەگەڵ متوربە کردن نەکرد.

هەرکەسێ ڕێی بکەوێتە زولایکێن هێشتاش دەتوانێ ببینێ, خاترجەم دەتوانێ سەیر و سەمەرەترین داری جیهان ببینێ.

## ئالن ڕۆب گرێ

لـه چـیرۆکنووسـیدا، شـێواز و ئامـانجی ئـالن ڕۆب گـرێ لـه بـواری فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیستی ئەو دایە. هەروەک برووس ماریسـێت دەڵـێ: نووسەری ئێگزیستانسیالیست بۆ بەیانی ناوەڕۆکی زەیـنی دەبـێ خـۆی بـە شتەکانەوە ببەسـتێ و وتـەی ڕاڤـەی دەروونناسـی و شرۆڤـەی نـەزەری و بیرۆکەی زانای گشت وەلابنێ. ڕۆب گرێ ئەو کارە دەکا، ئامانجی ئەو مانا و ئەندێشەی تاک نییە، بەڵکوو شانۆی هەستە پێنجینەکانی دیـواری ئـەزموونی مرۆڤە. هێندێ لە ڕەخنەگران ئەو بە ڕیشەدارترین و نوێخوازترین و کاراترین چیرۆکنووسی (دژی ڕاستەقینەخوازی) دەزانن.

شێوەی ڕوبەڕووبوونەوەی ئەو لەگەڵ بیروڕا و ڕۆڵی وەگێڕ لە ناوەنـدی چیرۆکەکانیدا بەرچاوە. ئەو دەیەوێ ئەو وەگێڕە کە ڕاڤە و کورت کردنەوە و هەڵسەنگاندنی بە دەستە و پێوەندیی ڕۆحی و ئـەخلاقی لەگـەڵ خوێنـەری چیرۆک بەستووە، وەلابنێ لەو لاشەوە بە سنوور دانان بۆ خوێنەر و هەستی تێگەیشتنی کە هەرچەندە ساکارتر پێشکەش بکرێ، هەوڵ دەدا مەودای نێوان خوێنەر و ماکی سەرەکی چیرۆکەکە لەنێو بەرێ.

خوێنەر نەک خودی کەسـایەتییە کـە بەڵـکوو تێگەیشـتنەکانی کەسـایەتی دەرک دەکا.

ڕۆب گرێ ساڵی ١٩٢٢ لـە برسـێتی فەڕەنسـا لـە دایـک بـووە. یەکـەمین چالاکی لە بواری خاکناسیدا بووە و لێهاتوویی و وردبینی لە بەرهەمەکانیـدا دەتوانین لەوە بزانین. لـە خاکناسـییەوە ڕووی کـردە ئـەدەبیات و یەکـەمین ڕۆمانی بە ناوی (پاککەرەکان) ساڵی ١٩٥٣ بڵاو کردەوە. ئەم چیرۆکەی کـە

لەم کتێبەدا هاتووە سەبارەت بە سێ منداڵەکە بە ڕۆخێکدا دەڕۆن و ڕۆخیش شوێنێکی باوە لە بەرهەمەکانی ڕۆب گریێ دا، چونکە لە کەناری برۆتانی گەورە بووە. خوێنەر لە ناوەندی تێگەیشتنێکی هەستیدا خۆی دەبینێتەوە کە بەسەر منداڵەکاندا زاڵە. هەموو شتێک خێرا و بە ڕوونی خۆی بە دەستەوە دەدا. جێگاپێی منداڵەکان، شەپۆلی پەیتاپەیتا و سووڕانی باڵندە، دەنگی گازەنگ، ڕۆب گریێ هەموو شتێکی سڕیوەتەوە تەنیا شتە ڕواڵەتییەکانی هێشتۆتەوە، بۆیە لە پاڵ تێگەیشتنێکی بێبەزەییانە کە بە شوێن منداڵەکانەوەیە، هەڕەشەیەکی ونیش دیارە.

**ڕۆخ**

ئالێن ڕۆب گریێ

سێ منداڵ بە ڕۆخی شیداری زەریاکەدا دەڕۆن. شان بە شانی یەک دەڕۆن و دەستی یەکیان توند گرتووە. ڕاست بە قەد یەک دەبن. وێدەچێ هاوتەمەنیش بن. تەمەنیان دە دوازدە ساڵ دەبێ. ئەوەی نێوانیان هەوایەک کورتەبالاترە.

ئەو ڕۆخە دوور و درێژە جگە لەو سێ منداڵە کەسی تری لێنییە.

خیزەڵانی قەراغ دەریاکە تەخت و تەکووزە و لێرە و لەوێ بەردی گەورە و گۆلاوەکە ئاو وەبەرچاو نایەت. لە زنار و ڕەوەزەکەوە کە بێسنوور دێتەبەرچاو هەتا دەگاتە زەریاکە لێژاییەکی کەمی هەیە. هەواکەی خۆشە، خۆر بارانی تیشکی بە تەوژمی بەسەر لمە زەردەکاندا دەڕێژێ.

پەڵە هەورێک بە ئاسمانەوە نابینی. بای نایە، ئاوی زەریا شین و مەندە و شەپۆلێک وەبەرچاو نایە، ئەگەرچی ڕۆخ لەبەر زەریایەکی ئازاد و بێسنوور دایە.

بەڵام لە کاتگەلێکی ڕێک و پێکدا شەپۆلێکی توند کە هەمیشە ئەوەیە لە قەراغ دەریاکە دروست دەبێت و لەپڕ هەڵدەستێتەوە و خێرا لە بەریەک بڵاو دەبێ. هەمیشە هەر لەو جێگایەدا.

هیچ لەوە ناچێ ئاوەکە بێتەپێشێ و پاشان بڕواتــە دواوە، بــە پێچەوانــەوە دەڵێی هەموو ئەو جووڵانەوانە لە جێوەیە، گوشاری ئاو سەرەتا جۆگەلەیــەک لە لای ڕۆخەکــە ســاز دەکــات و شــەپۆلیش بــە لرفــە لــرف و کــەف چڕانــدن دەکێشێتەوە و لەپڕدا وەک شێت و هار سەردەکێشێ بە کەنــدەڵانی قــەراغ دا و پرژ و بڵاودەبێتەوە. شەپۆل هەستاونەتە ســەر پــێ و لــە زۆر لاوە بــەرەو ڕۆخەکە پاش و پێش دەکــەن و هــەر جــارەی چــەن قامکێــک ڕمــڵ و خیــزی ڕۆخەکە دەخووسێنن.

دیسان هەموو شتێ کڕ و بێجووڵەیە، زەریا مەند و شینە، بەســەر زەردە لم و خیزی ڕۆخەکەدا سێ منداڵ شان بە شانی یەک هەنگاو دەنێن.

تووکەسەریان بۆرە و هاوڕەنگی لمەکەیە، دەموچاویان لە قژیان پڕ ڕەنگ ترە. هەر ســێکیان جــل و بەرگــەکانیان لــە یەکــە: شەڵــواری قوڵــە و کراســی بێقۆڵ، کراس و شەڵوارەکەشــیان لــە پارچەیــەکی شــینی ڕەنــگ بــواردووە. دەستی یەکیان گرتووە شان بە شــان دەڕۆن، بــە نێــوان دەریاکــە و ڕەوەزە بەردەکانی کەناردا. خۆر گەیشتۆتە چەقی ئاسمان و سێبەرەکانیان کەوتۆتــە بــن لاقیــان. لمەکــە لەبەردەمیانــدا لــووس و بــێخــەت و هێڵــە و لــە نێــوان ڕەوەزەکــان و زەریــادا زەرد دەکاتــەوە. منداڵــەکان بــە ڕیــز و بەپــڕتاو و بێئــەوەی بــە حــاڵ لــەو ڕیــزە لادەن، بێــدەنگ دەڕۆن و دەســتی یــەکتریان گرتووە. لەدوایانەوە سێ ڕیز جێگا پــێ بــە کــەمترین تــەڕایی و شــوێن پێــوە پێخاوس بوونیان لە قاو دەدا. سێ زنجیرەی ڕێک و پێک شەقڵی هاوشــێوە و هاومــەودایان لەســەر لمەکــە بــەجێهێشــتووە و هیچکامیــان یــەکتریان لــەت نەکردووە.

منداڵەکان ڕاست چاویان لە پێش خۆیان بڕیوە. نە چاو لە ڕەوەزەکانی لای چەپیان دەکەن نە لــە دەریــا، کــە بــە شــەپۆلە ورد و لــە پەســتاکانی خــۆ بــە

لێوارەکەدا دەدا. نە لادەکەنەوە بۆ دواوە. بە هەنگاوی توند و یەک وچان ڕێ دەپێون.

لە هەمبەریان پۆلێک نەوڕەس بە کەناری ڕۆخەکەدا و لە پەنا شەپۆلەکاندا بە تیژی تێدەپەڕن. نزیکەی سەد هەنگاوێک لە پێش منداڵەکانەوە دەڕۆن. بەڵام چونکە باڵندەکان بە قەد منداڵەکان بە پەلە نین، منداڵەکان پێیان دەگەنەوە. لەگەڵ ئەوەی کە زەریا هەمیشە خەریکی سڕینەوەی جێ‌پێ ئەستێرەییەکانی ئەوانە، بەڵام جێی پێی منداڵەکان بە جوانی دیارە و سێ شوێنی هاوتەریب سات لە دوای سات درێژتر دەبێتەوە.

جێ‌پێ‌کان بە قەد یەکتر لەسەر لمە تەڕەکە دیارن و بە قەد قامکێک قووڵ بوون. خوار و خێچیش نابن، چونکە لێوارەکان دانارووخێنن و پاژنە و پەنجەی لاق قووڵکی جێ‌پێ‌کان گەورە ناکەنەوە. وەک قووڵک و چاڵێک دێنە بەرچاو کە دەزگای مەنگەنە لەسەر ڕووبەری کێش‌هاتووی ڕۆخەکە دروستی کردبێ.

بەو شێوە هێڵی سێ قۆڵیی ئەوان بە لێواری ئاوەکەدا درێژ دەبێتەوە و دوور دەکەوێتەوە، لەو کاتەدا دەڵێی باریک بوونەتەوە. هێڵێکی یەکگرتوو دادەمەزرێنن کە ڕۆخەکە لە باری درێژاییی دەکەن بە دوو بەشەوە. لە جووڵەیەکی دووپاتەی دوورەدەستا کە دەڵێی هەر لە جێوەیە ، هەڵێنان و دانانەوەی لە پەستای شەش لاقی پێخاوس، دەگەن بە کۆتایی.

بەڵام کاتێ لاقەپەتییەکان دوور دەکەونەوە و دەگەنە باڵندەکان نەک ئەوەی مەوداکە ببڕن. بەڵکوو مەودای لەبەر چاو گیراوی دوو گرووپەکە باڵندە و منداڵەکان لە چاو ئەومەودا بڕدراوەی پێشوو بە پڕتاو کەم دەبێتەوە و زۆر ناخایێنێ کە مەودای نێوانیان دەبێتە چەند هەنگاو...

بەڵام کاتێ منداڵەکان دەگەنە حاندی پۆلە باڵندەکە، باڵندەکان هەموو باڵیان لێک دەدەن و هەڵدەفڕن، سەرەتا یەکیان، پاشان دوان و دەو...

ڕەوەی سپی و خۆڵەمێشین کەوانەیەک بەسەر دەریاکەوە دروست دەکەن و پاشان لەسەر ڕملەکە دەنیشنەوە و دیسان دەست دەکەن بە هەڵاتن لەسەر لمەکە و دیسان بەرەولای پەراوێزی شەپۆلەکان و سەد میتر ئەولاتر. ئەو مەودایەی شەپۆلی ئاو یەک ئەندازە نییە و تەنیا گۆڕانێکی کتوپڕی ڕەنگ لەهەر دە چرکەدا ڕوودەدا کە کەفی سەرنجڕاکێشی شەپۆلەکان لەبەر هەتاو بریقەی دێ.

بێئەوەی سەرنج بدەنە ئەو جێپێیانەی کە بە وردی لەسەر لمەکە بەجێدەمێنن، بێئەوەی گوێ بدەن بەو شەپۆلە وردانەی لای ڕاستیان و ئەو باڵندانە کە لە پێش ئەوانەوە بە لاق و بە باڵ هەڵدێن و دەفڕن و دەنیشنەوە. سێ منداڵی موو بۆر بە هەنگاوی خێرا و ڕێک و پێک شان بە شانی یەک دەڕۆن و دەستی یەکتریان گرتووە.

سێ دەموچاوی تاوەسووت کە برێ لە تووکە سەریان بۆرترە و هەموویان شێوەی یەک دەدەن. قەد و بالایان وەک یەک دەچێ: جیددی و خەیالاوی و نیگەران دیارن. وەک یەک دەچن ئەگەرچی دوانیان کوڕن و یەکیان کچە. تەنیا قژی کچە بڕێک لە هی کوڕەکان درێژترە و تۆزێ لوولە و دەست و لاقیشی تۆزێ نەرم و ناسکترە. بەلام جلەکانی هەر لە هی ئەوانە شەڕواڵی قوڵە و کراسی بێقۆڵ. لە پارچەیەکی شینی ئەستوور و ڕەنگ بواردوو.

کچە لە لای ڕاستەوەیە لای دەریاکەوە. لە نێوەڕاستەوە کوڕێک هەنگاو دەنێ کە تۆزێ کورتەبالاترە. کوڕەکەی تریش کە لای ڕەوەزەکانەوەیە ڕاست بالای بە قەد بالای کچەکە دەبێ.

لە ڕووبەڕووشیانەوە لمێکی ساف و سامالسا تا چاو هەتەر دەکا، ڕاخراوە.

لای چەپەشـیان دیـوارێکی بـەردینی قـاوەیی هەڵـچووە کـە ڕواڵـەتەن بێسنوورە و شان بە شانی دەریاکە کێشراوە. لای ڕاستەیان مەند و شین و هەتا پەڕپەڕۆچکـەی ئاسمـان ساماڵـە و لێـوی لـە پـڕدا هەڵـدێنێتەوە و وەک کەفێکی سپی پرژ و بڵاو دەبێتەوە.

دوای دە چرکە، شەپۆلێک بەرز دەبێتەوە و دیسان ئـەو جۆگەلـە قووڵـەی پەنا ڕۆخەکـە بـەلرف و هـۆڕ دێ و تلاوتـل لم و خیـز بـەرەو کـەنارەکان ڕادەدا.

وردە شەپۆل باڵا دەکەن و کەفی زێوێن لە لێژی لمەکەوە سـەردەکەون و ئەو چـەن بسـتەخاکەی لـە دەسـتیان داوە وەدەسـتی دەخەنـەوە. بـە دوای بێدەنگییەکی کپدا دەنگی گازەنگی کلێسـەیەک لـە دوورەوە دەبێتـە زایەڵـە و دەنگ دەداتەوە.

ئەو منداڵە چکۆلـەی کـە لـە نێوەڕاسـتەوە هـەنگاو دەنـێ دەڵـێ: (دەنگـی گازەنگە). بەڵام دەنگی ئەو خیزانەی کە زەریـا خەریکـە دەیـانمژێ، زایەڵـەی گازەنگەکـەیان بـە جـارێ کـز کـردووە و تـەنیا لـە کۆتـایی لـوول بـوونی شەپۆلەکاندا، دەنگێک دەکەوێتە بەرگوێ، کە ئەویش مەودا لە ناوی دەبا.

کوڕە باڵابەرزەکەیان دەڵێ: زەنگی یەکەمە.

شەپۆلێکی چکۆلە لە لای ڕاستەیانەوە ڕێدەکەوێ.

کاتێ کە بێدەنگ دەبنەوە، ئیتر هیچ نابیستن. سێ منداڵی موو بۆر ئێسـتاش هەر بەو هەنگاوە ڕێـک و پێکـەوە دەڕۆن و دەسـتی یـەکتریان گرتـووە. لـە بەرانبەریانەوە پۆلێک باڵندە تـەنیا چـەن هـەنگاو لـەولاترەوە، لەپـڕ تووشـی دڵەخورپەیەکی گیرۆ دەبن، باڵیان لێک دەدەن و هەڵدەفڕن و دەڕۆن.

دیسان کەوانەیەک بەسەر دەریاکەوە ساز دەکەن و دیسان لەسەر لمەکـە دەنیشنەوە و دەست دەکەن بە هەڵاتن. دیسان هەر بـۆ ئـەو لایـەوە بـە پـاڵ شەپۆلەکاندا نزیکەی سەد هەنگاوێک لەولاترەوە.

کوڕە چکۆلەکە دەڵێ: ڕەنگە یەکەم زەنگ نەبێ یان ڕەنگە ئێمە گوێمان لە دەنگەکەی پێشوو نەبووبێ.

کوڕە کەڵەگەتەکەیان وەڵامی دەداتەوە. ئەگەر ببوایە دەنگەکەی پێشووشمان وەک ئەم دەنگە دەبیست.

منداڵەکان ڕەوتی هەنگاویان نەگۆڕیوە ئەو جێپێیانە هەر بەو شێوەیە کە دەڕۆنە پێشێ، دواوەی خۆیان لە بن شەش لاقی پێخاوس دەردێنن. کچەکە دەڵێ: ئەو جارەی دیکە ئەوندە نزیک نەبووین، دوای چەن ساتێک کوڕە کەڵەگەتەکە کە لەلای ڕەوەزەکانەوەیە دەڵێ:

هێشتا نزیک نەبووینەتەوە.

هەرسێکیان بێ دەنگانە درێژەیان بەرێگاکەدا.

هەروا بێدەنگ دەڕۆن، دیسان دەنگی گازەنگ وەک پێشوو بە هێواشی لەو بێدەنگییەدا دەبێ بە زایەڵە. کوڕە باڵابەرزەکەیان دەڵێ: (ئەوەش گازەنگ) بەڵام منداڵەکانی تر نقەیان لێوە نایە.

باڵندەکان لەگەڵ ئەوەی منداڵەکان لێیان نزیک دەبنەوە باڵ لێدەدەن و هەڵدەفڕن. سەرەتا یەکیان پاشان دوان و دەو....

بە مەودای سەد میترێک لە پێش منداڵەکانەوە لەسەر لمی ڕۆخەکە دەنیشنەوە و بە گوێ ئاوەکەدا هەڵدێن.

دەریاکە هەمیشە ئەستێرەی جێگاپێکانیان دەسڕێتەوە ـ بەڵام منداڵەکان کە لە ڕەوەزەکان نزیکن شان بە شانی یەک دەڕۆن و دەستی یەکتریان گرتووە، قوولکی جێگاپێیان لە دواوە بەڕیز بەجێدەمێنێ کە دەبنە سێ هێڵی هاوتەریب و تا ئەوپەڕی ڕۆخەکە درێژەی هەیە.

لە لای ڕاستەوە، نزیک ئاوی مەند و بێ جووڵە، هەمیشە لەو شوێنە، ئەو شەپۆلە چکۆلەیە بەرز دەبێتەوە و لەبەریەک بڵاو دەبێ.

## خورخە لوویس بۆرخێس

زۆربــەی خــاوەن ڕایــان خورخــە لــوویس بــۆرخێس بــە گــەورەترین مامۆســتای زینــدووی پەخشــانی ئیســپانیایی دەزانــن. ئــەو ساڵــی ١٨٩٩ لــە بوئنوس ئایرێس لە دایک بووە، لە سویس خوێندنی تەواو کرد و ساڵی ١٩١٩ چوو بـۆ ئیسـپانیا و لەگـەڵ زۆر نووسـەری خولیـای ئـەدەبیاتی پێشـڕەوی ئەورووپا ئاشنا بوو. ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە بۆ ئـارژانتین و لـە دامەزرانـدنی (ئولترائیسـمۆ)دا بەشـداری کـرد، بزووتنەوەیـەک بـوو کـە لـە شـاعیرانی ئارژانتینی و ئیسپانیایی پێکهاتبوو و هەوڵیان دەدا زمانی ئیسـپانیایی بکەنـە کەرەسە و بنەمای شێعری نوێ. یەکێ لـە گۆڤـارەکانیان بـە نـاوی (پریسـما ڕێویستا مۆراڵ) کە گۆڤارێکی دیواری بوو و شێعریان لەودا بڵاو دەکـردەوە و بە خەڵکیان دەگەیاند.

بەرهەمەکانی دوایی ئەو بریتین لە ئێل ئالیف ١٩٤٩ ئێل ئایسدۆر ١٩٦٠ کە ساڵی ١٩٦٤ بە ناوی (بـەورە خەونییـەکان) کـرا بـە ئینگلیـزی. کـە چیرۆکـی بۆرخێس و من لەو کۆمەڵە چیرۆکە وەرگیراوە.

لە چیرۆکی «هەموو شـتێک و هـیچ شـتێک»دا ئێمـە لەگـەڵ «خـەونێک لـە خەوندا» بەرەوڕوو دەبین و تووشـی گـەڕان دەبـین بـە دوای پێناسـەیەکدا. شکسـپێرێک کـە ئـەو هــەموو کەسـایەتییەی خوڵـقاندووە بـە ئاواتەوەیـە (کەسایەتی خۆی) هەبێ، بەڵام خودا ناهێڵێ. لە (بۆرخێس و منـدا) کـە زیـاتر وەک تەرحێک دەچێ تا چـیرۆک، نووسـەر لـە گەڕانێکـدا بـە دوای پێناسـەی تایبەتی‌تر و دژوارتردا بە چاوی کەسێکی‌تر لە خۆی دەڕوانـێ «مـن دەژیم و

دەهێڵـم بـژیم تـاکوو بـۆرخێس بتوانـێ ئەدەبیاتەکـەی پـەرە پێبـدا» لـەم وتووێژەشدا هەر بۆمان دەرناکەوێ و ناتوانین لێکیان بکەنەوە... و دڵنیا بین.

بـۆرخێس وەک (وڕینـەبێژێکی لێـزان) ناسـراوە. بـەڵام تەڕدەسـتی و وردبینی ئەو لە چیرۆکدا تەنیا بۆ گێژکـردن و فریـودان و سـەرگەرمی نییـە، بەڵکوو بۆ ڕۆچوون بـە نـاخی نەناسـراوەکاندا و دیتنـەوەی ئـەو (وشـەیەک هەموو عالەم لە خۆ دەگرێ) دایە. هێندێک لە ڕەخنەگران لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم شێوازەی بۆرخێس ئەوی بەرەو ئاستێکی جوانیخوازانـەی بێهـوودە داکێشاوە.

بەڵام زۆربەیان ئەو بە هونەرمەندێکی بێوێنە دەزانن کە زیاتر لـە هـەموو کەسێک زمانی ئیسـپانیایی کردۆتـە کەژاوەیـەک بـۆ ئـەدەبیاتی نـوێ و لـەو پێناوەدا هەوڵی داوە.

# هەموو شتێک و هیچ شتێک

خۆرخە لوئیس بۆرخێس

هیچ کەس لەودا نەبوو. لە پشت بیچم و سیمایەوە (کە تەنانەت لەنێو وێنە هەرە خراپەکانی ئەو زەمانەشدا وەک هیچ بیچم و سیمایەکی دیکە نەدەچوو) و قسەکانیشی پاراو و خەیاڵاوی و توندوتیژ بوو. تەنیا بەهۆی سارد و سڕیی کارتێکردنی خەونێکەوە بوو کە هیچ کەس تا ئێستا بە خەونیش نەیدیوە. سەرەتا پێی وابوو هەمووکەس وەک ئەون. بەڵام سەرسووڕمانی دۆستێکی کە ئەو سەبارەت بە ئەو پووچییە لەگەڵی دوابوو. پێی سەلماند کە بە هەڵەچووە. دەبێ هەمیشە وا هەست بکا کە پیاو نابێ ڕواڵەتێکی جیاوازی هەبێ. سەردەمێ پێی وابوو دەتوانێ دەرمانی دەردەکەی لەنێو کتێبەکەیدا بدۆزێتەوە، هەر بۆیە لاتینییەکی سادە و یۆنانییەکی کۆن کە لەو سەردەمەدا کەم وابوو قسەی پێبکرێ، فێر بوو. پاشان بەبیریدا هات ئەوەی ئەو بە دوایدا دەگەڕێ لەوانەیە بتوانێ لە ئایینێکی مرۆڤانەی سەرەتاییدا بیدۆزێتەوە. ودمی دا کە (هاتاویێ) هاوسەری شکسپیێر لە دوانیوەڕۆیەکی درێژی مانگی ژووئەندا لەگەڵی ئاشنا بێ. لە بیست و چەن ساڵیدا چوو بۆ لەندەن. بە

شێوەیەکی غەریزی ببووە خاوەن ئەزموون و لێزان. بۆیە خۆی وا نیشـان دا کە ئەمیش کەسێکە، تاکوو کەس نەزانێ کە هیچ کەس نییە.

لە لەندەن کارێکی پەیدا کرد کە قەزا و قەدەر بـۆی ڕێـکخسـتبوو، کـاری ئەکتەری، ئەکتەرێک کە لەسەر شـانۆ دەبێتـە شـەریکی کایـەی خۆڕانـان بـە یەکێکیترەوە.

لە هەمبەر خەڵکیشدا کە بوونەتە هۆی شەریکی کایەی خۆڕانان و قەبووڵ کردنی ئەو بەجێی کەسێکی دیکە. زۆر لە کارەکەی ڕازی بوو، بە جۆرێک کـە ڕەنگە یەکەمین جار بوو لە ماوەی تەمەنیدا تا ئەو ڕادەیە ڕازی بووبێ. بەڵام چونکە لەگەڵ خوێندرانەوەی دوایین بەیت و دوایین مـردووش لەســەر شـانۆ دەبرایە دەرێ، بۆنی بێزاریهێنی ڕاستەقینەی هەست پێکرد. ئیتر «فێرێکس»[1] و «تەیمووری لەنگ»[2] نەبوو، دیسان دەبـۆوە بـە هـیچ کـەس. بـەم شـێوەیە بەرەنجاوی پەنا دەبا بۆ نیشاندانی قارەمانان و حەقایەتی پڕ لـە تراژێـدیای دیکە. بەو شێوەیە کە گیـانی خـەریکی دۆزینـەوەی هەقیقـەتی چارەنووسـی جەستەی بوو. لە مەیخانە و شوێنی خۆشڕابواردن لە لەنـدەن. ڕۆحـی ئـەو «سێزار» بوو کە وریاییدانی فاڵگری پێ هیچ نەبوو. هەروەها «ژولێت» بـوو کە بە بێزارییەوە ڕووی لە شـالوور وەردەگێـڕا و «مەکبـەس» لـە دەشـتێک لەگەڵ سێحربازەکان قسە دەکا کە خودای چارەنووسن.

هیچ کەس وەک ئەم پیاوە فرەڕەنگ نـەبوو. پیاوێکـە وەک «پرۆتئۆسـی» میسری کە دەیتوانی هەموو ڕووبەندەکانی ڕاستەقینە هەڵداتەوە. هێندێ جار ددانپیانانێکی لە بەشی کارەکەیدا دەشاردەوە و بە متمانەوە پێی وابـوو لێـی ئاشکرا نابێ. «ریچارد» دەڵێ ڕاستە ئەو لـە قاڵـبی منـدا دەوری زۆر کەسـی

[1] ـ فێرێکس و پورێکس (١٥٧٠) لە یەکەمین تراژیدیاکانی ئینگلیسی بوو.

[2] ـ١٥٩٠ ـ شانۆیەکی کریستوفێر مارلۆ بوو.

گێڕاوە و «یاگوو»ش هەمیشە ئەم ڕستە سەیرەی دەکوت کە «من ئـەوە نـیم کە هەم» بنج و بناغەی بوون و خەو دیتن و دەورگێڕان ببووە ئیلهام بۆ کارە بەناوبانگەکانی ئەو.

بیست ساڵ لەنێو ئەو خەون وخەیالانەدا دەوامی هێنا، تـا ئـەوەی ڕۆژێـک بەیانی لە ناکاو لەوەی کە ئەو هەموو پاشایەیە و بـە زەبـری شمشـیر لـەنێو دەچن و ئەو هەموو دڵدارە خەمبار و دەردەدارەیەکە بە ئەشقەکەیان بگەن یا نەگەن خەمناکانە دەمرن، هەسـتی بـە داهێـزران دەکـرد و تـرس سـەرتاپای داگرت، هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری دا کـە شـانۆگاکەی بفرۆشـی و حەوتوویـەکی نەخایاند گەڕایەوە ئـەو گونـدەی لێـی لـە دایـک ببـوو. لەگـەڵ دار و چـۆم و ڕۆژانی منداڵی خۆی یەک کەوتەوە و ئیتر ئەوانی لەگەڵ ئەو شـتانەیتـر کـە پێی خۆش بـوون، بـە سـووکەئاوڕ (تـەلمیح)ی ئەسـاتیری و وشـەی لاتـینی ڕازاوە دروسـتی کردبـوون، پێوەنـدیی دەدا. ئـەو ناچـار بـوو کەسـێک بـێ. شانۆدارێکی خانەنشین کراو بوو کە ببووە خاوەن ماڵ و حاڵ و لەگەڵ قـەرز و قۆڵە کاری یاسایی و سوودخوریی زۆر و زەوەند تێکەوتبوو. لە قاڵبی ئەو کەسایەتییەدا بوو کە ئەو وەسیيەتنامە بێتامەی نووسی کە هەموو دیومانـە. لـە ڕووی وریاییشـەوە هـەموو ڕەنگدانەوەیـەکی لـە شـینگێـڕی و ئـەدەبی لـێسـڕییەوە. کاتـێ لەوپـەڕی تەنیاییـدا دۆسـتەکانی لـە لەندەنـەوە هاتنەسەردانی، دەوری شاعیرێکی گێڕا. مێژوو دەڵێ کە ئەو بەر لە مردن یان پاش مردن خۆی لە هەمبەر خودادا دیوە و پێی کوتووە: «من کە بێ هـۆ ئـەو هــەموو کەســانە بــووم، دەمهــەوێ هــەر خــۆم بم». دەنگـی خـودا لــەنێو گەردەلوولێکەوە وەڵامی داوەتەوە: «شکسپێری خۆشەویست تۆ زۆر کەسی وهیچ کەسیش نیت».

# بۆرخێس و من

خۆرخه لوئیس بۆرخێس

ئەویتر، ئەویتر کـە نـاوی بۆرخێسـە، هـەر ئـەو کەسـەیە کـە ڕووداوی سەیری لێدەقەومێ. من بە شەقامەکانی بۆئنووس ئایرێسدا[3] هـەنگاو دەنـێم و چرکەیەک ڕادەوەستم، ڕەنگە وێستانەکەم بێئیختیاربێ، تاکوو چاوێـک لـە تاقی سەردرگانەی هەیوانەکە و وێنەی خانەخانەی درگاکە بکەم. بۆرخێس بە هـۆی نامەکانییـەوە دەناسـم و ناویشـیم لـە ڕیـزی نـاوی مامۆسـتایان و فەرهەنگی ناودارانداا دیوە. من سەعاتی لم و نەخشە و چـاپی پـیتی سـەدەی هەژدەهەم و تامی قاوە و پەخشانی «ئیستیۆنسۆن»م[4] بە دڵە، ئەویش هەروا. بەڵام هێندە خۆپەرستە کـە ئـەوان دەکاتـە تایبەتمەنـدیی ئاکتـەرێک. ئەگـەر تۆزێ پڕکێشی بکەم دەتوانم بڵێم ڕقەبەرایەتییەکی خەست لەنێوانماندا هەیـە. من دەژیم و دەهێڵم بژیم تاکوو بۆرخێس لە ئەدەبیاتدا وەپێشکەوێ و پەرەی

[3] - ساڵی ١٩٥٥ بۆرخێس بوو بە مامۆستا ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ئەمریکایی لە زانکۆی بۆئنووس ئایرێس.

[4] - ڕابێرت لوئیس ئیستیۆنسۆن (١٨٩٤ ـ ١٨٥٠) ئەدیبێکی سکاتلەندییە.

پێبدا. هەر بەو ئەدەبیاتەشدا وەدەردەکەوێ کە حەق بە منە. بە ئاسانی دەتوانم ددانی پیادابنێم کە ئەو لاپەڕەگەلێکی زۆر بەنرخی کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەو لاپەڕانە ناتوانن من ڕزگار بکەن. ڕەنگە لەبەرئەوەش کە شتی چاک هی هیچ کەس تەنانەت هی خۆشی نییە. بەڵکوو هی زمان و داب و نەریت و فەرهەنگە. ئەو کاتە من بە حوکمی چارەنووس دەبێ لەنێو بچم، لێشم ڕوونە تەنیا چرکەیەک لە من دەتوانێ لەودا دەوام بێنێ. وردە وردە هەموو شتێک بە ئەو دەسپێرم. ئەگەرچی باش دەزانم خیشەسەرانە خووی بەوە گرتووە کە هەموو شتێک بگۆڕێ و لە هەموو شتێکدا پێی زیادی داکێشێ.

(ئیسپینووزا) دەزانێ کە هەموو شتێک دەیهەوێ بۆ هەمیشە هەر ئەوە بێ کە هەیە. بەرد دەیهەوێ هەمیشە هەر بەرد بێ و بەبریش دەیهەوێ هەر بەبر بێ. من لە بۆرخێس‌دا دەمێنمەوە نەک لە خۆمدا. (ئەگەر بەڕاستی کەسێک بم) بەڵام زۆرکەم خۆم لە کتێبەکانی ئەودا دەبینمەوە، ڕەنگە لە کتێبی دیکەدا یان لە درینگە درینگی ناشییانەی سێ تارێکدا زیاتر خۆم ببینمەوە. چەن ساڵ لەمەوبەر ویستم خۆمی لە چنگ ڕزگار کەم و بەهۆی ئەوسانە و حەقایەتی دەوروبەری شارەکانەوە بەرەو کایە لەگەڵ زەمان و بێبڕانەوە ڕۆیشتم.

بەڵام ئێستا ئەو کایانە هی بۆرخێسن و من دەبێ شتی دیکەبنوێنم. لەبەر ئەوەیە کە ژیانی من بۆتە هەڵاتن و من هەموو شتێک دەدۆڕێنم و هەموو شتێک دەمێنێتەوە بۆ لەبیرچوونەوە یان بۆ ئەو.

نازانم کاممان ئەم دەقەمان نووسیوە.

# فه رهه نگۆک

ئاوەلمە: لەشی نەرم و شل و خۆنەگرتوو، نەمەییو

پلوورە: کەندووی مێشەنگوین

تراوکە: ئاوەکی، تەڕایی، مایعات

تەکووز: ڕێکوپێک، ڕاست

تەنزیل: نەواری پارچەیی

چەپکەن: کراسخەوی ژنانە

چیمەنتۆ: سیمان، سمیت

حەلاو: مەحلوول، تواوە

رمڵ: لم، لیم

شەڵغە: پوورە، پۆلی مێشەنگوین

شەیتانۆکە: حلزون

قسڵ: ئاهەک

قورساخ: بەهەیبەت، بەوەقار

کارابین: جۆرەتفەنگێکی درێژ و سووکەڵەیە

گریمانە: غوددە، لوو، ڕژێنە

لەیستۆک: کەرەستەی کایەی منداڵان

مێمڵ: مزاحیم

مزیڕ: زیاندەر، بەئازار

مژولیایش: وتاردان، «سخنرانی»

مەرایی کردن: ریایی کردن، خۆشئامایی

نەوڕەس: باڵندەیەکە، ماسیگرە

ودم: ئیجازە، ئیزن

هەنتەش: حوزوور

**سەرچاوەکان:**


١. گابریل گارسیا مارکێز ، «پرندگان مرده»، وەرگێڕ: ئەحمەد گوڵشیری، انتشارات نگاه تهران. چاپ اول، ١٣٧٣.

٢. گابریل گارسیا مارکێز، سفر خوش، اقای رئیس جمهور، وەرگێڕ: ئەحمەد گوڵشیری، چاپ اول، تهران ١٣٧٣.

٣. ماهنامەی فرهنگی، اجتماعی، ادبی (کارنامە)، ژمارەکانی «٢٥و٢٦»، «٢٨»، «٣١»، «٣٤و٣٥»

٤. «همه چیز و هیچ چیز»، (کۆمەڵە چیرۆک)، وەرگێڕانی بۆ فارسی: حەسەن ئەفشار، چاپی یەکەم ١٣٧٦ تاران، بڵاوکەرەوەی مەرکەز

٥. «دە داستان» دینۆ بۆتزاتی، وەرگێر بۆ فارسی: والیا، چاپی تاران ١٣٥١ بڵاوکەرەوەی فەرزین.

٦. «جهان داستان کوتاه»، مترجم، ئارتووش بداقیان، نشر نگاه تهران، ١٣٧٦.

٧. «منداڵانیش غەیرە نیزامین» (کۆمەڵە چیرۆک). وەرگێڕانی بۆ فارسی: کاوە کوردوونی, یەحیا نەجەفوەند.چاپی یەکەم ١٣٧٧ بڵاوکەرەوەی پەژوهەندە ـ تاران.